

# سەرۆک بارزانی و هزری ئایدیالیستی ریالیست لە جووڵانەوەی دیپلۆماسی و هەڵوێستی سیاسیدا



هێمن هەورامی
بۆ گوڵانی نووسیوە

بە وردبوونەوە لە هەڵوێست و جووڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆک بارزانی و مامەڵەکردن لەگەڵ هاوکێشەکانی ناوچەکەو نوێنەرایەتیکردنی کورد لە ناو کێشمەکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا، ئەوە دەردەکەوێت کە سەرۆک بارزانی توانیویەتی سەرکەوتووانە میتۆدی ئایدیالیستی ریالیست بکاتە بنەمایەک و بەهۆیەوە پێگەی کورد لە ناوچەکەدا بەهێزتر بکات و کار بۆ ئاسۆو ئاییندەیەکی گەشاوەتر بکات.

ئەگەر تیۆرەکانی پێوەندیی نێودەوڵەتی International Relations لەسەر تیۆری ئایدیالیست لە لایەک و ریالیست لەلایەک ریزبەند کرابن، بە وردبوونەوەیەکی زانستیانە لە دووتوێی هەڵوێست و بۆچوون و سیاسەت و تێڕوانینەکانی سەرۆک بارزانی، بۆمان دەردەکەوێت کە هەم جووڵەی دیپلۆماسی کوردی و سیاسەتکردن لەناو پێوەندییە ئاڵۆزەکانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، سەرۆک بارزانی توانیویەتی میتۆدێکی هەم ریالیست و هەم ئایدیالیست تەوزیف بکات و بە هۆیەوە سیماکانی پێگەو جووڵەو هەڵوێستەکانی کورد لەم قۆناغەدا، ئایدیالیستیەکی ریالیست بێت.

بە فلاشباکێک بۆ لێوردبوونەوە لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی سەرۆک بارزانی لە دەیەکانی رابردووەوە تا ئێستا، روونتر ئەو سیمایانە بە دەردەکەون.

لێکدانەوەو پێشبینییەکانی سەرۆک بارزانی لە کاتی داستانی خواکوڕک بۆ ئایندەی عێراق و ئەو گۆڕانکارییانەی کە روو دەدەن و ئامادەکاری کورد بۆ ئەو قۆناغە، راپەڕین و هەڵوێستی سەرۆک لە مانەوە لە کوردستان و داستانی کۆڕێ و پێشتریش راگەیاندنی تێڕوانینی خۆی بۆ سیستمی حوکمڕانی و ئازادی و هەڵبژاردنی دیموکراسیانەو بە مەرجەع بوونی خەڵك و پێداگیری لەسەر بەهێزترکردنی پایەکانی دامەزراوەکانی هەرێم، هەوڵەکان بۆ یەکگرتوویی سیاسیی کورد، مامەڵە لەگەڵ دەروجیرانەکانی کوردستان و پاراستنی هاوسەنگی، پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی کورد لە هەموو قۆناغەکاندا، پێداگیری لە پاراستنی ئیرادەی نەتەوەیی کورد، پاراستنی کەرامەتی تاکی کوردو هەیبەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکان، نەکەوتنە داوی دروشمبازی و پێداگیریی لەسەر فراوانکردنی دەستکەوتە نەتەوەییەکانی کورد هەنگاو بە هەنگاو، رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ناوەوەو دەرەوە، جەختکردنەوە لە قۆستنەوەی دەرفەتی زیاتر لە رۆژئاوای کوردستان و بە یەکڕیزی مانەوەی هێزەکان و یەکخستنیان، پشتگیری پرۆسەی ئاشتی لە باکوور و پێداگیری لەسەر چارەسەری ئاشتیانە، پرسی ئاڵا، پێشمەرگە، کەرکوک و چەندین پرسی دیکە، لەو بنەما سەرەکیانەن، کە پێکهاتەی ئایدیالیستی هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانییان نەخشاندووە و سەرچاوە فکریەکەشی لە رێبازی بارزانیی نەمرو کوردایەتی هەڵقوڵاوە.

مامەڵەی هاوسەنگ لەگەڵ هاوکێشەکانی ناوچەکەدا، گرتنە بەرچاوی مەوداکانی نێوان ویست و تواناکانی بە دەستهێنانی ویست و خواستەکان، زانینی سەرچاوەی هێزی نەتەوەو هێزەکانی دیکەی ناوچەکە، چاودێرییەکی وردی دۆخی ناوچەیی و جیهانیی و زانینی ریزبەندی هێز و هاوپەیمانێتییەکان، وردبوونەوە لە مەوداکانی کۆکی و ناکۆکی نێوان ناوهاوپەیمانییەکانی ناوچەکە و جیهان، زانینی پێوەرەکانی قازانج و زیان بۆ ئێستاو ئایندەی کوردستان و کردنیان بە بنەمای سەرەکی مامەڵە لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە، گرتنەبەری سیاسەتی بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، گۆڕینی فاکتەری یاری پێکردن بە دۆزی کورد بۆ بە یاریچی بوونی خودی کورد لە ناوچەکەدا، خۆنەدانە دەست قەدەر و جووڵەی دەسپێشخەر لە دیاریکردنی شوێن و بڕو ئاستی گەمەکانی ناوچەکەدا، هەموو ئەمانەش پێکەوە بنەماکانی ریالیست بوونی سیاسەتەکانی سەرۆک بارزانی دەردەخات.

بە وردبوونەوەی زیاتر دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی کە سیمای سیاسەت و تێڕوانینەکانی سەرۆک بارزانی بەوجۆرە بووە کە هیچ وەخت لەسەر حسابی ریالیتەی دەوروبەر قوربانی بە بنەما ئایدیالەکانی کورد نەداوە، هیچ کاتێکیش نەهاتووە تەنیا بە گرتنە بەرچاوی بنەما ئایدیالیەکانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی واقیع و ریالیتی، جووڵەی سیاسی بکات.

ئەوەندەی دەرفەتێکی کورت هەبێت لە وتارێکی رۆژنامەوانی، تەنیا چەند نموونەیەک لە هەڵوێست و بۆچوون و جووڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆک بارزانی دەخەینەڕوو بۆ سەلماندنی ئەو پێشەکییە تیۆرییەی کە خستمانەڕوو..

## بزاوتە دیپلۆماسییەکان

سەردانەکانی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی بۆ فەرەنسا، ئوردن، ئیتاڵیاو ڤاتیکان بەردەوامی ئەو بزاوتە هاوسەنگەیە کە سەرۆک بارزانی دەیگرێتەبەر. دانانی ئاڵای کوردستان و مامەڵەی پرۆتۆکۆلی سەرۆک دەوڵەت بە هەموو وردەکارییەکانی پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسییەوە لەگەڵ سەرۆک بارزانی، دەتوانرێت بە بەرهەمی سەرکەوتووانەی ئەو سیاسەتە بدرێتە قەڵەم.

لەسەر ئاستی هەرێمایەتی سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەسەر بنەمای هاوسەنگی دامەزراوە، بە جۆرێک کە هیچ وەخت هەرێمی کوردستان پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتێك لەسەر حسابی وڵاتێکی دیکە

**سیمای سیاسەت و تێڕوانینەکانی سەرۆک بارزانی بەوجۆرە بووە کە هیچ وەخت لەسەرحسابی ریالیتەی دەوروبەر قوربانی بە بنەما ئایدیالەکانی کورد نەداوە، هیچ کاتێکیش نەهاتووە تەنیا بە گرتنە بەرچاوی بنەما ئایدیالیەکانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی واقیع و ریالیتی، جووڵەی سیاسی بکات**

**پاش دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو قۆناغە نوێیە، لەهەر کات زیاتر کورد پێویستی بە یەکڕیزی هەیە، ئەمەش هەم وەک بنەمایەکی سەرەکی ئایدیالیستی بۆ یەکێتی کوردو توانای کورد، هەم بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی یەکگرتووانەی ئەو دۆخەی ئێستای عێراق**

**سەرۆک بارزانی لە دیمانەیەکی لەگەڵ سکای نیوزی عەرەبی کە لە ٢٠١٤/٤/١٣ دا پەخش کرا رایگەیاند: ئەگەر هاوبەشی راستەقینە نەبین لە کۆنفیدرالی کەمتر رازی نابین و ئەم بابەتەش دەبێتە بابەتێکی جددی و دەخرێتە بەردەم پەرلەمان و لەوانەشە بخرێتە بەردەم گەلی کوردستان بۆ ریفراندۆم**

**سەردانەکانی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی بۆ فەرەنسا، ئوردن، ئیتاڵیاو ڤاتیکان بەردەوامی ئەو بزاوتە هاوسەنگەیە کە سەرۆک بارزانی دەیگرێتە بەر. دانانی ئاڵای کوردستان و مامەڵەی پرۆتۆکۆلی سەرۆک دەوڵەت بە هەموو وردەکارییەکانی پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسییەوە لەگەڵ سەرۆک بارزانی دەتوانرێت بە بەرهەمی سەرکەوتووانەی ئەو سیاسەتە بدرێتە قەڵەم**

پەرەپێنادات و بە هەمان شێوە لەبەرخاتری هیچ وڵاتێك، پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هیچ وڵاتێکی دیکە تێک نادات. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەوڵدراوە، کە هاوسەنگی بپارێزرێت و ریالیتەی نێودەوڵەتی لەبەرچاو بگیرێت. بە جۆرێک لە نێوان زلهێزەکانی جیهانیشدا کورد توانیویەتی جۆرێک لەهاوسەنگی بپارێزێت و لە درێژبوونەوەی هەژموونی ئەو زلهێزانە بۆ ناوچەکە، دیسان کورد نەبێتە بەشێک لە هاوکێشەیەک، کە لایەنی دیکە وەها لێکی بداتەوە کە لەسەر حسابی ئەوانی دیکە بووە.

لەسەر پرسی سوریا، پێگەو هەڵوێستی هەرێمی کوردستان چ بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی سوری و چ بەرامبەر رژێمی سوریا بە هەمان شێوە لەسەر بنەمای ئایدیالیستی ریالیست بونیاد نراوە. هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانی لەمەڕ سوریا بەو جۆرە بووە، کە دەبێت کورد بە مافەکانی خۆی بگات، شێوازی سیستەمی حوکمڕانی و ئایندەی سوریا دەبێت گەلانی سوریا خۆیان بڕیاری لێ بدەن، لەگەڵ ئەوەش نە رژێمی سوریا دەتوانێ دۆخەکە بگەڕێنێتەوە پێش مانگی ئاداری ٢٠١١ و نە ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەتوانێت دۆخەکە بە لایەکدا بخات، بۆیە لەگەڵ چارەی سیاسی بووین. سەرکەوتوویی خوێندنەوەکانی سەرۆک بارزانی بۆ هاوکێشەکانی ناوچەکە و سوریا لەوەدا بە تەواوەتی دەرکەوت، کە لە سەروبەندی مونتەدای داڤۆس کە گفتوگۆکانی جنیف٢ بەڕێوە دەچوو، سەرۆک بارزانی رایگەیاند ئەم گفتوگۆیانە بە ئەنجامێک ناگەن، ئەوە بوو پاش نزیکەی مانگێک دەرکەوت کە گفتوگۆکان شکستیان هێناو بەم دواییانەش ئەخزەر ئیبراهیمی نێردراوی نێودەوڵەتی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند بەهۆی شکستی گفتوگۆکانی جنیڤ ٢.

### دۆخی عێراق و هەڵوێستی کورد

ئەگەر هەندێک لە هەڵوێست و لێکدانەوەکانی سەرۆک بارزانی لەمەڕ دۆخی عێراق و پێگەی کوردو ئایندەی کورد وەرگرین، بە هەمان شێوە بنەماکانی ئایدیالیستی ریالیستمان بۆ دەردەکەوێت لە دوای ٢٠٠٣وە سیاسەتی فەرمی هەرێمی کوردستان ئەوە بووە کە نەبێت بە بەشێک لە ململانێی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە لە عێراق و لەسەر حسابی هیچ لایەکیان سیاسەت و جووڵە بەرامبەر لایەکەی دیکە نەکات لەگەڵ ئەوەش سروشتی هاوپەیمانێتییەکانی بەغدا هەرچۆن بووبن و لە هەرلایەک پێکهاتبن، هەڵوێستەکانی هەرێمی کوردستان کە سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێم گرتوونیەتە بەر، دەرخەری ئایدیاکان و زانینی ریالیتەی دۆخەکە بوون، رەنگە لێرە پێویست بە دووبارەکردنەوەی یەک بە یەکی قۆناغەکانی پاش ٢٠٠٣ نەکات و خەڵك و مێژوو شاهیدن کە چۆن سەرۆک بارزانی مامەڵەی لەگەڵ بەغداو حوکمڕانانی کردووە، هەر لە بریمەرەوە تا مالیکی ئێستا لە دوایین هەڵوێست و لێدوانەکانی سەرۆک بارزانی و گرتنەبەری هەنگاوی دیکە بۆ رەنگرێژکردنی جووڵەکانی کورد لە ئایندەیەکی نزیکدا، سوود لە بەشێک لە لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆک بارزانی وەردەگرین و بنەماکانی ئایدیالیستی ریالیستیان لێهەڵدەهێنجێنین.

لە میانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی الحیاة ژمارە ١٨٦٢٨ لە ٢٠١٤/٤/٥ دا سەرۆک بارزانی بە راشکاوی رایدەگەیەنێت کە((چۆک دانادەین و رێگا بەکەس نادەین هەیبەتی هەرێم بشکێنێت یان لە کەرامەتی دانیشتووانی کەم بکاتەوە، نابینە پاشکۆ، هاوبەشی و هاوپەیمانی بەسەرچاو، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نابینە پاشکۆ. جیهان گۆڕدراوە، گەلان لە هەستانەوەدان، کەسێک ناتوانێت هیچ کەسێک بۆ هیچ شتێک ناچاربکات، هەڵسوکەوتی تاکەکەسی، بڕوا نەبوون بە دیموکراسییەت، قبوڵنەکردنی لایەنی بەرامبەر، کەلتوری حوکمی شمولی رەتکردنەوەی بەرامبەر لە بەغدا هەیە)) بە هەمان شێوە سەرۆک بارزانی لە دیمانەیەکی لەگەڵ سکای نیوزی عەرەبی کە لە ٢٠١٤/٤/١٣ دا پەخشکرا رایگەیاند: ئەگەر هاوبەشی راستەقینە نەبین لە کۆنفیدرالی کەمتر رازی نابین و ئەم بابەتەش دەبێتە بابەتێکی جدی و دەخرێتە بەردەم پەرلەمان و لەوانەشە بخرێتە بەردەم گەلی کوردستان بۆ ریفراندۆم، پێویستە ناوچەکە لەسەر بنەمای یەکێتیی ئارەزوومەندانە دابڕێژرێتەوە. بارودۆخی ئێستا بارودۆخێکی تازەیەو لە رابردوو جیاوازەو دەرفەتێکی گەورەیە بۆ کورد. ئێستا بارودۆخەکە وەک دەرفەتێکی باش بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکە لە ئارادایە، سالانی داهاتوو، زیاترو زیاتر سیستەمەکان رەنگدانەوەی فرەیی دەبن و رێژی لێدەگرن و دانپێدانان دەبێت بە گرووپە جیاوازەکاندا لەتێڕوانینی سەرۆک بارزانی بۆ دۆخی ئێستای عێراق و چۆنیەتی مامەڵەی کورد لەگەڵ ئاراستەکانی لەمەودوا، لەهەردوو دیمانەکەی لەگەڵ الحیاة و سکای نیوزی عەرەبی و ئاژانسی رۆیتەرز، سەرۆک بارزانی پێی وایە کە:

- عێراق بەرەو ترازانە، ناسەقامگیری زۆر هاتووەتە ئارا.

- پرۆسەی سیاسی لەسەر لێواری شکستهێنانە، ئەو شێوازە فیدرالییەی لەسەری رێککەوتین ئێستا بوونی نییە، ئەوەی هەیە فیدرالی نییە، دەستبەسەرداگرتنی دامودەزگای حکومەت و قۆرخکردنی دەسەڵاتەو فیدرالیزم وەلانراوە و پشتگوێخراوە.

**سروشتی هاوپەیمانێتییەکانی بەغدا هەرچۆن بووبن و لە هەرلایەک پێکهاتبن، هەڵوێستەکانی هەرێمی کوردستان کە سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێم گرتوونیەتە بەر، دەرخەری ئایدیاکان و زانینی ریالیتەی دۆخەکە بوون**

- دەیانەوێت حوکمی مەرکەزی جارێکی دیکە بەسەرهەرێمدا بسەپێنن، فیدرالیزم لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ بکەنەوەو هەرێم وەک پارێزگایەک مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

- زۆر ئاراممان گرت، بەرگەی زۆر شتمان گرت، هەوڵی چارەسەری گرفتەکانماندا، لیژنەمان پێکهێنا، ڕێککەوتنمان ئیمزا کرد، هەمووی بێسوود بوو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانە، پاش دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو قۆناغە نوێیە، لەهەر کات زیاتر کورد پێویستی بە یەکڕیزی هەیە، ئەمەش هەم وەک بنەمایەکی سەرەکی ئایدیالیستی بۆ یەکێتیی کوردو توانای کورد، هەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی یەکگرتووانەی ئەو دۆخەی ئێستای عێراق. بۆیە بە دەستپێشخەری سەرۆک بارزانی، خۆشبەختانە سەرجەم هێزە کوردییەکان، پێکەوە کۆبوونەتەوە، شاندی هاوبەش بۆ گفتوگۆ پێکهێنراوە. ئەم شاندەش لە بەردەم ئەرکێکی گەورەیە، ئایا دەتوانرێت بنەمایەک بدۆزنەوە بۆئەوەی ئەزموونی شکست خواردووی ١٠ساڵی ڕابردووی نێوان هەولێر- بەغدا کۆتایی پێبێنن؟ ئایا دەتوانن شێوازی هاوبەشی کورد لە عێراق و مافە دەستوورییەکانی مسۆگەر بکەن؟ کەی و چۆن و لەگەڵ کێ؟ بە چ گەرانتییەک؟

خۆ ئەگەر نەتوانرا لانی کەمی بەشی هەرەزۆری ویست و خواستەکانی کورد بهێنرێتە دی، ئایا ئەو کات هەموو هێزە کوردییەکان دەتوانین هەموومان پێکەوە بۆ پەرلەمان و گەلی کوردستان بگەڕێینەوەو ڕێگاکانی کۆتایی هێنان بە ئەزموونی شکستخواردووی ١٠ ساڵی ڕابردوو بهێنین؟

لەناو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناوچەکدا هەن، ئەو جووڵەیەی کە لەسەر ئاستی ستراتیژی گەمە گەورەکانی ناوچەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەچێت، ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە سەرزەمینە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ناوچەکەدا هاتووە، کۆمەڵێک دەرفەت بۆ کورد دێنێتە پێش. لە بارەی ئەوەی کە ئەم گۆڕانکاریانەی ناوچەکە کەی سەربەخۆیی بۆ کوردستان دێنێتە دی؟ سەرۆک بارزانی لە دیمانەکەی سکای نیوزی عەرەبیدا لە ٢٠١٤/٤/١٣دا ڕایگەیاند:((دڵنیام لە نێوان ئایندەیەکی نزیک و ئایندەیەکی دوور، سەربەخۆیی کوردستان دێتە دی، بێگومانم لەوەی سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەیە)).

---

*** بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی پ. د. ک**







# تێڕوانینی دووجەمسەرییانەی ئەمریکا بۆ عێراق



**دەیڤید ڕۆمانۆ**
**(ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری)**

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

پتر لە یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی کوردستانی عێراق لە بەندەری جەیهانی تورکیاوە بارکراون، ئەم کارەش بەبێ ڕەزامەندی بەغدا روویدا، لەم بارەیەوە ئەمریکا لە پڕێکدا هەستی بە مەترسی کرد، بۆ ئەو مەبەستەش دوودڵی نەکرد لەوەی گوزارشت لە نیگەرانییەکانی خۆی بکات، هەربۆیە ئەوەی راگەیاند کە ((ئەمریکا بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی عێراقی پشتیوانی لە هەناردەکردنی-نەوت-ی هەرێمی کوردستان ناکات)).

هەمیشە ئەمریکا پشتیوانی لەقنەبووی خۆی بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق دووپات کردۆتەوە. کە پێدەچێت ئەمە بەو شێوەیە لێکدرابێتەوە کە پشتیوان و پاساوێك بێت بۆ پاڵپشتی کردنی نزیکەی تێکڕای کار و کردەوەکانی حکومەتی مەرکەزی بەغدا. ئەمە لە کاتێکدا باش دەبوو کە ئەمریکا بە هەمان شێوەو بە هەمان ئاستەوە پشتیوانی لە یەکپارچەیی دەستوور بکردایە.

بەڵام پێدەچێت ئەمریکا قسەیەکی کەمتری هەبێت هەر کاتێك حکومەتەکەی مالیکی ژمارەیەك ماددەو برگەی دەستووری عێراقی پێشێل کردبێت، هەر لە ڕێگری کردن لە پارێزگاکانی دیکە بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان و دانانی فەرماندەی سەربازی نوێ بە ڕەزامەندی پەرلەمان، تاوەکو کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی قەزائیی سەربەخۆ و کۆمسیۆنە سەربەخۆکانی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە، لەگەڵ پێداگیری بەغدا لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی قۆرخکردنی سەرچاوەکانی نەوت و غازی هەیە.

ئەگەر لە ساڵی ٢٠١٢دا حکومەتەکەی مالیکی کرێی ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی بدایە کە لە کوردستان کار دەکەن، یاخود ئەگەر بەشە بودجەی ئەمساڵی هەرێمی نەبڕیایە، ئەوا ئێستا کورد بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەستیان نەدەکرد بە هەناردەکردنی نەوت. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانی زیاترە بریتییە لە پشتگوێخستنێکی ئاشکرای دەستوور لەلایەن ئەمریکاوە، چونکە خودی ئەمریکا خۆی هاوکارییەکی زۆری کرد لە داڕشتنی دەستووری عێراقدا.

دەستوور گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، بوار و دەرفەت بە سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و سیستمی سیاسی دەدات هەست بە دڵنیایی بکەن، لەبەر ئەوەی هەموو لایەکیان «ڕێساکانی گەمەکە» دەزانن، هەروەها دەستوور سنوورێك دادەنێت کە لە لوتکەی سیستمی سیاسیداو لە هەر ساتەوەختێکدا دەسەڵات خراپ بەکار نەهێنرێت. کورد رازی بوون




بەوەی وەك بەشـــێك لە عێراقدا بمێننەوە، لەبەر ئەوەی دەســـتوورێكیان پەســـەند كرد، كە لەلایـــەن لە ٧٩٪ی دەنگدەرانی عێراقەوە دەنگی بۆ درا، لە راپرســـیەكەی ساڵی ٢٠٠٥دا، ئەم دەستوورەش بەرژەوەندیەكانی ئەوانی دەپاراست.

رەنگە لەمـــڕۆدا جگە لە حزبی دەعوەی ســـەرۆك وەزیران مالیكی، كـــەس نەبێت ناكۆكی لەگەڵ ئەوەدا هەبێت كە بە چەندین شـــێواز دەستوور فەرامۆش كراوە و پشتگوێ خراوە لەلایەن حكومەتی ئێستاوە. ئەمەش پێداگیـــری ســـەرۆك وەزیران، نوری ئـــەل مالیكی و وەزیری وزە، شەهرســـتانی دەگرێتەوە، كە بانگەشەی ئەوەیان دەكرد گوایە بەبێ بەغدا، كورد ناتوانن پەرە بە كێڵگە نوێیەكانی نەوتی خۆیان بدەن، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ماددەی ١١٢ی دەســـتوور تەنیا دەســـەڵات بە بەغدا دەدات بەســـەر «كێڵگەكانی ئێستاوە» (ئەمەش بـــە مانای ئەو كێڵگانە دێت كە لەو كاتەدا بەرهەمیان هەبوو كە دەســـتوور چووەتە بواری جێبەجێكردنەوە لە ساڵی ٢٠٠٦دا).

ئەگەر ئەمریكیەكان لەم پرسەدا لایەنگیری كوردیان بكردایـــە، واتە كاتێك كە دەســـتیان كرد بە پەرەپێدانی كێڵگە نوێیەكانی خۆیان لە ساڵی ٢٠٠٧دا، ئەوا ئێستا بە خۆشـــحاڵیەوە بەشدار دەبوون لە هەناردەكردنی نەوت و غازی عێراقدا.

بە رەچاوكردنی ئـــەوەی ئەمریـــكا دوو تێڕوانینی هەیە، لە ئاســـت عێراقدا، كە لەلایەكەوە یەكپارچەیی خاكی وڵاتەكە بە پرســـێكی پیرۆز دادەنێت، بەڵام ئەو دەستوورە بە پیرۆز نازانێت كە ئەم خاكە بە یەكپارچەیی دەهێڵێتەوە، كورد ئەو كارەیان كرد، كە هەر كەســـێكی ژیرو عاقڵ دەیكرد ئەگەر لە بارودۆخی ئەواندا بووایە: ئەوان واشنتۆنیان پشـــتگوێ خست و دەستكەوتێكیان لەبەرامبەر ئەمریـــكا و بەغدادا بەدەســـت هێناوە كە قابیلی پێچەوانە كردن نەبێت.

ریشەی ئەم سەرسوڕمانە لەو راستیەدایە كە ئەگەر دەستوور بایەخپێدانێكی كەمی پێ بدرایە لەلایەن بەغدا و ئەمریـــكاوە، ئەوا ئێســـتا یەكپارچەیی خاكی عێراق نەدەكەوتە ژێر پرسیارەوە. ئێستاش كە كورد لەسەروبەندی ئەوەدایە بە شێوەیەكی سەربەخۆ نەوت هەناردە بكەن و داهاتی ســـەربەخۆیان هەبێت، و مالیكیش لە هەوڵی ئەوەدایـــە بۆ جاری ســـێیەم ببێتەوە ســـەرۆك وەزیران، ئەمەش وا دەكات لە ئێســـتادا جیابوونەوەی كورد وەك ئەگەرێكی روون لێی بڕوانرێت.

ئەگەرچـــی حكومەتی بەغـــدا رایگەیاندووە كە بە دوای دادوەریكردنـــدا دەگەڕێت بۆ ئـــەوەی رێگە لە فرۆشـــتنی نەوتی كورد بگرێت، بـــەڵام من گومانم هەیە كە ئەم هەوڵە ســـەركەوتوو بێت. بەغدا ناتوانێت دەســـتوور و بنەماكانی عێراقێكی یەكگرتوو بە بڕینی بەشە بودجەی كوردستان بپارێزێت، چجای بێت و پەنا بباتە بەر دەســـتوور و بنەماكانی عێراقێكی یەكگرتوو بۆ ئەوەی كورد لە مافی هەناردەكردنی نەوتی خۆیان بێبەش بكات.

**بەغدا ناتوانێت دەستوور و بنەماكانی عێراقێكی یەكگرتوو بە بڕینی بەشە بودجەی كوردستان بپارێزێت، چجای بێت و پەنا بباتە بەر دەستوور و بنەماكانی عێراقێكی یەكگرتوو بۆ ئەوەی كورد لە مافی هەناردەكردنی نەوتی خۆیان بێبەش بكات**

# عێراقی فیدراڵ یاسای نەوت و گازی نییە

# بە یاسای نەوت و گازی بەعس هەڕەشە لە کوردستان دەکات



هەر لایەنێـــك بـــۆ یەكپارچەیی عێراق دەگـــری، دەبێت هاوكاری عێراقیەكان بێت بۆ ئەوەی دەستووری عێراق وەك ئەوەی عێراقیەكان پەسەندیان كردووە جێبەجێ بكرێت، ئەم دەســـتوورە وەك ئەو دیكۆمێنتە ســـەیر بكرێت كە تەواوی نەخشـــەی ڕێگەی بۆ عێراقێكی فیدرالی و دیموكراتی و فرەیی و ئارەزوومەندانە دیاریكردووە.

لە تێڕوانینی كوردەوە بۆ ئاینـــدەی عێراق، جێبەجێكردنی دەستووری عێراق، كلیلی مانەوەی عێراقە بە یەكپارچەیی، بەڕێز مســـعود بارزانی لە نیســـانی ٢٠١٢ ڕاشكاوانە لە كۆشكی سپی ئەم ڕاستیانەی بە باراك ئۆباما‌ی سەرۆكی ئەمریـــكا و جۆزیف بایدنی جێگری ســـەرۆك و، وەزیری دەرەوە و تـــەواوی ئیدارەی ئەمریـــكا ڕاگەیاندووە، بەوەی ئەگەر سیاســـەتی تاكڕەوی مالیكی بەردەوام بێت و پابەند نەبێت بە جێبەجێكردنی دەســـتوور و ئـــەو ڕێككەوتنانەی ئیمزای كـــردووە، ئەوا ئەو ناچارە ئەم پرســـە ڕووبەڕووی كوردستان بكاتەوە و گەلی كوردستان هەر بڕیارێك بدات، ئەوا مســـعود بارزانی وەك ســـەرۆكی هەرێمی كوردستان بڕیاری گەلی خۆی جێبەجێ دەكات.

هەر لەو ســـەردانەیدا بۆ ئەمریكا، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەلایەن ئامۆژگای واشنتۆن بۆدیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك كۆڕێكی بۆ ئامادەكرا، لەم كۆڕەدا بەڕێز بارزانی زۆر ڕاشـــكاوانە هەڵوێستی گەلی كوردســـتانی ســـەبارەت بە ئایندەی عێراق خستەڕوو، بە هەمووانی ڕاگەیاند، ئایندەی عێراق بەندە بە جێبەجێكردنی تـــەواوی دەســـتووری عێـــراق، عێـــراق وەك دەوڵەتێكی دیموكراتـــی و فیدرالی یەكپارچە دەبێت، بەڵام ئەگەر بووە دەوڵەتێكی ســـەنترالی و دیكتاتۆری، ئـــەوا كورد نابێتە بەشێك لەو دەوڵەتە، ئەوانەی مەبەستیانە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و كوردی، دووبارە گوێبیستی قسەكانی مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بێت، كە پێش زیاتر لە دووساڵ چی بە ئیدارەی ئەمریكی و ڕای گشتی ئەمریكا وتووە، دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم لینكە جارێكی دیكە گوێی لێبگرێتەوە:

http://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/iraqi-kurdistan-as-u.s.-ally-and-partner-in-the-middle-east

**جیهان بەرهەمی سیاسەتی بارزانی لە حكومڕانی دەبێنیت كە چۆن، ئاراستەی ناسەقامگیری گۆڕیوە بۆ سەقامگیری، هەروەها چۆن ئاراستەی چارەسەركردنی كێشەكانی لە ڕێگەی سەربازییەوە گۆڕیوە بۆ زمانی دیالۆگ و ئاشتیانە**

ئەملۆژیكەی بارزانی لەسەر ئاستی جیهان بۆ ناساندنی شكۆ و ئیرادەی گەلی كوردستان پیشانی دەدات، ڕەنگدانەوەی تەرجەمەكردنی ئەو سیاســـەتەیە كە حكومڕانی هەرێمی كوردستانی لە سایەی سیاســـەتی بارزانی پێدەناسرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی جیهان بەرهەمی سیاســـەتی بارزانی لە حكومڕانی دەبێنیت كە چۆن، ئاراستەی ناسەقامگیری گۆڕیوە بـــۆ ســـەقامگیری، هەروەها چۆن ئاراســـتەی چارەسەركردنی كێشەكانی لە ڕێگەی سەربازییەوە گۆڕیوە بۆ زمانی دیالۆگ و ئاشـــتیانە، هەموو جیهان دەبینێت، سیاســـەتی بارزانی چـــۆن پێكدادانی ئیتنـــی و ئاینیی

**بیرمەندانی سیاسیی و داڕێژەرانی سیاسەت لەسەر ئاستی جیهان، هێز بەو مانایە پێناسە دەكەن كە توانای ئاراستەی گۆڕینی بارودۆخ و چارەسەركردنی كێشەكانی هەبێت**



**ئەمرۆ جیهان بەدوای شێوازی بەرهەمهێنانی ئەو هێزە سەرکەوتووانە وێڵە کە توانای ئەوەی هەیە، دەوڵەتی سەرکەوتوو لەسەدەی بیست و یەکەم بونیاد بنێیت و بەڕێوەی بەرێت**

**کاتێک لەگەڵ بیرمەندانی هاوشێوەی ئیتمارا رابینۆڤیچ و کینس پۆلاک و دیڤید پۆلۆک و جامس دۆبینز و لیسلی گلپ و ئەنتۆنی کوردسمان و دەیان بیرمەندی دیکە لەسەر ئاستی جیهان، باس لە شێوازی حکومڕانی بارزانی دەکەین، ئەوا لە وەڵامدا پێمان دەڵێن:(بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ هەموو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستمان بەچەند سەرۆکێکی هاوشێوەی بارزانی-یە)**

و نەتەوەیی گۆڕیوە، بۆ لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

## مانای هێز لە سیاسەتی هاوچەرخدا

لەسەر ئاستی بیرمەندانی سیاسیی و دروستکەران و داڕێژەرانی سیاسەت لەسەر ئاستی جیهان لە سەدەی بیست و یەکەمدا، پێناسەی هێز گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئیدی چیدیکە هێز بە پێناسە نەریتیەکەی پێناسە ناکرێت، راشکاوانەتر چیدیکە ئەمریکا بە سۆپەر پاوەر ناوزەد ناکرێت لەبەر ئەوەی سەدان کەشتی فڕۆکە هەڵگری لە ئۆقیانووسەکان هەیە، یان ئەمریکا بەوە نابێتە سۆپەر پاوەر لەبەر رۆکێتی کیشوەربڕی کرۆزی هەیە.
ئەم گۆڕانکارییە لەمانای هێز هەروا لە خۆڕا دروست نەبووە، لەبەر ئەوەی سەدەی بیست و یەکەم هێزێکی بەرهەم هێناوە، کە کەشتیە فڕۆکە هەڵگرەکانی ئۆقیانووسەکان و رۆکێتە کرۆزە کیشوەربڕەکانی ئەمریکا لە ئاستیاندا کار ناکەن، بۆیە بیرمەندانی سیاسیی و داڕێژەرانی سیاسەت لەسەر ئاستی جیهان، هێز بەو مانایە پێناسە دەکەن کە توانای ئاراستەی گۆڕینی بارودۆخ و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەبێت.
کەواتە لە مەفهومی جیهانی تازە بۆ چەمکی هێز، هێز دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر، هێزی سەرکەوتوو لەگەڵ هێزی فاشیل، کە یەکەمیان هێزی سەرکەوتوو دەوڵەتی هاوچەرخی سەرکەوتوو بونیاد دەنێت و ئەوی دووەمیان دەوڵەتی لاواز و لەبەریەکهەڵوەشاوەو فاشیل.
فرانسیس فۆکۆیاما بیرمەندی ناسراوی ئەمریکی، گەورەترین کێشەی سەدەی بیست و یەکەم بە دەوڵەتە لاواز و لەبەریەکهەڵوەشاو و فاشیلەکانەوە گرێدەداتەوە.
هەربۆیە ئەمرۆ جیهان بەدوای شێوازی بەرهەمهێنانی ئەو هێزە سەرکەوتووانە وێڵە کە توانای ئەوەی هەیە، دەوڵەتی سەرکەوتوو لەسەدەی بیست و یەکەم بونیاد بنێیت و بەڕێوەی بەرێت.
لەم حاڵەتە ئەگەر پێویست بێت پەنا بۆ هێنانەوەی نموونەیەك ببەین، دیارە دوایین کتێبی (لی کوان یو)ی سەرۆك وەزیرانی پێشووی سەنگافورا کە بە ناونیشانی (تێڕوانینی تەنیا پیاوێك بۆ جیهان) کە لەناوەڕاستی ٢٠١٣ بڵاوی کردۆتەوە، هەروا بە ئاسانی باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا لەسەری نانووسێت (کاتێك لی کوان یو قسە دەکات، دەبێت هەموو جیهان گوێی بۆ رادێرێت)، لەم حاڵەتە ئەگەر بە پێناسە نەریتیەکەی هێز بەراورد لەنێوان هێزی سەنگافورا و هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، ئەوا سوپای سەنگافورە تەنیا هێندەی ژمارەی ئەو سەربازانەی ئەمریکا نابن کە لە گرین زۆنی بەغدا پاسەوانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا دەکەن، یان هێندەی ژمارەی ئەو سەربازانەی ئەمریکا نابن کە هەتا ئێستاش لە سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشور بوونیان هەیە.

بەڵام بە پێناسە تازەکەی هێز بەوەی سەرچاوەی هێزی سەرکەوتوو (لۆژیك و مەعریفەیە) ئەوا هەموو جیهان لی کوان یو لە باراك ئۆباما بە بەهێزتر سەیر دەکەن، بۆ سەلماندنی ئەم بەراوردە سادەیە، خوێنەری ئەم دێڕانە دەتوانێت لە یوتیوب (YouTube) بگەڕێت، بزانێت، چ پرسیارێك رووبەڕووی لی کوان یو دەکرێتەوە و چ پرسیارێك رووبەڕووی باراك ئۆباما دەکرێنەوە، نموونەی سادە بۆ ئەم باسە بەیەك بەراورد ئاماژە پێدەکەین:

- ئێستا لە (لی کوانی یو) دەپرسن ئەگەر تۆ سەرۆکی چین، یان هیندستان، یان عەرەبستانی سعودیە بوویتایە، چۆن هەریەك لەم وڵاتانەت وەك سەنگافورای نموونەی دەوڵەوتێکی سەرکەوتوو بونیاد دەنایەوە.
- لەبەرامبەردا بیرمەندانی ئەمریکی ئەو پرسیارە لە باراك ئۆباما دەکەن، کە سیاسەتی دەرەوەت بەرهەمی نییە، بۆ هەوڵنادەیت سیاسەتێك بەهەرم بهێنیت کە بتوانێت کێشەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان چارەسەر بکات.

## هەرێمی کوردستان لەناو پێناسەی تازەی هێزدا

پێدەچێت ئەوانەی ئێستا لەبەغدا حکومڕانی دەکەن، هێشتا هەر بەوجۆرە لەمانای هێز تێبگەن کە بە میتۆدە نەریتیەکەی پێناسە دەکرێت، هەربۆیە خۆبەستنەوەیان بەچەمکی دەوڵەتی سەنترالی و خۆسەپاندن و تێڕوانینی خۆبەزلزانین لە ئاستی پێکهاتەکانی دیکەی وڵات، رەنگدانەوەی هەموو گوتارە سیاسییەکانیان و هەموو رەفتارە سیاسییەکانیان و زمانە توندو زبرەکانیانە. لەبەرامبەری ئەم ئەقڵیەتە نەریتیە، جیهان سەرقاڵی ئەوەیە چۆن هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئەو نەخشە سیاسییە چارەسەر بکات، کە ئەو ناسەقامگیرییەی لەناوچەیەکی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکردووە.
بۆیە کاتێك لەگەڵ بیرمەندانی هاوشێوەی ئیتمارا رابینۆڤیچ و کینس پۆلاك و دیڤید پۆلۆك و جامس دۆبینز و لیسلی گلپ و ئەنتۆنی کوردسمان و دەیان بیرمەندی دیکە لەسەر ئاستی جیهان، باس لە شێوازی حکومڕانی بارزانی دەکەین، ئەوا لە وەڵامدا پێمان دەڵێن:(بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ هەموو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستمان بەچەند سەرۆکێکی هاوشێوەی بارزانی-یە).
پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمرۆ جیهان چ جۆرە هێزێکی پێویستە بۆ ئەوەی لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودی لێوەربگرێت؟ بێگومان رەوتی رووداوەکان پێمان دەڵێت:(جیهان پێویستی بە شێوازی ئەو هێزە هەیە کە لۆژیك و سیاسەتی بارزانی بەرهەمی هێناوە).
ئەگەر لەم راستەوە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا هەتا ئێستا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێجگە لە لۆژیکی بارزانی، سەرچاوەیەکی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو هێزە سەرکەوتووە هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە پرسیارێکی

باڵیۆز مارتن ئەندیك بیرمەند و دیپلۆماتکاری گەورەی ئەمریکی دەدەینەوە کە لەساڵی ٢٠١٠ لە کۆڕێکی ئامۆژگای برۆکینگز بەناونیشانی (هەڵسەنگاندنی ئایندەی عێراق لەگەڵ بارزانیدا) لەسەرۆك بارزانی کرد و لێی پرسی: جەنابی سەرۆك چۆن دەتوانین سوود لە ئەزموونی تۆ وەربگرین بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران؟، لێرەدا من نامەوێت وەڵامەکەی بارزانی بۆ ئەم پرسیارە بنووسمەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستێتی دەتوانێت لەم لینکە تەواوی کۆڕەکە بە کوردی و ئینگلیزی گوێی لێبگرێتەوە:( «http://www.brookings.edu/events/2010/01/27-kurdistan»). دیارە لێرەدا گرنگە خوێنەری ئەم دێڕانە ئەو راستیە بزانێت، کە کەسێکی وەك باڵیۆز مارتن ئەندیك خۆی خاوەنی تیۆر و سیاسەتی ئیحتواکردنی دوولایەنەی عێراق و ئێران (Dual containment)بووە کە لە ساڵی ١٩٩٣ دایڕشتووە.

هەڵوەستەکردن و تێڕامانی جیهان لە هێزە سەرکەوتووەکەی بارزانی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وایکردووە دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی ئەورووپای ناوەڕاست و رۆژئاوا، رۆژهەڵاتی ئاسیا، کەنەدا و ئەمریکا، تەنانەت هەندێك لەو دەوڵەتە عەرەبیانەی وەك ئوردن و سعودیە، ئیمارات و کوەیت و قەتەر، کە بەتەنگ سەقامگیری و ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەن، بەرێزەوە سەیری ئەم هێزە بکەن و بەرێزەوە گوێ بۆ بارزانی بگرن.

خۆ ئەگەر لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی نیسانی ئەمساڵیشەوە، سەیری گەشتەکانی بارزانی بۆ وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپی بکەین، بەراشکاوی هەست دەکەین، ئەو دەوڵەتانەی مەبەستیانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی سەقامگیری هەبێت، لەناو هەموو سەرکردەکانی عێراقدا، گوێ لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەگرن و دەیانەوێت لەروانگەی بارزانییەوە ئایندەی عێراق ببینن، یان لەسەر تێڕوانینەکانی بارزانی هاوکاری تێکڕای گەلانی عێراق بکەن و هاوکاری عێراقیەکان بکەن بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق راستبکرێتەوە، لەمەش گرنگتر وتارەکەی رۆژی هەینی رابردوو (٢٠١٤/٥/٣٠) شێخ مەهدی کەربەلاییە، کە لە گوتاری هەینیدا بۆچوونی سەماحەتی ئایەتوڵڵا سیستانی راگەیاند، بەوەی عێراق پێویستی بە حکومەتی شەراکەتی راستەقینەی نێوان هەموو پێکهاتەکانە، نەك حکومەتی زۆرینەی سیاسیی، هەروەها رایگەیاند لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم، کێشەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان چارەسەر بکەن، ئەمە مانای ئەوەیە چۆن ئایەتوڵڵا سەید موحسین حەکیم لە پەیامەکەی جەنابی مستەفا بارزانی تێگەیشت و هەڵوێستی خۆی جوامێرانە پیشاندا، بەهەمان شێوە سەماحەتی ئایەتوڵڵا سیستانیش لە پەیامەکەی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تێگەیشتووە.

لەم بارودۆخە سیاسییەدا کە پێش هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی نیسان، شێخ بەشیر نەجەفی فەتوای دابێت کە مالیکی بەکەڵکی سەرۆك وەزیران نایەت و ئێستاش لەسەر زاری شێخ عەبدولمەهدی کەربەلاییەوە رای ئایەتوڵڵا سیستانی بەوجۆرە بێت، پرسیار ئەوەیە هێزی مالیکی چ مانایەکی هەیە و هەڕەشەکانی چ ئیعتوبارێکی بۆ دەکرێت، بۆیە لەم حاڵەتە یان ئەوەی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببنە تەماشاکار بۆ ئەوەی سیاسەت و رەفتارەکانی مالیکی عێراق بەرەو ئایندەیەکی تاریك بەرن، یان دەبێت گوێ لە بارزانی بگرن، بۆ ئەوەی عێراقێکی فیدرالی و دیموکراتی دووبارە رێکبخرێتەوە و حکومەتی داهاتووش حکومەتی شەراکەتی راستەقینەی نێوان تێکڕای پێکهاتەکانی عێراق بێت.

## بۆچ هەتا ئێستا عێراق یاسای نەوت و گازی نییە؟

لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٢ مەڵبەندی مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن، کۆنگرەیەکی بە ناونیشانی (کورد کلیلی سەقامگیری عێراقە) گرێدا، ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ ئەوەی بە سپۆنسەری مەڵبەندی مستەفا بارزانی گرێدرا، بەڵام بەدەیان ئەکادیمی جیهانی و هەروەها ئەکادیمی عێراقی و تورکی و ئێرانی و عەرەبی بەشداربوون.

گەڕانەوە بۆ ئەم کۆنگرەیە و گرێدانەوەی هەڵوێستەکانی ئێستای سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو دەرەنجامەی کۆنگرە پێی گەیشتووە، دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە بەرێز مسعود بارزانی چۆن لە ساڵی ١٩٩١ رایگەیاند ئێمە دەوڵەتی قانوون دروست دەکەین و دەسەڵات دەگێڕینەوە بۆ گەلی خۆمان، کە ئەمە ئەو ئایندەیە کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێی گەیشتووە، بە هەمان شێوە تێڕوانینی مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ ئایندەی عێراق هەمان تێڕوانین بووە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەو مانایەی سیاسەت و تێڕوانینی بارزانی بۆ ئایندەی عێراق، راستکردنەوەی هەڵەکانی نەخشەی سایکس پیکۆ بووە کە بە درێژایی ١٠٠ساڵ عێراق و تەواوی وڵاتانی ناوچەکە بەدەستیەوەناڵاندوویانە و دەناڵێنن، راستکردنەوەکە بەچەند خاڵێك دیاری دەکەین:

١. لە کۆی ئەو باسانەی لە کۆنگرەکەی مەڵبەندی مستەفا بارزانی لە واشنتۆن پێشکەش کران، هەموو لایەك گەیشتنە قەناعەت، کە چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکانی عێراق و بونیادنانەوەی دەوڵەتی تازەی عێراق دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، بەدوو خاڵی گرنگ دەکرێت، یەکەمیان دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەناو هەیکەلی حکومەتی فیدرالی عێراق و هەروەها دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدرالی و

هەڵوەستەکردن و تێڕامانی جیهان لە هێزە سەرکەوتووەکەی بارزانی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وایکردووە دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی ئەورووپای ناوەڕاست و رۆژئاوا، رۆژهەڵاتی ئاسیا، کەنەدا و ئەمریکا، تەنانەت هەندێک لەو دەوڵەتە عەرەبیانەی وەک ئوردن و سعودیە، ئیمارات و کوەیت و قەتەر، کە بەتەنگ سەقامگیری و ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەن، بەرێزەوە سەیری ئەم هێزە بکەن و بەرێزەوە گوێ بۆ بارزانی بگرن

حکومەتی هەرێمەکاندا، خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە دابەشکردنی داهاتەکان بە یەکسانی بەسەر تەواوی پێکهاتە و دانیشتوانی عێراقدا.

٢. دەستووری عێراق بەوجۆرە دابڕێژرێتەوە کە شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان بەوشێوەیە بێت کە دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی حەسری و سنوردار بێت، دەسەڵاتی هەرێمەکان فراوانتر بێت.

٣. ئامانج لە شێوازی ئەم دابەشکردنەی دەسەڵات ئەوەیە، کە جارێکی دیکە حکومەتی ناوەندی عێراق نە هەڕەشە بێت بۆ سەر دراوسێکانی و نە جارێکی دیکە حکومەتی عێراق ببێتەوە بە هەڕەشە بۆ سەر گەلەکەی، ئەمەش لەبەر ئەوەی حکومەتی ناوەندی ئەگەر بەهێز بێت و هەنگاو بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت هەڵبگرێت، ئەوا هەڕەشە دەبێت بۆ سەر هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی.

٤. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر دابەشکردنی داهاتەکان بەتایبەتیش داهاتی نەوت، کە زیاتر ٩٠٪ داهاتی عێراق پێکدەهێنێت، بۆ ئەوە بوو لە عێراقی نوێدا سەرچاوەی داهاتی نەوت بۆ خۆشگوزەرانی پێکبهێنرێت، نەك بکرێتە ئامرازێك وەك پێشوو بەدەست دیکتاتۆرێکەوە هەڕەشە لە دراوسێکانی و گەلەکەی بکات.

ئەم چەند خاڵە کە دوای رووخانی رژێم و لە پرۆسەی داڕشتنی دەستووری عێراقدا بوونە ماددەی دەستووری بۆ بونیادنانەوەی عێراق، بە تایبەتی هەردوو بڕگەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی داهاتەکان، کە دوو کۆڵەگەی سەرەکی بوون بۆ بونیادنانەوەی عێراق، بە پشتگوێ خستن و پێشێلکردنی لەلایەن نوری مالیکیەوە بووە هۆکاری ئەوەی عێراق بەم رۆژە بگات.

ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن، بە شێوەیەکی راشکاوانە هەمان تێڕوانینی بەڕێز مسعود بارزانین بۆ چۆنیەتی بونیادنانەوەی عێراق و وەك هەموو لایەکیش دەزانن، ئەو خاڵانە هەر هەموویان بە پێداگیری سەرۆك بارزانی لەدەستووردا چەسپێنراون، هەموو جیهانیش دەزانن لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووردا، بارزانی لەژێر چ فشارێکدا بووە بۆ ئەوەی نەرمی بنوێنێت، بەڵام لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی کوردستان و عێراق پێداگیری کرد، بۆ ئەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی سەرکەوتوو بونیاد بنرێتەوە.

لێرەوە ئەو پرسیارە جێگەی خۆیەتی بپرسین، ئایا بۆچی هەرێمی کوردستان یاسای نەوت و گازی هەیە، بەڵام حکومەتی فیدرالی یاسای نەوت و گازی نییە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، هەموو کێشەکانی عێراق چارەسەر دەکات و دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١. هەر لەسەرەتای بوونی نوری مالیکی بەسەرۆك وەزیران، بڕوای بەوە نەبووە عێراق وەك دەوڵەتێکی سەرکەوتووی فیدرالی و دیموکراتی بونیاد بنرێتەوە.

٢. هەر لەسەرەتاوە بڕوای بە دابەشکردنی داهاتەکان نەبووە، بەوەی نەوتی عێراق بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی عێراق بێت.

ئەگەر ئەم دووخاڵە ورد بکەینەوە و زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەین و بپرسین ئایا ئەمە تاوانبارکردنی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدرالی نییە لە خۆڕا؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: لەوانەیە ماددە دەستوورییەکان کە دەبنە بنەمای دەرکردنی یاساکان لەناو پەرلەماندا، تەفسیری جۆراوجۆر لەنێوان پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکاندا هەڵبگرێت، بەڵام لایەنی حەکەم بۆ دیاریکردنی تەفسیرێکی دیاریکراو، دادگای دەستووری فیدرالیە، بەڵام حکومەتی نوری مالیکی بۆ ئەم پرسە هەوڵیداوە رای خۆی فەرز بکات.

هەربۆیە پرۆژەی رەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدرالی لە ٢٠٠٧ـەوە ئامادەیە، بەڵام نوری مالیکی ئەو پرۆژەی کە ناردی بۆ پەرلەمان پێچەوانەی ئەو رەشنووسەیە کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەری رێککەوتوون، ئەمەش وایکردووە، کە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نەوت و گاز لە عێراقدا لە چوارچێوەی یاسایەکدا رێکنەخرێت. لەمەش گرنگتر نوری مالیکی و حکومەتەکەی ناتوانن ئەو مافەی هەرێمی کوردستان بشارنەوە، بەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەو مافەی لە دەستووردا دراوەتێ کە یاسای نەوت و گاز دەربکات و پەسەندی بکات و حکومەتی هەرێم کاری پێبکات، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئەگەر بە لۆژیکی مالیکی نەوت و گاز پێوەندی بە هەرێمەکانەوە نییە، چۆن پەرلەمانی عێراقی گازندەی لەسەر یاسای نەوت و گازی هەرێم نییە؟

سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیش، ئاشکرایە مالیکی لە ٢٠٠٧ـەوە تائێستا، هەوڵیداوە بە پێچەوانەی دەستوور شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان پێچەوانە بکاتەوە، ئەمەش واتە دەسەڵاتی ناوەند فراوان بێت و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان سنوردار بێت بە هاوشێوەی پارێزگاکان، کە ئەمەش هەرگیز لەلایەن کوردستانەوە قبوڵ ناکرێت.

## گرنگی فرۆشتنی نەوت بۆ هاووڵاتیانی کوردستان

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە روونکردنەوەکەی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە بڕیاری فرۆشتنی نەوت، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەمە تەنیا دەسکەوت نییە بۆ لایەنێك، بەڵکو دەسکەوتە بۆ هەموو کوردستان و دەبێت هەموو پێکەوە بیپارێزین.

لێرەوە ئەگەر ئەم دەسکەوتەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك دەسکەوت بۆ هەموو گەلی کوردستان

**سیاسەت و تێڕوانینی بارزانی بۆ ئایندەی عێراق، راستکردنەوەی هەڵەکانی نەخشەی سایکس پیکۆ بووە کە بە درێژایی ١٠٠ساڵ عێراق و تەواوی وڵاتانی ناوچەکە بەدەستیەوە ناڵاندوویانە و دەناڵێنن**

**گرنگترین سەرچاوە و هۆکار بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لە وڵاتانی دوای شەڕ و کاولکاری و هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانەکان و وەبەرهێنان لەسەرچاوەی مرۆییدا، بوونی سەرچاوەیەکی ئابووری سەربەخۆ و سەقامگیرە**



ئاماژەی پێکردووە، ئێمە وردی بکەینەوە و بپرسین، ئایا تاچەند ئەم بڕیارە کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان دەبێت؟ ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێك دیاری دەکەین:

١. گرنگترین سەرچاوە و هۆکار بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لە وڵاتانی دوای شەڕ و کاولکاری و هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانەکان و وەبەرهێنان لەسەرچاوەی مرۆییدا، بوونی سەرچاوەیەکی ئابووری سەربەخۆ و سەقامگیرە، ئەمە بەو مانایە نییە کە بڕیاری فرۆشتنی نەوتی کوردستان بۆ ئەوەیە کە ڕێژەی کوردستان بگاتە سەرووی ١٧٪، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەم ١٧٪ وەك سەرچاوەیەکی ئابووری سەقامگیر لەبەردەست بێت و بتوانرێت وەك پێویست وەبەرهێنانی تێدا بکرێت.

٢. لە وڵاتانی دوای شەڕ و کارەسات، هەموو کات پێداویستیەکان لە ئیمکانییەتی بەردەست زیاترن، بۆیە ئەگەر سەرچاوەیەکی ئابووری سەقامگیرت نەبێت، ناتوانی متمانە دروست بکەیت بۆ ئەوەی بۆ هەندێك بواری پێویست قەرز وەربگریت لە بانکە نێودەوڵەتیەکان، چونکە ئەگەر ئەم سەرچاوە سەقامگیرەت نەبوو، ئەوا متمانەی وەرگرتنی قەرزت نابێت.

٣. نەبوونی سەرچاوەی ئابووری سەقامگیر دەبێتە هۆکاری لاسەنگ بوون لەنێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، ناتوانرێت لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوەی ئابووری لەرزۆك و ناسەقامگیر پلانی درێژخایەن دابنرێت، ئەمەش بێجگە لەوەی پرۆسەی پەرەپێدان خاو دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا گوشاری ئەم قۆناخە لەسەر حکومەت، دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەڵاوسانی ئابووری لەناو حکومەت دروست بێت.

٤. ئەگەر لە چوارچێوەی باری ئابووری عێراقەوە، باری ئابووری هەرێمی کوردستان بخوێنینەوە، ئەوا سەیر دەکەین بە شێوەیەکی کردەیی ١٠٪ی بودجەی عێراق دەگاتە کوردستان نەك ١٧٪، هەروەها ئەم پارەیە کە ئێستا لەلایەن بەغداوە بڕاوە، پێشتر لەمانگێکدا بە ٣ جار هاتۆتە کوردستان، واتە لە ساڵێکدا بە ٣٦ جار نێراوە بۆ کوردستان، بەڵام لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئابووری کوردستان لە سیاسەتی ئابووری عێراق سەرکەوتووتر بووە، ئەوا ڕێژەی هەژاری و بێکاری لە کوردستان بەرامبەر عێراق زۆر کەمترە، هەر بۆیە ئەگەر ئەم سەرچاوەیە بەرز بێتەوە بۆ ڕێژەی ڕاستەقینەی خۆی کە ١٧٪یەو ببێتە سەرچاوەیەکی ئابووری سەقامگیر بۆ بونیادنانەوەی کوردستان، ئەوا هەموو تاکێکی کوردستان گۆڕانکاری بەسەر ژیانی ڕۆژانەی دێت.

٥. کەواتە بڕیاری فرۆشتنی نەوت گواستنەوەی سەرچاوەیەکی ئابووری لەرزۆکی هەڕەشە لێکراوە، بۆ سەرچاوەیەکی ئابووری سەقامگیری ڕێزلێگیراو و بەکارهێنانی ئەم سەرچاوەیە بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

ڕێواس فایەق پەرلەمانتاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

# وەک یەکێتی نیشتمانی خۆمان بە شەریکی ستراتیژی سیاسەتی نەوتی هەرێم دەزانین و پشتگیری لێدەکەین



**ستراتیژیەتی سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان، بنەمای ئابووری کوردستانە و هەنگاو هەڵگرتنە بۆ بونیادی ئابوورییەکی سەربەخۆ، سەبارەت بە گرنگی ئەم ستراتیژیەو پشتگیری لێکردنە، خاتوو ڕێواس فایەق پەرلەمانتاری یەکێتی بەمجۆرە بۆچوونی خۆی و حزبەکەی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

من وەکو پەرلەمانتارێکی یەکێتی قسە دەکەم، یەکێتی خۆی بە شەریکی ستراتیژی سیاسەتی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەزانێت و پێمانوایە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی نەوتی و ئابووری هەموو خەڵکی کوردستانە بەهەموو هێزو لایەنە سیاسییەکانیشەوە، سەبارەت بە پشتیوانی کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێم بێگومان و پێموایە ئەمە دیدو بۆچوونی هەموو پەرلەمانتارانی کوردستان بێت بەوەی هەرێمی کوردستان خاوەن سیاسەتی خۆی بێت و لەژێر ڕەحمەتی هەڕەشەی بڕینی بودجەی خەڵکی کوردستان بێتە دەرەوە، هەر تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارێکیشمان هەبێت سەبارەت بە پرۆسەکە و سیاسەتی نەوت و گومان و پرسیارمان لەسەر داهاتەکەی هەبێت، ئەوا لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی خۆمان باسی دەکەین، بەڵام بۆ دەرەوەی کوردستان ئێمە پشتیوانی لە حکومەتی خۆمان دەکەین.

سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ پەرلەمانی کوردستان، من لەو پەرلەمانتارانە بووم کە لەگەڵ ئەوە نەبووم لە ئێستادا بەڕێزیان میوانداری بکرێن لە پەرلەمانی کوردستان، چونکە حکومەتەکە حکومەتی کار بەڕێکەرە و بە گوێرەی ماددەی ٦٣ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی دەست لە کارکێشاوە بە هیچ جۆرێك پرسیاری ئاراستە ناکرێت، دەکرا لە دوای سوێند خواردنی کابینەی نوێ بەڕێزیان بهاتبایە و ئێمەش پرسیارمان ئاراستەی بکردایە کە پرسیاری خەڵکی کوردستانە و دەیانەوێ وەڵامەکەی بزانن، لە هەمان کاتدا پرسیاری پەرلەمانتاران بوو. بەڵام وێڕای ئەمانەش بێگومان کۆدەنگی و یەکڕیزی یەکێکە لەو مەسەلانەی کە دەبێ هەموو هێزە سیاسییەکان هەموو نیگەرانی و ناڕەزاییەتییەکی خۆیان بخەنە ئەو لاوە. سەبارەت بە کۆدەنگییان بەرامبەر بە ناوەند و پشتیوانی کردنی سیاسەتی حکومەتی هەرێم لەڕووی سیاسی و ئابووریشەوە، خودی سەرۆکی حکومەت ئەوەی لە پەرلەمان دووپات کردەوە و وتی بەبێ پشتیوانی هەمووتان و تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان نە دەتوانین پرۆسەکە بەڕێوەبەرین و نە سیاسەتی نەوتی خۆمان لە هەرێمی کوردستان پەرە پێبدەین.

حاجی کاروان

پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:



# ئەمە کێشەیەکی سیاسییە بۆیە دەبێت هەموو لایەک یەکهەڵوێست ببین و ئەو هەڵوێستەش ڕابگەیەنین

**هەماهەنگی نێوان هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت، هەنگاوێکی گرنگە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنووسسازەکان، سەبارەت بەو هەماهەنگیە حاجی کاروان پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

ئەو سەردانەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بۆ پەرلەمان سەرەتایەکی باشە بۆ خولی نوێی پەرلەمان و بۆ هەموو هاووڵاتیانیش، ئەگەر سەرەتای کێشەکان و دروست بوونیان بەم شێوازە ببوایەو خەڵکی ئاگادار ببوونایە، یان پەرلەمان ئاگادار بوونایە قۆناغ بە قۆناغ و هەڵوێست بە هەڵوێست، لەو بڕوایەدام نەدەگەیشتە ئەو ئاستە، چونکە ئەوکات هەڵوێستێکی نیشتمانی دەبوو تا لە پەرلەمانەوە ئەو هەڵوێستە نیشتمانیە دەربڕدرایە، ئەم سەردانەی بەڕێزیان لەوانەیە بۆ پەرلەمانتاران تەنیا وەك ڕوونکردنەوەیەك بێت، بەڵام بەلای خەڵکەوە گرنگ بوو، هەروەها گرنگە ئەم هەماهەنگیەو

سۆران عومەر پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان:

# بڕیاری فرۆشتنی نەوت
# بەغدا ناچار دەکات مامەڵە لەگەڵ واقیع بکات

**هەرێمی کوردستان بڕیاریدا نەوتی خۆی بفرۆشێت، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو تەلاری پەرلەمان روونکردنەوەی داو رایگەیاند، بەپێی ئەو یاسایە ئەو کارەمان کردووە کە ئەم پەرلەمانی خەڵکی کوردستان پەسەندی کردووە، سەبارەت بە گرنگی ئەم بڕیارە سۆران عومەر پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

من پێموایە ئێستا کە هەرێمی کوردستان نەوتی فرۆشتووە هیچ چارەسەرێکی تری نەماوە ئەگەر ئەوەی نەکردایە بەغدا زاڵ دەبوو بەسەر ئەوەی ببێت بە خاوەنی نەوتی هەرێمی کوردستانیش، یان دەبوو تەسلیمی بکەین و تەسلیم بەو واقعە ببین کە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمە کە قەیرانی گەورەی دروستکرد، یان دەبوو نەوت بفرۆشین و بەغدا ناچار بکەین مامەڵە لەگەڵ ئەو واقعە بکات، وەك ئەوەی سەرۆکی حکومەت باسی کرد بەپێی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٣ی دەستەبەری مافە داراییەکانی هەرێم و داهاتە ئیتحادیەکان ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمان دەرچووە، هەرێمی کوردستان و تێیدا هاتووە ئەو کاتەی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا سکشت دەهێنێ لە بواری نەوت و بوارەکانی دیکە، دەتوانێ نەوت هەناردە بکات و بیفرۆشێت و ئەو مافە داراییانەی لێ پڕ بکاتەوە کە بەغدا نەیناردووە و لە پێشوودا قەرزدارمانە، ئەمە هەنگاوێکی باشە و من پێموایە دەقی ئەم یاسایە ماددەی شەش بڕگەی ٢ کە دەڵێت: دەبێت پاش ٩٠ رۆژ لە گفتوگۆکان مافە داراییەکان پڕ بکرێتەوە لەو داهاتە، کاك ئاشتی هەورامیش دڵنیای کردمەوە کە بەشە بودجەی هەرێم چەندی بڕاوە لەو چەند مانگەی رابردوو و چی قەرزمان هەیە لای بەغدا ئەمەی لێ پڕ دەکەنەوە، جگە لەمە ١٧٪ شی لێ پڕ دەکەنەوە، ئێمە لەگەڵ هەناردە کردنی نەوتین، لەگەڵ ئەوەین خۆمان ببین بە خاوەنی نەوتی خۆمان، بەڵام دەبی لە کوردستان ئەو داهاتە دیار بێت و بتوانین بەرگری لێ بکەین و هەرێمی کوردستان بتوانێت لە ناوخۆد ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی پێ باشتر بکات.



ئێمە لە قۆناغی رابردوو ئەو کاتەی ئۆپۆزیسیۆنیش بووین هەمیشە یەکدەنگی و یەکڕیزی کوردمان پێ گرنگ بووە و پاراستوومانە، ئەو قۆناغەی داهاتوو کە هەموومان لە حکومەتی بنکە فراواندا بەشدارین، یەکدەنگییەکە باشتر دەکات و شەفافیەت لە داهاتی نەوت کە کاك نێچیرڤان باسی کرد ئەو یەکڕیزییە زیاتر و پتەوتر دەکات.

ئەم یەکهەڵوێستیەی لەمەودوا پێویستە لە نێوان حکومەت و پەرلەمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی کە لەگەڵ بەغدا دروست بووە یان بەغدا دروستی کردووە بۆ کوردستان چین، ئێمە وەك پەرلەمانتار تەنانەت لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆندا داوامان کرد شتێکی فەرمی بخەنە بەردەستمان بۆ ئەوەی بەتەواوی بزانین کێشەکان چین، لەبەر ئەوەی ئێمە تەنیا لە قسەو باسەوە بیستوومانە کە دەڵێن بەغدا ئەم کێشانەی دروست کردووە، کە دەبێت سۆمۆ نەوتەکەی لابێت یان ئێمە دەبێ چی بکەین، بۆیە داوامان کردووە لەڕێی پەرلەمانتارەکانی خۆمانەوە لە بەغدا داوا لە نوری مالیکی بکەن بە فەرمی کێشەکانی نێوان بەغدا چییە لەگەڵ هەرێم بە دیکۆمێنت بماندەنێ تا ئەو کاتە ئێمەش هەم قسەی حکومەتی خۆمانمان لایەو هەم قسەی نوری مالیکیمان لایە. ئەگەر ئەم کێشەیە سیاسییە و فشارە بۆ هەموو کوردستان و یان بۆ تەسلیم بوونی ئیرادەی کوردە لە لایەن بەغداوە با هەموومان رایبگەیەنین، چونکە تا ئەم ساتەوەختەش لەگەڵ رێز و قەدرم بۆ هەموو لایەنەکان بەرانبەر مالیکی یەك هەڵوێست نەبووین، گەیشتە ئەو ئاستەی متمانە لە مالیکی بسەنرێتەوە کەچی هەر لێرەوە لە مالیکی سوڕانەوەو بە سەرۆك وەزیران دانرایەوە، نایەکهەڵوێستی خۆمان لە جاراندا وایکرد مالیکی ببێت بەو پیاوەی ئەوها ئازاری گەلی کوردستان بدات، بەڵام دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەر هەموو لایەنەکان بە یەك لا بە یەك دەنگ رایبگەیەنن کە ئەم کێشەیە کێشەیەکی سیاسییە لەسەر کورد نەك کێشەی ئیداری بێت، چونکە ئەگەر ئیداری بێت قابیلە بە چارەسەر، بەڵام ئەگەر سیاسی بێت بە رای من پێویستی بە هەڵوێستێکی سیاسی یەکپارچەیی هەیە بەرانبەر بەغدا پێکەوە ئەو هەڵوێستەی بۆ رابگەیەنرێت.

فرسەت سۆفی
پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان:

# سەرکەوتنمان بەسەر تەحدییەکاندا تەنیا پێویستی بە یەکرِیزی و یەکهەڵوێستییە



**ئەو کێشە و گرفتانەی ئێستا رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، کێشەو گرفتی چارەنووسسازن، سەبارەت بە چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەیان، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان فرسەت سۆفی لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە تیشکی خستەسەر.**

ئەو سەردانەی کاك نێچیرڤان بارزانی بۆ پەرلەمان لەسەر داوای خۆی بوو تەنیا بۆ روونکردنەوە بوو، ئەو سەردانە لە دوو لایەنەوە زۆر گرنگ بوو؛ یەکەمیان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەکرد کە هەموو کات ئامادەیە لەبەردەم لایەنی چاودێری پەرلەماندا بۆ هەر لێپرسینەوەو پرسیارێك ئامادەبن و دووەمیان کە وتی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئاگاداری فرۆشتنی نەوت و سیاسەتی نەوت بن بۆ ئەوەی شکست نەهێنێت. ئەوە بۆ خۆی کارێکی باش بوو دواتر جەختی لەوەش کردەوە کە ئەو پرۆسەیە بە پشت بەستن بە یاسای ژمارە پێنجی ساڵی ٢٠١٣ کراوە، کە پێی دەوترێت یاسای شایستەدارییەکانی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بەو قەیرانە ئابووریەشی ئێستا هەیە، سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەکرد کێشەی داراییش لە چەند مانگی داهاتوو

جەودەت جەرجیس
پەرلەمانتاری کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان:

# نێچیرڤان بارزانی جەختیکردەوە ناگەڕێینەوە بۆ دواوە و ئەو هەنگاوانەی هاویشتران چارەنووسسازن



**سەبارە بە سەردانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان و روونکردنەوەکانی، بەڕێز جەودەت جەرجیس پەرلەمانتاری کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمانی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

هاتنی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم لەسەر داوای خۆی بوو، بەڵام سەردانەکە دەسپێشخەرییەکی زۆر ئیجابی بوو تا لە نزیکەوە ئەندامانی پەرلەمان و شەقامی کوردستان ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی پێشهاتەکانی کە هاتوونەتە پێش، بە تایبەتی لە بابەتەکانی پێوەندیدار بە فرۆشتنی نەوت و پێوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بابەتەکانی زۆر بە شەفافانە باس کردو، هەروەها ئەو پرسیارانەشی رووبەڕووی کرانەوە، دیارە

عەبدوڵلا حاجی مەحمود
پەرلەمانتاری حزبی سۆشیالیستی کوردستان:

# سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی یەکگرتوویی ئیرادەی کوردستانی لە پەرلەمانەوە پیشانی جیهاندا



**سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، روویەکی دیکەی ئیجابی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان حکومەت پەرلەمان پیشاندەدا، سەبارەت بەم سەردانە عەبدوڵلای حاجی مەحمود پەرلەمانتاری حزبی سۆشیالیست بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

هاتنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بوو، لەبەرئەوەی دۆخێکی قەیراناوی دارایی هەبوو لە هەرێمی کوردستان و روونکردنەوەکەش بۆ خەڵك وەك ئەرکێکی سەرشانی خۆی کە بەرپرسیارێتیەکی لەسەر شان بوو وەك خۆشی ئاماژەی پێکرد لە قسەکانیدا و بە بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆی زانی،

**برزۆ مەجید**
**پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان:**

# یەكڕیزی نیشتمانی پێویستیەكی جیدیە بۆ ئەوەی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەكانی كورد زامن بكرێن



**لە ئێستادا عێراق بەرەو قۆناخێكی نوێ هەنگاو هەڵدەگرێت كە دووبارە پێكهێنانی حكومەتی تازەیە لەبەغدا، لە هەمانكاتدا لە نێوانی هەولێر و بەغدا چەندین كێشە هەیە و چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان هەولێر و بەغداش پێویستی بە یەكهەڵوێستی و یەكڕیزی گەلی كوردستان هەیە، سەبارەت بەم پرسە برزۆ مەجید پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

نەك بە تەنیا لە ئێستاو لەو قۆناغە تازەیەدا، بەڵكو لە هەموو قۆناغەكانی پێشوو و ئێستاو داهاتوو یەكڕیزی نیشتمانی پێویستیەكی جیدیە بۆ ئەوەی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەكانی كورد لە لایەك و ئەزموونی دەسەڵاتیش لە هەرێمی كوردستان زیاتر بەهێز بێت و رەگ دابكوتێت، بەڵام بێگومان ئەو یەكڕیزیە نیشتمانیە هەروا كارێكی ئاسان و تیۆریی نییە، بەڵكو چەندین بنەما پێویستن تا لە هەرێمی كوردستاندا هەبن، لەوانە گرنگە بەر لە چوونمان بۆ بەغدا دەبێت یەكدەنگ بین و یەكڕیز بین و ئەم وڵاتە وڵاتی هەمووان بێت لە رووی سیاسی و ئابووری و لە رووی حوكمڕانیكردنەوە. هەمووی هەست بەوە بكەن كە ئەم وڵاتە هی هەمووانەو هەڵبژاردنەكان و داهاتەكان شەفاف بن و یاسا سەروەر بێت لەسەر هەمووان، لێرەوە كە تۆ نیشتمان و هەرێمێكی بەهێز دروست دەكەیت و كۆدەنگیەكە لێرەوە دروست دەكەیت، بێگومان بۆ هەنگاونان بەرەو بەغدا یان هەر مەحفەلێكی تری دیپلۆماتی و سیاسی و هەرێمایەتی یان نێودەوڵەتی ئەم یەكڕیزی و یەكدەنگیە سوودی زۆر دەگەیەنێت بە ئەزموونی هەرێمی كوردستان.

چارەسەر دەكرێت، بۆیە بە روانینی من دڵنیام كە هەرێمی كوردستان ناتوانێت تا سەر چاوەڕوانی ئەوە بێت تا بودجەو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم وەك كارتی فشاری سیاسی لە دژی هەرێمی كوردستان بەكاربهێنرێت و ئێمەش بێ هەڵوێست دابنیشین، تەنانەت بەپێی یاساش دەبێت سەرۆك وەزیران لەو حاڵەتانەدا كە ئیستحقاقی هەرێمی كوردستان نەدرێت دەبێت رێوشوێنی گونجاو بگیرێتەبەر، بۆ چارەسەركردنی ئەمەش كاری گونجاو ئەوەی چەندی چاوەڕوانم كردو داوامان لێ كردن بەڵام ئەوان نەهاتنە ژێر بار، بۆیە بڕیاری فرۆشتنی نەوت ئەو رێكارە بوو كە یاسا داوای لە سەرۆك وەزیران كرد، سەركەوتنی پرۆسەی دەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی ئیرادەی خەڵكی كوردستان لەسەر هەموو ئەو هەڕەشانەیە كە لە بەرانبەرمان هەیە، گەرەنتی گەورە یەكڕیزی گەلی كوردستانە، ئێمە یەكڕیز بین و بەیەكەوە داكۆكی لە هەنگاوەكانی داهاتوومان بكەین، دڵنیابن لەوەی نەیارەكان چەندی زۆر و چەندی بەهێز و گەورەش بن و پیلانەكانیش چەندە مەترسیدار بن ناتوانن بەرانبەر ئیرادەی یەكگرتوویی گەلی كوردستان بووەستنەوە.

لەڕووی یاساییەوە بواری ئەوە هەیە لەماوەی ١٥ رۆژ وەڵامیان بداتەوە و بەڵێنیشیدا لەماوەی دیاریكراو وەڵامیان بداتەوە.
بۆیە هاتنەكەی ئەو بەشێوەیەكی گشتی وەك لایەنەكانی توركمانی و لایەنەكانی تری نەتەوەكانی هەرێمی كوردستان، زۆر بە ئیجابی ئەمە هەڵدەسەنگێنن، چونكە لە راستیدا زۆر شت هەبوو شاراوە بوون و ئێمە ئاگاداری نەبووین یان زانیاری لە لایەنەكانی ترەوە بۆمان دەهات، بەڵام خۆشبەختانە لە قسەكانیدا بە شەفافانەو بە رێك و پێكی باسی لە بابەتەكان كردو جەختیی لەوە كردەوە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ناگەڕێتەوە بۆ دواوە، بەڵكو ئەو هەنگاوانەی كە هاوێشتراون هەنگاوی زۆر چارەنووسسازن، ئومێدی خواست كە هەموو خەڵكی كوردستان پشتگیری لێ بكەن.

هەروەها هاتنەكەی یەكگرتوویی ئیرادەی خەڵكی كوردستانی لە مینبەری پەرلەمانەوە پیشان دا بۆ دەرەوەی هەرێمی كوردستان كە گەلی كوردستان یەكهەڵوێست و یەكدەنگن، بۆیە هاتنەكەی بەڕێزیان هەم كاتەكەی گونجاو بوو هەم لە جێی خۆشیدا بوو، سەبارەت بە پێوەندی بە بەغداشەوە خۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان دەرگاشی دانەخستووەو چەندین جاریش رایگەیاندووەو چەندین جار شاندیش رۆیشتووە، بەڵام بەغدا ئامادەنین تا كێشەكان لەگەڵ گەلی كوردستان چارەسەر بكەن رەنگە ئەوان بیانەوێت كاتمان پێ بەسەر بەرن و بەرێكەن، گەلی كوردستانیش تا رادەیەك دەتوانێت دان بەخۆیدا بگرێت، چونكە هەموو شتێك لە كاتی خۆیدا كۆتایی پێ دێت.

# پێگەی دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان لە ئەوروپا



د. دلاوەر خالد ئاژگەیی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لە روانگەی هەڵسەنگاندن و تێروانینێکی زانستیانەو لە گۆشەنیگای پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسی، سەردانەکانی ئەم دواییەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی ئەوروپی و پێشوازییان لە ئاستی سەرۆکی وڵات و سەرۆك وەزیران ئەم راستییە بەدی دەکرێت کە پێگەی هەرێمی کوردستان و سەرۆك بارزانی لەلایەن وڵاتانی ئەوروپییەوە لە ئاستی وڵاتانی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵاتی بەهێزەوە سەیر دەکرێت و حیسابی بۆ دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە پێناسەی وڵاتی سەربەخۆ لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو زۆر وڵاتی سەربەخۆ هەن کە لە راستیدا تا رادەیەك لە ژێر کاریگەریی وڵاتانی ترو فاکتەرە دەرەکیەکانن کە لە پێناسەی سیاسیی سەربەخۆییەکی ئەوتۆیان نەماوە، لەوانە دەتوانین ئاماژە بە هێندێك وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین کە بڕیارە چارەنووسسازەکانیان لە پایتەختی وڵاتانی ترەوە دەردەچن. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بەرامبەردا چەند شوێن و هەرێمێك هەن کە هەرچەندە وڵاتی سەربەخۆ نین، بەڵام لە رووی بڕیاری سیاسی و ئابووری و باڵانسی هێزەوە لە رووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە سەربەخۆن و کاریگەری بەهێزیان نە تەنیا لە ناوەوەی وڵات بگرە لە ناوچەی دەوروبەریان بەرچاوەو فاکتەری دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری و گۆڕانکارین.

بێگومان لێرەدا بەرچاوترینیان هەرێمی کوردستانە کە خەریکە دەبێتە نموونەیەکی نوێ لە دنیای دیپلۆماسی نوێ و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بۆ نموونە سەردانەکەی ئەم دواییەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەریتانیا گرنگی و تایبەتمەندی زۆری هەبوو و بەتایبەتی کە حکومەتی بەریتانیا بۆ یەکەمجارە بە شێوازێکی فەرمی پێشوازی لە سەرۆك وەزیرانی کوردستان کرد و چەندین دانیشتن و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنی گرنگ لەگەڵ وەزیر و کاربەدەستانی گرنگی ئەم وڵاتەو شاندی هەرێمی کوردستان ئەنجام دران.

هەر دوا بەدوای ئەم سەردانە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێزدار مسعود بارزانی لە سەر داوەتی فەرمی سەرۆك کۆماری فەرەنسا بەڕێز فرانسوا هۆڵەند سەردانی فەرەنسای کردو ئەمجارەش لەلایەن کەسی یەکەمی وڵاتەوە کە سەرۆك کۆمارە و لە کۆشکی کۆماری و بە شێوازێکی فەرمی پێشوازیان لێ کرا و دوای چەند رۆژ گەیشتە ئیتاڵیا و دیسان لەسەر ئاستێکی بەرز لەلایەن ئەنجومەنی پیران و وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیاو کاربەدەستانی تری ئەم وڵاتە پێشوازیان لێکرا.

ئەم سەردانانە لە کاتێکدان کە پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە ئاستێکی باش و ئاسایی نین و



ناکۆکی فراوان لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە ئارادان و بە تایبەتیش کە هەرێمی کوردستان بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا دەستی بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان کردووە و لە هەمان کاتیشدا لایەنە عێراقیەکان خەریکی پێکهێنانی حکومەتن لە بەغدا.

پێشوازی کردنی سەرۆك کۆماری فەرەنسا و وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و ئیتاڵیا لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت لەم ئاستە بەرزە و لەم کاتەدا گرنگیەکی تایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە و ئاماژەیەکی روونە بۆ پشتگیری حکومەتی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا بۆ سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکە و دەتوانین ئەم سەردانانە بە وەچەرخانێکی گرنگی پێوەندیەکانی دیپلۆماسی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا هەژمار بکرێن و لە ئاستی جیهان شێوازێکی نوێن لە دیپلۆماسیدا.

لایەنێکی تری گرنگی سەردانەکان لەوەدان کە هەرسێ وڵات لە ئاستی ئەورووپی و جیهانیدا وڵاتی یەکجار گرنگن و رۆڵی سەرەکیان هەیە لە بڕیارەکانی یەکێتی ئەورووپا و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. بە تایبەتی کە هەر دوو وڵاتی بەریتانیا و فەرەنسا مافی بەکارهێنانی ڤیتۆیان هەیە و وەکو سۆپەرپاوەر لە هاوکێشە سیاسی و ئابووریەکانی جیهان رۆڵی سەرەکی دەبینن. ئەمە جگە لەوەی ئەم سێ وڵاتە لەگەڵ ئەڵمانیا ئەندامانی هەرە سەرەکی و بەهێزی یەکێتیی ئەورووپان و لە رووی پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی لە ئاستی وڵاتی سەربەخۆ پێشوازییان لە سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە ئەمە خۆی سیگناڵێکی گرنگە بۆ کوردستان و بەغدا و پشتگیریەکی ئاشکرایە لە هەرێمی کوردستان.

ئەمەو جێگەی ئاماژە پێدانە کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان پێوەندی بەهێزی لەگەڵ ئەورووپا هەیە و بانگێشتە فەرمییەکانی یەکێتی ئەورووپاو وڵاتانی ئەندام لەم یەکێتیە بۆ سەرۆك بارزانی لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە، کردنەوەی کۆنسوڵخانە و نوێنەرایەتی دیپلۆماسی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا لە هەولێری پایتەختی کوردستان گەواهی ئەم راستیەن. ئەم گرنگیەی ئەورووپا بە هەرێمی کوردستان بۆ چەند لایەنی گرنگی سیاسی و ئابووری دەگەڕێتەوە. هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ وەکو ناوچەیەکی بەهێز و کارتێکەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدیار دەکەوێت کە لە سەقامگیری سیاسی و ئاسایش و وزەی ناوچەکە بە تایبەتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رۆڵی بەرچاوی هەیەو فاکتەرێکی سەرەکی سەقامگیرییە لە ناوچەکەدا. بەشدار بوونی کورد لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق و قورسایی لە بەغدا وەکو گەرەنتیەك بۆ بەرقەرار بوون و پەرەپێدانی دیموکراتی لە عێراق و ناوچەکە لە لایەن ئەورووپا جێگەی سەرنج و گرنگی پێدانەو لە لایەکی ترەوە هەبوونی نەوت و گاز و سەرچاوەکانی تری سروشتی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان و نیاز و خواستی سەرکردایەتی کوردستان بۆ ناردنە دەرەوەی بە تایبەتی بۆ ئەورووپا، پێگەی هەرێمی کوردستان لە نەخشەی وزە لە ناوچەکە و جیهان رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەکات و هەرێمی کوردستان وەك فاکتەری ئاسایش لە ناوچەکە رۆڵی کاریگەر و بەرچاوی هەیەو رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبێت. هەموو ئەوانەو سەرۆکایەتی ژیر و حەکیمانەی هەرێمی کوردستان وایکردووە کە وڵاتانی ئەورووپی بە شێوازێکی گشتی بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوەو لە هەوڵی ئەوەدابن کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پتەو بکەن.

**سەرۆکایەتی ژیرو حەکیمانەی هەرێمی کوردستان وایکردووە کە وڵاتانی ئەورووپی بە شێوازێکی گشتی بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوەو لە هەوڵی ئەوەدابن کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پتەو بکەن**

**پێشوازی کردنی سەرۆک کۆماری فەرەنسا و وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و ئیتاڵیا لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت لەم ئاستە بەرزە و لەم کاتەدا گرنگیەکی تایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە و ئاماژەیەکی روونە بۆ پشتگیری حکومەتی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا بۆ سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکە**

# ئایا عێراق بۆ خۆکوشتن دەنگی دا؟

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت، کە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی نیسان لە عێراقدا، سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ لیستی دەوڵەتی یاسا لێکەوتبێتەوە، بە سەرۆکایەتی نوری ئەل مالیکی سەرۆك وەزیران.

لیستی دەوڵەتی یاسا لە کۆی ٣٢٨ کورسی پەرلەمانی، توانیویەتی ٩٥ کورسی بباتەوەو بە ئاسانی پێش رکابەرە جیاوازەکان کەوتۆتەوە، پێدەچێت بە بەدەستهێنانی ئەم رێژە دەنگە، لەگەڵ ئەو دەنگانەی لەلایەن پارتە هاوپەیمانەکانیەوە بەدەست هێنراوە، مالیکی لە پێگەیەکدا بێت بتوانێت خولی سێیەمی سەرۆك وەزیران بگرێتەوە دەست.

بەڵام لە کاتێدا وا دەردەکەوێت کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنێك بێت بۆ مالیکی و پشتیوانە شیعیە سەرسەختەکانی، بەڵام ئاکامەکان ئەگەرەکانی گیروگرفتەکانی ناوخۆیی گەورەتر دەکەن و رەنگە هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامێکی خراپ بن بۆ عێراق وەك مانەوەی بە دەوڵەتێکی یەکگرتوو.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ماوەی دووساڵی رابردودا ئاستی توندوتیژی بەرز بووەتەوە، ئەوا بەڵگەکان زۆر و زەوەندن لەسەر نارازی بوون لە حکومڕانی توندی -ئەگەر نەڵێین دیکتاتۆریانەی مالیکی- بە تایبەتی لە نێو پێکهاتەی عەرەبی سوننەی عێراقدا. کەموکوڕیەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانەوە ئاست و مەودای کێشەکەی دووپات کردەوە. حکومەتی مالیکی پێداگیری کرد لەسەر ئەوەی کە ناسەقامگیری ئەوەندە بەرچاوو گەورە بوون لە چەند شارێکی وەك پارێزگای ئەنبار، کە مەحاڵ بوو بنکەی دەنگدانیان لێ دابنرێت و خەڵکی بە ئاسانی و ئاسایی بتوانن دەنگ بدەن. بەڵام روون نییە ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی وردە بۆ بارودۆخەکە، یاخود راستییەکە ئەوەیە کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن-کە لەلایەن مالیکیەوە کۆنترۆڵ کراوە- پاساو و بیانوویەکی هێنایەوە بۆ ئەوەی دەنگدەران لەو ناوچانەدا دڵسارد بکاتەوە لە دەنگدان، چونکە تا رادەیەکی گەورە ناوچەیەکی سوننەنشینە و دژ و دوژمنن بە سەرۆك وەزیران. هەرچییەکیان بێت، ئەوا ئەم بڕیارە گومانی تۆختر کردەوە لەسەر پابەندبوونی بەغدا بە ستانداردە سیاسی و دیموکراتییە راستەقینەکانەوە، هەروەها شەرعیەتی هەڵبژاردنەکە دەخاتە ژێر پرسیاری دژوارەوە.

چاوەڕوان دەکرێت عەرەبی سوننە سەرسەختانەو بە توندی بەرهەڵستی خولی سێیەمی سەرۆك وەزیریی بۆ مالیکی بکەن، بەڵام ئەمە تەنیا سەرچاوەی سەرئێشە نییە بۆ سەرۆك وەزیران. چونکە بەرهەڵستی دژی حکومڕانی بەردەوامی مالیکی بە توندی لە کوردستاندا لە هەڵکشاندایە. کەمتر لە هەفتەیەك پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆك مسعود بارزانی بێ پێچ و پەنا رایگەیاند کە «ئەو

**سەرۆک مسعود بارزانی بێ پێچ و پەنا رایگەیاند کە «ئەو مالیکیەی پێش گرتنەدەستی دەسەڵات دەمانناسی، جیاواز بوو لەو مالیکیەی لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە بینیمان» بە ئاشکرا بارزانی ئۆباڵی زیادبوونی رەوتی (خۆسەپێنی) لە سیاسەتی عێراقدا خستە ئەستۆی سەرۆک وەزیران**



مالیکیەی پێش گرتنەدەستی دەسەڵات دەمانناسی، جیاواز بوو لەو مالیکیەی لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە بینیمان» بە ئاشکرا بارزانی ئۆباڵی زیادبوونی رەوتی (خۆسەپێنی) لە سیاسەتی عێراقدا خستە ئەستۆی سەرۆك وەزیران. ئەگەرچی ئەوە ئیدانەیەکی زۆر توند بوو، بەڵام ئەم رەخنەیەی بارزانی دەنگدانەوەی هەستی کەسایەتییە سیاسییە ناوخۆییەکان و هەروەها چەند رێکخراوێکی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤیشە.
ئەگەری جیابوونەوەی هەندێ پارتی سیاسی کوردی لە حکومەتی هاوپەیمانی ئێستا لە بەغدا پەرەسەندنێکی زۆر خراپ دەبێت، لەبەر ئەوەی کورد خاوەنی بلۆکێکی گەورەن لە پەرلەمانە نوێیەکەدا کە بریتییە لە ٦٢ کورسی. ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانییە، ئەوەیە هەندێ سەرکردەی کوردی هەرێمەکە هەڕەشەی ئەنجامدانی راپرسییان کرد بۆ جیابوونەوە لە عێراق، ئەگەر هاتوو مالیکی وەك سەرۆك وەزیران مایەوە. یەکێك لەو کارانەی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکان ئەنجامیدا بریتی بوو لە هەناردەکردنی نەوت بۆ بەندەری جەیهانی تورکی، ئەمە سەرەڕای ناڕەزایی و بەرهەڵستی ئاشکرای بەغدا.
پێویستە هەموو ئەم پەرەسەندنانە ئاماژەیەکی نیگەرانکەر بن بۆ واشنتۆن، بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی سیاسەتی خۆی لە ئاست عێراقدا. سەرەڕای ئەوەی بەم ساڵانەی دوایی ئاماژەگەلێکی زۆر هاتنەئاراوە لەبارەی حکومڕانی گەندەڵکارانە و خۆسەپێنانەی مالیکی، ئەوا هێشتا سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما پشتیوانی خۆی بۆ ئەم حکومەتە دووپات کردۆتەوە. بۆ نموونە، سەرکردەکانی ئەمریکا ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە کێشە و تەنگ و چەڵەمە هەڵکشاوەکانی ئەنبار و ناوچەکانی عەرەبی سوننەنشین بە تەواوەتی دەرئەنجامی چالاکی و کارە تیرۆریستیەکانی ئەل قاعیدەن، چەکی زیاتری بۆ بەغدا دابین کردووە بۆ ئەوەی ئەم یاخیبوونە سەرکوت بکات.
ئەگەرچی گومان لەوەدا نییە کە ئەل قاعیدە لە عێراقدا فاکتەرێکی گرنگ بووە لەو نائارامییەی لە ئارادایە، بەڵام ئەمە سادەکردنەوەیەکی زیاد لە پێویست و مەترسیدارە کە هۆکار بووە بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە ئەم رێکخراوە پیلانی بۆ دادەنێت. هۆکاری زیادبوونی بەرهەڵستی عەرەبی سوننە بۆ حکومەتی مالیکی زۆر لەوە ئاڵۆزترە.
پێویستە زیادبوونی سکاڵاکانی کورد لەبارەی مالیکییەوە هۆکارێکی روونتر بێت بۆ ئەوەی واشنتۆن هەست بکات کە پێویستی بەوە هەیە هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتەکەی بەرامبەر بەغدا بکاتەوە. دابەشبوونی درێژخایەن و قووڵی نێو کۆمەڵگەی عێراق زیاتر و زیاتر بەرچاو دەکەوێت، هەروەها مەترسیی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی وڵاتەکەش زیاتر دەبێت. رەنگە هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانێکی نوێ کە سازشکار بێت، ببێتەهۆی ئەوەی ئەم دەرئەنجامە روونەدات، بەڵام دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی مانگی نیسان ئەگەرەکانی درێژەکێشانی حکومڕانی گەندەڵکارانەو خنکێنەری مالیکی زیاتر کرد. ئەمەش هەواڵێکی خراپە بۆ عێراق، ئەگەر واشنتۆن ئاماژەکانی هۆشداری -کە روویان لە زیاد بوونە- لەبەرچاو نەگرێت، سیاسەتێکی ژیرانەتر پیادە نەکات، ئەوا رەنگە ئەمە ببێتە هەواڵێکی خراپ بۆ ئامانجەکانی ئەمریکا لە عێراقدا.

---

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**

**ئەگەری جیابوونەوەی هەندێ پارتی سیاسی کوردی لە حکومەتی هاوپەیمانی ئێستا لە بەغدا پەرەسەندنێکی زۆر خراپ دەبێت، لەبەر ئەوەی کورد خاوەنی بلۆکێکی گەورەن لە پەرلەمانە نوێیەکەدا کە بریتییە لە ٦٢ کورسی**

**پێویستە زیادبوونی سکاڵاکانی کورد لەبارەی مالیکییەوە هۆکارێکی روونتر بێت بۆ ئەوەی واشنتۆن هەست بکات کە پێویستی بەوە هەیە هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتەکەی بەرامبەر بەغدا بکاتەوە**



پرۆفیسۆر ریچارد شۆلتز ئەکادیمست و دیپلۆمات بۆ گوڵان:

# دەوڵەتی کوردستان وەک ئەمری واقیع بوونی هەیە تەنیا لەڕووی سیاسییەوە جاڕی سەربەخۆبوونەکەی نەدراوە

**پرۆفیسۆر ریچارد ئێچ شۆلتز ئوستادی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە کۆلیژی فلیچەر لە زانکۆی تافتس لە ئەمریکا و لەساڵی ١٩٨٥ـەوە وانە و سیمینار بە قوتابیانی خوێندی باڵا لەم بوارانە دەڵێتەوە:(رۆڵی هێز لە پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان، بەرەوپێشچوون لە بڕوابوونی سەربازیدا، بنەماو رەفتار لە کۆتاییهێنانی شەڕ، تیرۆری نێودەوڵەتی و ئاسایشی نەتەوەیی). پرۆفیسۆر شۆلتز یەکێکە لە ئەکادیمیە ناسراوەکان لەسەر ئاستی جیهان و پسپۆر لە سیاسەتی ئەمریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی ئەمریکا لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی عێراق، گوڵان ئەم وتووێژە تایبەتەی لەگەڵ ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** کێشەی سەرەکی سەدەی بیست و یەك بریتییە لە بوونی دەوڵەتی شکستخواردوو و لاواز، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتانە بوونەتە پانتاییەك و زۆنێك بۆ پشێوی و ناسەقامگیری، کاریگەری هەیە و دەبێت لەسەر ئاسایش و ئاشتیی ناوچەکە و جیهانیش، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی شکستخواردوودا بکەین لە سەدەی بیست و یەکدا؟ و چۆن رووبەڕووی ئەم کێشەیە ببینەوە؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، ئەوا بە بۆچوونی من، ئەمە دەبێتە یەکێك لە گەورەترین تەحەددیەکانی بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. چونکە ئەگەر سوریا وەك نموونە وەربگرین لەم رووەوە، ئەوا سوریا لە ماوەی پتر لە دوو ساڵی رابردوودا چۆتە دۆخی لاوازییەکی گەورەوە، و جیاوازی ناسنامەکانیش- لەم وڵاتەدا- سەریانکێشا بۆ ئەوەی ئەم شەڕە رووبدات، و لە راستیدا، پێدەچێت کۆتاییەك بۆ ئەو شەڕە لە ئارادا نەبێت، لەبەر ئەوە ئیدارەدانی دۆخێکی لەم شێوەیە پێویستی بە پابەندبوونێکی گەورەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ دەبێت، هەروەها پێویستی بە پابەندبوونێکی گەورەی هێزە گەورەکانیش دەبێت. و یەکەم کارێکیش کە پێویستە- لەم رووەوە- ئەنجامی بدەن بریتییە لە کۆتایی پێهێنان بەم شەڕە. کە ئەم کارەش بەلای منەوە زۆر زەحمەتە.

*** لە راپۆرت و لێکۆڵینەوەی سەنتەرەکانی توێژینەوە لەبارەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان و دەوڵەتە لاوازەکانەوە، هەروەها لەبارەی دۆزینەوەی چارەسەری ریشەیی و بنەڕەتی بۆ کێشەی ئیتنی، ئەم سەنتەرانە ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆکارەکە بریتییە لەو نەخشەیەی- کە بە سایکس-پیکۆ ناسراوە- کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانرا و ئەم وڵاتانەی ئێستای دروست کرد، ئەم سەنتەرانە ئاماژە بەوە دەکەن کە سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، و لە ئێستادا پێویستە سەرلەنوێ ئەم نەخشانە دابڕێژرێنەوە بۆ ئەوەی ئەم گرووپە ئایینی و ئیتنیانە بتوانن ببنە خاوەنی ناسنامەی خۆیان و دانیان پێدابنرێت، راو بۆچوونی ئێوە چییە؟ ئایا بە گۆڕانی ئەم نەخشەیە ئەم کێشانە کۆتاییان دێت و چارەسەر و یەکلا دەبنەوە؟**

- راستییەکە ئەوەیە کە ئەو رێککەوتنە ئەو سنوورانەی دروست کرد کە ئێستا ئێوە پێیان ئاشنان، لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەشدا ناسنامەی جیاواز و گرووپی جیاواز هەن، ئەمەش بە مانای ئەوە نییە کە ناتوانن پێکەوە بژین و سیستمێك پێك بێنن کە لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا بێت، چونکە ئەمە لە بەشەکانی

دیکەی جیهاندا روویداوە. پێموایە کێشەکە- بەتایبەتی دوای جەنگی دووەمی جیهان ئەوە بووە کە دەوڵەتەکانی ئەو ناوچەیە لەلایەن دیکتاتۆرەکانی بەڕێوە بردراون، ئەم دیکتاتۆرانەش لەبری ئەوەی فرەییەکی سیاسی دروست بکەن و چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابنێن، کە رەنگە هەندێ جار لە فۆرمی سیستمی فیدراڵیدا بێت، بەڵام ئەوان ئەم کارەیان نەکرد.

لەبەر ئەوە لە ئێستادا بەم دەرئەنجامە گەیشتووین، بەڵام دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ سایکس پیکۆ و بڵێیت ئەمە سەرەتای کێشەکە بوو، ئەمە ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا بوو، بۆ نموونە، بە بۆچوونی من دەکرا لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە کاتێك ئاستی توندوتیژی دابەزی دەرفەتێك لە ئارادا بوو بۆ ئەوەی دەست بە پرۆسەیەکی سیاسی بکرێت کە لە ماوەی ٤ بۆ ٥ ساڵدا هەل و مەرجێکی سیاسی وا دروست بکرایە کە فیدراڵیزم و سەروەریی یاسا بهێنرایەتە ئاراوە.

بە داخەوە، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمە پێویستی بە لایەنی سێیەم و بە ناوبژیوان هەبوو، کە دەکرا ئەمریکا و هەندێ لە دەوڵەتە دیموکراسیەکانی ئەوروپا ئەم رۆڵەیان ببینیایە، رۆڵی ئاسانکاری ببینن، لەبری ئەوەی پاشەکشە بکەن. بەڵام هەل و مەرجێکی سیاسیت هەبوو کە هەوڵی بەدەست بەسەرداگرتن دەدرا، لەبری ئەوەی کار بۆ سازشکردن بکرایە. ئەمە وەڵامێکی ئاڵۆزە، بەڵام ئەمە تێڕوانین و دیدگای منە، دەتوانیت ئاوڕ بۆ دواوە بدەیتەوە و بڵێیت بارودۆخی دوای جەنگی دووەمی جیهان بەرپرسە لەم کارە. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ناتوانیت پرۆسەیەکی سیاسیت هەبێت کە سەربکێشێت بۆ سیستمێك کە لەسەر بنەمای سەروەری یاسا بنیات بنرێت، کە تێیدا ناسنامە جیاوازەکان دەتوانن رێکبکەون لەسەر کۆمەڵێك رێسای سیاسی هاوبەش.

*** ئەگەر وەك نموونە لە بارودۆخی سوریا بڕوانین، ئەوا دەبینین کە هێشتا جیهان ناتوانێت هیچ شتێك بکات لە ئاست سوریادا، هەروەها ئاشکرایە کە ئەم وڵاتە لەڕووی ناوخۆییەوە دابەش بووە، بەشێکی بەدەست رژێمەکەی ئەسەد و بەشێکی بەدەست گرووپە تیرۆریستیەکانەوە و کوشتن و خوێنڕێژی و توندوتیژی بەردەوامە لەو وڵاتەدا، هەروەها نیوەی زیاتری خەڵکی وڵاتەکە ئاوارەن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی جیهان هیچ کارێك ناکات بۆ سنووردارکردنی ئەم کارەساتە مرۆییە و بۆچی تەماشاکارە؟ و بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان بێدەنگە لە ئاست ئەم هەموو کوشتار و کارەساتانەدا و بۆچی هەڵوێستی نییە بۆ سنووردارکردنی ئەم کارەساتە مرۆییە؟**

- من دەڵێم لە زۆر رووەوە سوریا بۆتە هێزێك- هێزێکی موگناتیسی- بۆ کێشکردنی توندڕەوەکان، بە تایبەتی ئەو گرووپانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان گرێدراون بەرێکخراوی ئەلقاعیدەوە. چونکە بەلای ئەم گرووپانەوە-سوریا- بۆتە گۆڕەپانێکی سەرەکیی شەڕکردن. لە راستیدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەو گۆڕەپانە سەرەکیەی شەڕکردن بەلای ئەو گرووپانەوە بریتی بوو لە عێراق، هەروەك ئێوە دەزانن و لە یادتانە کە ئەوان لە دوای دەستێوەردانی ئەمریکا و ناردنی هێز لە ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨، لەلایەن هێزەکانی عێراق و ئەمریکاوە تێکشکێنران و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن- لە عێراق-، بەڵام ئێستا ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ سوریا، و بڕوانە چی روودات و ئەوان شوێنێکی وەك سوریا وەك ئەگەرێك بۆ سەرکەوتنێکی گەورە سەیر دەکەن. ئەگەر ورد بینەوە، ئەوا لە زۆر رووەوە ئەمە هەمان وێنای ئەوانە کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردودا بۆ ئەفغانستان هەیانبوو، کاتێك پێیانوابوو ئەوان شکستیان بە هێزێکی گەورە و مەزن-سوپەرپاوەر- هێناوە. لەبەر ئەوە ئێستا ئەوان بە دوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕێن کە پێیانوایە دەتوانن سەرکەوتنێکی گەورەی تێیدا بەدی بهێنن. و پێموایە ئەوان حاڵی حازر بەم شێوەیە سەیری سوریا دەکەن، بڕوانە ژمارەی توندڕەوەکان گەیشتۆتە چەند لەو وڵاتەدا؟

*** ئەزموونی عێراق ئەوەی پیشان داوە کە کێشە ئیتنی و ئایینیەکانی وڵاتان بە رووخاندن و لەناوبردنی رژێمە دیکتاتۆریەکان و بنیاتنانی سیستمێکی نوێ چارەسەر نابن، واتە مەسەلەکە ئەوەندە ئاسان نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا وەك سوپەر پاوەرێك نەتوانێت کێشەی دەوڵەتە شکستخواردوو و لاوازەکان چارەسەر بکات، بۆچی رێگانادات نەتەوەکانی ئەم وڵاتە خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، بۆ نموونە ئەگەر کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەوێت، ئیتر بۆچی نەیانبێت؟**

- ئەگەر باسی ئەزموونی ئەمریکا لە عێراقدا بکەین، ئەوا پێموایە ئەزموونی ئەمریکا یەکێکە لە شکستە سەرەتاکان و دەتوانین بەم شێوەیە راڤەی بکەین، بەڵام دواتر بەهۆی زیادکردنی خێرای هێز و هەوڵ و کۆششەکانی هێزی مارینزەوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨دا، عێراق لە دۆخێکی پتر سەقامگیردا بوو. لەو کاتەدا ئێمە بە گۆڕانکاری لە ئیدارەی ئەمریکادا تێپەڕین-ئیدارەی ئەمریکا گۆڕا-، و ئەو حکومەتەش، کە ئێستاش لە دەسەڵاتدایە، ویستی بکشێتەوە و پاشەکشە بکات لە عێراقدا و لە کۆتاییدا ئەم

**دەکرا لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە کاتێک ئاستی توندوتیژی دابەزی دەرفەتێک لە ئارادا بوو بۆ ئەوەی دەست بە پرۆسەیەکی سیاسی بکرێت کە لە ماوەی ٤ بۆ ٥ ساڵدا هەل و مەرجێکی سیاسی وا دروست بکرایە کە فیدراڵیزم و سەروەریی یاسا بهێنرایەتە ئاراوە**

**گرووپە توندڕەوەکان شوێنێکی وەک سوریا وەک ئەگەرێک بۆ سەرکەوتنێکی گەورە سەیر دەکەن. ئەگەر ورد بینەوە، ئەوا لە زۆر رووەوە ئەمە هەمان وێنای ئەوانەن کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردودا بۆ ئەفغانستان هەیانبوو**

کارەشی هەر ئەنجامدا. من خۆم ئەمە بە هەڵەیەکی ستراتیژی دادەنێم، چونکە پێویست بوو ئەمریکا لە عێراقدا بمایاتەوە، بۆ ئەوەی وەك ناوبژیوانێك لە نێوان سێ بەشەکەی عێراقدا کاری بکردایە، و هاوکاری – ئەم وڵاتەی- بکردایە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری سیاسی، چونکە ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە ناوبژیوانە، و هەستی من ئەوەیە ئەمریکا عێراقی جێهێشت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرگای بۆ ئێران خستەسەر پشت و دەرگای بە ڕووی جیهادییەکاندا واڵا کرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەم وڵاتە، و ئێستاش هەردووکیان لەو وڵاتەدان. تەنیا بەشی سەقامگیری عێراق کە هەبێت، بریتییە لە بەشە کوردیەکەی.

*** هەرێمی کوردستان کێشەی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا هەیە، و شەڕ و توندوتیژی لە بەشەکانی دیکەی عێراق بەربڵاون و بوونەتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری هەرێمی کوردستان، و ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لێی بڕوانین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەمریکا ناتوانێت کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات و یەکلایان بکاتەوە، و زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە تەنیا چارەسەری کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی بریتییە لە سەربەخۆیی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هانی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان نادرێت؟**

- لەبەر ئەوەی دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ سیاقی عێراق لە ڕێی گرتنەبەری ئەم پێگەیەوە. و حکومەتی ئێستای واشنتۆن دەیەوێت خۆی لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوچەکە وەرنەدات، بەڵام نایانەوێت هانی جیابوونەوەی کوردەکانیش بدەن، ئەوان هەرگیز ئەم بڕیارە سیاسییە نادەن، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سیاسەتانەی لە ئێستادا دەیگرنەبەر کە بریتییە لە تێوەنەگلان لە ناوچەکە. بۆ نموونە کاتێك ئەوان هەڵوێستێکی توندیان گرتەبەر و هۆشداریان دا ئەگەر هاتوو حکومەتی سوریا هێڵی سوور ببەزێنێت و چەکی کیمیایی بەکار بهێنێت، ئەوا کاردانەوەی سەربازیان دەبێت، بەڵام ڕژێمەکەی ئەسەد ئەو هێڵە سوورەی بەزاند و چەکی کیمیایشی بەکارهێنا و کاردانەوەی سەربازیشمان نەبینی. لەبەر ئەوە ئەمە پێمان دەڵێت کە واشنتۆن بە نیاز نییە هەوڵی گرتنبەری ئەم ڕۆڵە چالاکە بدات، و دان بە مافی کوردستانیشدا نانێت بۆ ئەوەی جیا ببێتەوە.

*** چەندین کارەسات ڕوو دەدەن و بەردەوامیشن، ئایا کەی کۆتایی بەم کارەساتانە دەهێنرێت؟**

- کێ دەزانێت، کەس نازانێت بارودۆخی سوریا چۆن دەشکێتەوە. حکومەتەکەی ئەسەد دەتوانێت کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو بکات، و هاوکاری لە ئێران و حزبوڵلا وەردەگرێت و هەروەك ئێوەش دەزانن میلیشیای شیعە هەن لە عێراقدا کە عێراق ڕێگەیان پێدەدات بتوانن کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو بکەن. ناوچەکانی دیکە لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای سووری ئازاددان یان لە ژێر کۆنترۆڵی جیهادیەکاندان، هیچ یەکێك لەو سێ لایەنە توانای بردنەوەیان نییە، ئەوەی دەتوانن بیکەن ئازاردانی یەکتری و کاولکاری و زیادکردنی ژمارەی پەنابەرانە.

*** بەهۆی ئەو بارگرژییەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزیدا هەیە، هەروەها لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆر و زەوەندی وزەیە کە دەکرێت و دەتوانرێت هەناردەی دەرەوە بکرێت، ئەوا لەم ساتەوەختەدا و لەم قۆناغەدا کوردەکان لە هەموو کاتێك زیاتر متمانەیان بە خۆیان هەیە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو جیابوونەوە بنێن و جاڕی سەربەخۆیی بدەن، توندوتیژی و شەڕ لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بوونەتە هۆی سەرچاوەی هەڕەشە بۆسەر سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و گەشەکردنی هەرێمی کوردستان، ئایا تا چ ڕادەیەك جیابوونەوە و جاڕدانی سەربەخۆیی شتێکی مومکینە لەم کاتەدا، ئایا هەل و مەرجەکە لەبار و گونجاوە؟ ڕاو بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**


- پێموایە لە ڕووی ئەمری واقیعەوە دەوڵەتی کوردی لە ئارادایە، مەسەلە سیاسییەکە ئەوەیە کاتێك جاڕی سەربەخۆیی یان جیابوونەوە دەدەیت، ئایا تا چ ڕادەیەك دەتوانیت دانپێدانان بەدەست بهێنیت، بەلای منەوە زەحمەتە دانپێدانانی لایەنێکی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنەکانی دیکەی وەك هێزە گەورەکان بۆ ئەم کار و هەنگاوە بەدەست بهێنیت، چونکە دوودڵییەك هەیە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنەکانی دیکەوە، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر ڕێگە بە کورد بدرێت، ئەوا ئەوانی دیکەش هەمان داواکاریان دەبێت. ئەو ڕاستییەتان لەیاد بێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای دەوڵەتەکان بنیات نراوە، کە هەموو ئەم دەوڵەتانەش لە ڕووی پێکهاتەوە هەمەڕەنگن، لەبەر ئەوە دانپێدانانی سیاسی زۆر ئاڵۆزە، لەبەر ئەوە تەنانەت ئەگەر بتوانن ئەم کارەش بکەن و بتوانن لە عێراق جیا ببنەوە، ئەوا هێشتا بەدەستهێنانی دانپێدانانی سیاسی زۆر ئاسان نابێت.

من هیوادارم سەردانی هەرێمی کوردستان بکەم و ببینم، لەبەر ئەوەی چەند قوتابییەکی کوردم هەن کە باسی ئەوەم بۆ دەکەن کوردستان چەند گەشەی کردووە.

**پێویست بوو ئەمریکا لە عێراقدا بمایاتەوە، بۆ ئەوەی وەک ناوبژیوانێک لە نێوان سێ بەشەکەی عێراقدا کاری بکردایە، و هاوکاری – ئەم وڵاتەی- بکردایە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری سیاسی**




# ستراتیژیەتی پەرتکردنی مەزهەبی و سەنترالیزمی شۆڤێنی
# هۆکارەکانی بەرپەرچدانەوە و چارەسەرکردنی



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
**بۆ گوڵانی نووسیوە**

سیما جیاکەرەوەکانی قۆناخەکانی حکومڕانی مەزهەبی و، وردەکاری پلانەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات بەو مانایەی (کورسی دەسەڵات غەنیمەیە)، وەك دەبینین کەرەستە دیارەکان بۆ پیادەکردنی پاوانخوازی و سەپاندن دووباڵی گرنگ لەخۆ دەگرن، باڵی یەکەمیان بریتییە لە فەسادی سیاسیی و دارایی، باڵی دووەمیشیان رەفتاری ترس و تۆقاندن و سەرسەرییانەیە. بۆیە ئەوە کارێکی سروشتیە گوتاری مەزهەبگەرایی سیاسی کۆنترۆڵی گوتاری سیۆکراتی بەهەموو شێوازەکانیەوە بکات و دەست بکات بە درۆی چەواشەکارانە و بارودۆخی نەزانینی و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری بقۆزێتەوە، ئەمە بێجگە لە قۆستنەوەی دیاردەی هەژاریی و بێکاری.

ئەو حاڵەتەش دەبێتە یاریدەدەر بۆ ئەوەی زۆر بە ئاسانی لەسەر کارە تاوانکارییەکانی بەردەوام بێت، ئەوەیە ئەو خەڵکەی دەبێتە پشتیوانی مەزهەبگەرایی سیاسیی و پلانی مانەوەی بۆ دادەڕێژێت، هاوشانی قۆناخەکانی پلانەکە گەشە بەخۆیەوە نابینێ بۆ ئەوەی زیاتر پاوانی کورسی دەسەڵات بکات و تاسەر ئیستفزازی خەڵکی هۆشیار بکات، لەبەر ئەوەی خەڵکی هۆشیار هەستی بەوە کردووە کە هەموو نەهامەتیەکانی وڵات سەرچاوەکەی مەزهەبگەرایی سیاسی و سیستمی تاکڕەوی سیۆکراتی و رەفتارە چەواشەکارییەکانیەتی، بۆیە لەم حاڵەتە دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی سیاسیی لەپێناوی مانەوەی خۆی دەگاتە قۆناغی ئیستغلالکردن تاسەر ئێسقان، بوون و ناسنامەی نیشتمانی دەهاڕێت و بونیادی دەوڵەتی مەدەنی بە ئامڕازەکانی کە لەبەر دەستیەتی لەبەریەکهەڵدەوەشێنێتەوە و بەمەش درێژە بە خوێنمژینی خەڵکی سادە و هەڵخەڵەتاو دەدات.

## ئایا قۆناخی تازە چاوەڕوانکراو لە سیاسەتی دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی لە عێراق چییە؟

با دیمەنی گشتی وڵات بخوێنینەوە، چۆن دەتوانین لە هۆکاری ئەو وەرچەرخانە بۆ ئەو قۆناخە بە سیما و میکانیزمەکانیەوە ئاشنا بین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەم خاڵانە دەدەینەوە:

- ئەوەی یەکەمجار تێبینی دەکەین، پەککەوتنی بازنەی ئابوورییە و پەکخستنی تەواوی کۆمپانیا و کارگە و کێڵگە کشتوکاڵییەکان و گۆڕینیەتی بۆ زەوی بەیار، تەنانەت هەتا ئەو زەوییە بۆ لەوەڕگاش نەشێت.
- هاوشانی ئەم دیاردەیە فراوانبوونی دیاردەی بێکاریی و زیادبوونی ڕێژەی هەژارییە لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی. ئەمەش وایکردووە کە توێژێکی فراوانی پەراوێزخراو لە کۆمەڵگە دەربکەوێت و لەم تەنگژەیەشدا چینی ناوەڕاست بهاڕێت و بوونی بەتەواوی بسڕێتەوە.
- هاوشانی ئەم دیاردانە هەستدەکرێت کەرتەکانی چاودێریی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و چاودێری پەروەردە و خوێندن پشتگوێ دەخرێن، ئەمەش وایکردووە کەشێکی زاڵی نەخوێندەواری دێتە ئاراوە لەلایەك و لەلایەکی دیکەش بە دەیان فەوج کە لە خوێندەوار دەچن لەناو قوتابخانە ئایینیەکان دەئاخنرێن و، دەبنە مشەخۆر لەسەر جەستەی ئەو چینە پەراوێزخراوانەی ئەو بارودۆخە دروستی کردوون، بەمەش بەهای دیکە بۆ کۆمەڵگە دێتە ئاراوە و سەرلەبەر کۆمەڵگەی عێراقی بۆ دواوە دەگەڕێتەوە.

لە بەرامبەر ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کۆمەڵگە؛ هێزە مەزهەبگەراییە لۆکاڵیەکەی عێراق بووە دیلی هەردوو هۆکاری گەندەڵی و ئیرهاب، ئەمەش بەجۆرێکە کە دزی مافیاکان گەورەترین گەندەڵیە کە درێژ دەبێتەوە بۆ سەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەمەش زیاتر سەرکوتکاری شەڕخوازان و بێ سەروبەری توخمە توندڕەوەکان بۆ ملکەچپێکردنی باڵی مەزهبگەرایی توندڕۆ، ئەمەش یەکێکە لەدەرهاویشتە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر بارودۆخی عێراق.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دزەکردنی ئەم ڕەوتە مەزهەبگەراییە سیاسییە بۆ ناو بزاوتی نیشتمانی و مەدەنی و دیموکراتی ئاشتیخوازانە و کاریگەری لەسەر سروشت و ناسنامەکەی، ئەوا هێزە مەزهەبگەراییە سیاسییەکان بەپێی پلانەکانیان و پلانی ئەوانەشی پشتیان دەگرن، هەنگاوی زیاتر بەرەو لێکهەڵوەشانی نیشتمانی هەڵدەگرن، ئەمەش لە ئاستی لەبەر یەکهەڵوەشانی بونیادی دەوڵەت، پاش ئەوەی زەمینەی دابەشکردنی مەزهەبگەرایی لەسەر ئاستی کۆی کۆمەڵگە بۆی سازکراوە. هەربۆیە دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی سیاسیی هەموو هۆکارێك لە شەڕە تازەکانیدا تاقی دەکاتەوە بۆ پاکتاوی ئیتنی و ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، بەمەش ئەو بارودۆخە دروست دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ تەشکیلاتی پێش دەوڵەتی نیشتمانی.

لێرەدا گرنگە جەخت لەسەر ئەو لەبەریەکهەڵوەشانە بکەین، بەوەی پەنابردن بۆ دروستکردنی کانتۆنی مەزهەبی، ئەو مانایە ناگەیەنێت کە ئەمە وەڵامدانەوەیە بۆ خواستی پێکهاتەیەك و دانپێدانان بەماف و بوونی ئەو پێکهاتەیە بە ناسنامەی نەتەوەیی یان ئایینیەوە، لەبەر ئەوەی دروستکردنی ئەم شێوازە ئامانجی دەوڵەتی هاوچەرخە بە شێوازی فیدرالی یان کۆنفیدرالی، بەڵام ئەوەی دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی مەبەستێتی، پشت بەستنە بە لێکترازان و ڕەتکردنەوەی هەموو شێوازێکی بونیادی دەوڵەتی هاوچەرخ و پێکهاتەی کۆمەڵگەی هاوچەرخە کە لەسەر پاشخانی مۆدێرنە دامەزراوە، بۆیە ئێمە لێرەدا ناچارین خوێندنەوە بکەین، بۆ ئاستی بیرکردنەوەی مەزهەبگەرایی سیاسیی و ئەو تاوانانەی ئەنجامیان دەدات و بەمەش دەوڵەت و کۆمەڵگەی عێراقی بۆ ناو ئەو پاشاگەردانیە پەلکێش دەکات.

لەسەر ئاستی عێراق، یەکەم ڕێگە بۆ ئەم لێکترازانە بە ئاراستەی ڕۆژئاوای عێراق و دروستکردنی ئیماراتی شەڕە، ئەمە زۆر لەوە زیاتر لەبەریەکهەڵوەشاوە کە هەرێمێك بێت و ژینگەیەکی مەزهەبی دروست کردبێت، بۆیە دەسەڵاتی حکومڕان پێش وەختە دابەشکردنی خستۆتە نێوان گرووپ و بزاڤ و ئەو میلیشیا دروستکراوانەی کە خزمەتی ئامانجێکی دوورتر لەو کانتۆنە فشۆڵانە دەکات. ئەوان دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەم کانتۆنە فشۆڵانەوە بگەنە ئاستی بوونی جۆرێك (گیتوات) ئەوەی پێی دەڵێن خۆپاراستن بەرێگەی ڕەفتاری سەرسەرییانە و ملیشیایی بێ سەروبەر. ئیدارەی فەرمی عێراقیش زۆر باش ئەمەی شاردۆتەوە و ئامانجەکانی خۆی خستۆتە سەر ئاگرێکی هێمن و خۆی دوورخستۆتەوە لە توونی ئاگردانی ئەو جەهەننەمە و بەرداشی هاڕینی مرۆڤ و داواکارییەکانی.

لێرەدا ناتوانین هەموو ئاراستەکانی دیکەی هەوڵەکانی مەزهەبگەرایی سیاسیی بۆ لەبەر یەکهەڵوەشانی دەوڵەت لەبەرچاو نەگرین، چونکە ئاراستەی هەوڵەکان تەنیا بەرەو ڕۆژئاوای عێراق نین، بەڵکو بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵات و باکووریشە، لەناویاندا ئاراستەی بەرەو کوردستانیش هەیە، کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی ئارام و تا ئەوپەڕ سەقامگیر و ئاشتیە و لە ڕووی کۆمەڵگەوە بە هۆکاری بونیادی سیستمی و مەدەنی و تایبەتمەندییەکانیەوە جێگیرە. بەڵام هەوڵەکانی مەزهەبگەرایی سیاسیی بەرەو ڕۆژهەڵاتی عێراق، هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە کانتۆنی ملکەچپێکراو دروست بکەن، لەمەشدا لایەنی ئیقلیمی هەیە پشتگیری ئەم سیاسەتەی مەزهەبگەرایی سیاسیی دەکات، هەروەك چۆن لە باشووری وڵات ئەنجامیان داوە و، ئەمەش وایکردووە کە هێز و بزاوتەکان هاوپەیمانی لایەنی دەرەکی بن، ئەمەش ئاشکرایە کە مەسەلەکە هەروا بەسادەیی نییە و لایەنی دەرەکی بە ریمۆت کۆنترۆڵ ئەم گرووپ میلیشیانە دەجولێنێت و هەنگاو بەهەنگاو بەرنامەی خۆی تەواو دەکات، ئەوجا لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیدا تەفاعولیان پێدەکات و دەیکاتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی ئەم لایەن ئەو لایەن، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ململانێیەکە.

**ئەو خەڵکەی دەبێتە پشتیوانی مەزهەبگەرایی سیاسیی و پلانی مانەوەی بۆ دادەڕێژێت، هاوشانی قۆناخەکانی پلانەکە گەشە بەخۆیەوە نابینێ بۆ ئەوەی زیاتر پاوانی کورسی دەسەڵات بکات و تاسەر ئیستفزازی خەڵکی هۆشیار بکات**

**دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی سیاسیی لە پێناوی مانەوەی خۆی دەگاتە قۆناغی ئیستغلالکردن تاسەر ئێسقان، بوون و ناسنامەی نیشتمانی دەهاڕێت و بونیادی دەوڵەتی مەدەنی بە ئامرازەکانی کە لەبەر دەستیەتی لەبەریەکهەڵدەوەشێنێتەوە و بەمەش درێژە بە خوێنمژینی خەڵکی سادە و هەڵخەڵەتاو دەدات**

**دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی سیاسیی هەموو هۆکارێك لە شەڕە تازەکانیدا تاقی دەکاتەوە بۆ پاکتاوی ئیتنی و ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، بەمەش ئەو بارودۆخە دروست دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ تەشکیلاتی پێش دەوڵەتی نیشتمانی**

**ئەوەی دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی مەبەستێتی، پشت بەستنە بە لێکترازان و رەتکردنەوەی هەموو شێوازێکی بونیادی دەوڵەتی هاوچەرخ و پێکهاتەی کۆمەڵگەی هاوچەرخە کە لەسەر پاشخانی مۆدێرنە دامەزراوە**

**ناتوانین هەموو ئاراستەکانی دیکەی هەوڵەکانی مەزهەبگەرایی سیاسیی بۆ لەبەر یەکهەڵوەشانی دەوڵەت لەبەرچاو نەگرین، چونکە ئاراستەی هەوڵەکان تەنیا بەرەو رۆژئاوای عێراق نین، بەڵکو بەرەو باشوور و رۆژهەڵات و باکووریشە**

**وەستانەوە بە رووی سیاسەتی رەگەزپەرستی شۆڤێنی و تاوانەکانی پاکتاوی ئایینی و مەزهەبی لە شارەکانی عێراقدا، دەبێتە یەکەم سەنگەری تەحددی و بەرپەرچدانەوەی فەلسەفەی مەزهەبگەرایی، کە ئەم فەلسەفەیە پرسی سەرەکیە بۆ پاکتاوکردنی وڵات لە هێزە مەدەنییەکان**



ئەمەش مانای ئەوەیە هەلی گـــەل و هێزە زیندووەکەی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم بەلاڕێـــدا بردنە، وەك هەلی بردنەوەی ئەو لایەنەیە لە ســـێکوچکەی (مەزهەبگەرایی، گەندەڵی، ترس و تۆقاندن) و ئامانجیشـــیان درێژەپێدانی خۆسەپاندنە بەو میکانیزمەی کانتنۆنە دروستکراوەکان بەرێگەی ریمۆت کۆنترۆڵ بەگژ یەکتریدا بکەن.

لەم هاوکێشـــەیەدا دۆڕاوی گەورە هاووڵاتیە، ئەو هاووڵاتیە سادەیەی کە بەرێگەی چەواشەکاری و گەوجاندن و ئیستفزاز کردن، ئیرادەکەی دزراوە و چیدیکە هەســـت ناکات خاوەنی ئیرادەیە، بۆیە ئێمە لەم حاڵەتە باســـی تیۆری پیلانگێڕی و میکانیزمی هەڵسوڕانی کارەکان بەشێوەی خەیاڵی نەخۆشێك ناکەین، کە هەموو ئەو یاسایانە رەتدەکەنەوە کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا ململانێکەی پێ هەڵدەسوڕێت. بەڵکو ئێمە بەدوای ئەوە دەگەڕێین کە ئەم بارودۆخە بەرەو لەبەریەکهەڵوەشـــانی تەواو و ئەگەری نەمانی دەوڵەتی هاوچەرخ دەگەین، لەبەر ئەوەی هێزێك هەیە لە رێگەی دروســـتکردنی ئەم کانتۆنە ملپێکەچکراوانە هەوڵی بۆ دەدات.

بۆیە ئەگەر لەم میتۆدە، دۆڕاوی یەکەم هاووڵاتی بێت، ئەوا لەبەرامبەردا سوودمەندی گەورە ئەو رژێمە ئیستغلالیەیە کە بەردەوامە لە دزینی ســـامانی نیشتمانی، کە بەسەرچاوەی سروشـــتی دەســـتپێدەکات، کە یەکەمیان نەوتە و سڕکردنی ئەو ســـەرمایە گەورە مرۆییەیە کە عێـــراق خاوەنیەتی، ئەم ســـوودەی ئەم رژێمە لەبەر هەموو میکانزمیە دۆزەخیەکانی و بەرداشـــە هەمجیەکانی بەدەستی دەهێنێت، ئەوەیە کە ئەم رژێمە تەنیا بەوە ناوەستێت ئیستغلالی ئیرادە و تواناو کاری هاووڵاتیان بکات، بەڵکو ناســـنامەی لاوەکی دروست دەکات بۆ ئەوەی هەست بە ناسنامەی نیشتمانی نەکات، بۆیە ئەم رژێمـــە لۆژیکێکی خۆ بەلزانی شـــۆڤێنی بەرامبەر هەموو گرووپە نەتەوەیی و ئایینـــی و مەزهەبیەکان هەیە و رێگە نادات هیچ شێوازێك بگیرێتە بەر کە ببێتە بناخە بۆ بونیادی دەوڵەتێکی مەدەنی و رێزگرتن لەماف و بوون و ناســـنامەی پێکهاتە جیاوازەکانی.

## مەترسیەکانی مەزهەبگەرایی سیاسیی لە قۆناخی تازەدا

دیاترین مەترســـی کە بۆ قۆناخی داهاتووی عێراق هەستی پێدەکرێـــت، خۆی لەو هەوڵـــە مەزهەبگەرایی سیاســـییە دەبینێتەوە، بەوەی هەموو میکانزمێکی ئیســـتغلال کردووە بۆ ئەوەی جارێکـــی دیکەش لە دەســـەڵاتدا بمێنێتەوە، بۆ ئـــەوەی بگاتە بارودۆخێکـــی تازە بۆ ئەوەی دەســـەڵاتی خۆســـەپێنی خۆی بەشێوەیەکی مەرکەزی بچەسپێنێت و بۆ ئەم ئامانجەش هەرچۆنێك بۆی بلوێت بەو جۆرە گەل دابەش دەکات و بەو شـــێوازەی کە بتوانێت بە ئاســـانی کۆنترۆڵیان بکات، کە ئەمەش خۆســـەپێنێکی شۆڤێنیانەیە و بەرەو ئەو ئاراســـتەیەی دەبات، هەر لایەنێك جیاوازی لەگەڵی هەبێت یان رەخنەی لەشێوازی حکومڕانیەکەی هەبێت وەك دوژمن ســـەیری دەکات، ئەوجا ئەگەر لەم چوارچێوە عێراقیەوە بۆ قۆناخی داهاتوو ســـەیری کوردســـتان بکەین بەو سیفەتەی کوردستان بناخەیەکی پتەوی بۆ بونیادی دەوڵەتی مەدەنی دژی قۆناخی پێش دەوڵەت دروســـتکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئەم لایەنە مەزهەبگەراییە سیاسییە ئەمجارەش دەســـەڵات وەربگرێتەوە، ئەوە کوردســـتان دەبێتە یەکێك لەو ئامانجانەی کە مەزهەبگەرایی دەیەوێت ئیختراقی بکات.

ئەو پرسەی پێویستی بە حەزەرێکی ئیستسنائی و وردەکاری بابەتـــی گرێدراو بـــە لۆژیکی ئەقڵێکی رۆشـــنگەری و هاوپەیمانـــی هێزە دیموکراتیەکان و پێشخســـتنی ئاشـــتی ناوخۆوە هەیە، ئەوە یەکڕیزی بڕیاری لایەنە کوردستانیەکانە لەسەر ئاســـتی ناوخۆ و هەروەها لەســـەر ئاستی پێوەندییە نیشـــتمانیەکانی عێراق، هەروەها لەســـەر ئاستی ئیقلیمی بەشـــێوەی راســـتەوخۆ و ناڕاســـتەخۆ. بۆیە هەر لایەك لە چوارچێوەی مانۆرە سیاسییەکانی پشت بە هێزێك لەدەرەوەی گەلی کوردســـتان ببەســـتێت، ئەبێت هۆشداری بەوە هەبێت دەکەوێتە کارەســـاتەوە، ئەم کارەســـاتەش هـــەر ئەوەندە نییە لایەنەکانی دیکە پەلکێش بکات، بەڵکو خۆی پەلکێش دەبێت بۆ ناو کارەساتەکە ئەگەر لەگەڵ هێزێکی دەرەکی هاوپەیمانی بکات، بەمەش دەبێتە ئەســـپی تەروادە بۆ هێزێکی دەرەکی کە هەمـــوو ئامانجی ئەوەیە هەرێمی کوردســـتان ئیختراق بکات و بە رەفتارە تاوانکارەکانی سیمای هەرێمی کوردستان بشـــێوێنێت، کە ئێستا هەرێمی کوردستان لە رووەکەی دیکە سیمای دەوڵەتی عێراقی فیدرالی پیشاندەدا.

وەســـتانەوە بە رووی سیاســـەتی رەگەزپەرســـتی شۆڤێنی و تاوانەکانـــی پاکتاوی ئایینی و مەزهەبی لە شـــارەکانی



عێراقدا، دەبێتە یەکەم سەنگەری تەحددی و بەرپەرچدانەوەی فەلسەفەی مەزهەبگەرایی، کە ئەم فەلسەفەیە پرسی سەرەکیە بۆ پاکتاوکردنی وڵات لە هێزە مەدەنییەکان، ئەم هێزە هێزێکی دەوڵەمەندی فرەییە کە لۆژیکی ژیان و دیموکراتی فەرزی دەکات.

هەروەها هاوشانی ئەم تەحددیانە، هەوڵی دیکە رووبەڕووی کورد دەبێتەوە، بەو شێوەیە کورد لایەنێکی دیکەی عێراقی فیدرالییە، ئەم تەحددیەش ئەو هەوڵانەن بۆ زیاتر پەرتکردنی هەڵوێست و یەکڕیزی نێومالّی کورد بەرێگەی جیاواز، ئەمەش لەوانەیە بە پەنابردن بێت بۆ ئیستغلال کردنی جیاوازیی یان هەڵوێستی جیاوازیی لایەنە کوردستانیەکان، بە تایبەتی لە مەسەلەی پێکهێنانی شاندی کوردستانی یەکگرتوو بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، یان هەوڵدان بێت بۆ ئیستغلالی لایەنە کوردستانیەکان بۆ تیڕوانیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و فیدرالی. بۆیە لێرەدا پێویستە بەرپەرچی هەریەك لەم ئەگەرانە بەتوندی بدرێتەوە، ئەوجا ئەو هەوڵانە بچووك بن یان گەورە، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە هەوڵانە لایەنەکان دەکاتە ئەسپی تەروادە و، دەبێت ئەو لایەنە دیاریکراوانە لە مەترسی دەرکەوتنی ئەسپێکی تازەی تەروادە تێبگەن.

لە دووماهیدا، ئاراستەی لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەت بەرەو ئەو کانتۆنانەی دەبنە ملکەچی دەسەڵاتێکی تاکڕەوی شۆڤێنی، ئەگەرێکە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، هەروەها ئەگەرێکی بەهێزیشە بەوەی دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی گەمەی سیراعەکە بخاتە ئەو کانتۆنانە، بۆیە زۆر نزیکە لەم قۆناخە تازەیە ئەمە دەربکەوێت، لەبەر ئەوە ئەمە فەرزی دەکات کۆنگرەی توێکاری بۆ ئەم پرسە بکرێت و بۆ ئەوەی ئامادەباش بین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم کارەساتە، لەسەر ئاستی ئەدای سیاسیی هەموو لایەنەکانیش، دەبێت هەموو لایەك هۆشدار بن، کە سازش لەسەر پرانسیپەکان و مەرجی هاوپەیمانی پرۆگرامی لایەنە حکومیەکان و میکانیزمی جێبەجێکردن نەکەن، هەر بۆ نموونە رێککەوتنەکان ئیلزام بکرێن بە مەرجەکان و ئەو سەقفە زەمەنیەی بۆی دیاری دەکرێت، ئەگەر مەرجەکان لە وادەی دیاریکراوی خۆی نەکرا، دەبێت پەنا بۆ بەدیلی جۆری و گەوهەری ببرێت بەوەی رێگە لەو هەوڵە تاکڕەویانە بگیرێت، کە مەبەستێتی ئەو پرۆسە سەنتراللیە شۆڤێنیە تەواو بکات کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد.

هەموو ئەمانە ئەو پرسانەن لە نێوان هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کانتۆن لەلایەن مەزهەبگەرایی سیاسییەوە، هەروەها لەنێوان هەلی بەرپەرچدانەوە و چارەسەری نیشتمانی بە رێگەی بونیادی دەوڵەتێکی مەدەنی و مسۆگەرکردنی ماف و ئازادییە تایبەتیەکان بە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان، کە دەبێت ئەم ماف و ئازادییانە شایستەی بارودۆخی بوونی مرۆیی بێت و رێزگرتن بێت لە ناسنامەکەی.

**ئاراستەی لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەت بەرەو ئەو کانتۆنانەی دەبنە ملکەچی دەسەڵاتێکی تاکڕەوی شۆڤێنی، ئەگەرێکە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت**

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**

# هەرێمی کوردستان وڵاتێکی تازە پێگەیشتووە
# بەڵام لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا لە ریزی وڵاتانی جیهانی یەکەمە



گوڵان: کۆمەڵایەتی

چارلز داروین خاوەنی کتێبی بنەچە و هەمەجۆر (The Origin of Species) راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە مانەوە بۆ ئەو جۆرانە نین کە لەهەمووان باشترن، یان لەهەمووان بەهێزترن، بەڵکو مانەوە بۆ ئەو جۆرانەیە کە بەباشترین شێوە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەگونجێنن، لەم روانگەیەوە ئەگەر ئاماژە بەو گۆڕانکارییە گەورە و خێرا و بەردەوامە بکەین کە شۆڕشی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت بە بەردەوامی بەسەر کۆمەڵگەکانی جیهان هێناویەتی و دەیهێنێت، لەمەش گرنگتر ئینتەرنێت رۆژانە ٢٤ کاتژمێر و هەفتانە هەر حەوت رۆژەکە لەگەڵماندایە و هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە مانەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەیە کە بەباشترین شێوە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامە دەگونجێنێت.

شۆڕشی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت پێناسەیەکی تازەی (بۆ تاك، مانای هاووڵاتیبوون، چەمکی حوکمڕانی، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو تەحەدییانەی رووبەڕووی هەردوو رەگەزی نێر و مێ لەسەدەی بیست و یەك دەبنەوە) داڕشتۆتەوە، لێرەدا دەکرێت بەکورتی ئاماژەیان پێبکەین:

١. لە جیهانی ئینتەرنێتدا، هێزی تاك هێزی ئەو مەعریفەیە کە هەیەتی، بۆیە مەعریفەی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر، هێزی تاك دەگەیەنێتە ئاستێك کە بەهێزێکی غەیبی وەسف بکرێت، بە جۆرێکی دیکە ئینتەرنێت وایکردووە کە هێز لەکاراکتەری دەوڵەتییەوە بگوازرێتەوە بۆ کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی کە یەکێکیان (تاکە)، ئەم هێزی تاکە لە جیهانی ئینتەرنێتدا بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەریی ئەوتۆی دەبێت، کە توانای ئەوەی پێدەدات لەسەر ئاستی جیهان گۆڕانکاری دروست بکات، هەروەك چۆن هەموو جیهان شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبی بە بەرهەمی فەیسبوك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن، ئاشکراشە داهێنەری پەیجی فەیسبوك گەنجێکی تەمەن ١٩ساڵان بووە.

٢. لە جیهانی ئینتەرنێتدا، چیدیکە پێناسەی هاووڵاتی یان مانای هاووڵاتیبوون بە مانای فەرمان جێبەجێکار واتە (Subject) بوونی نامێنێت، دەگۆڕێت بۆ داواکاریی واتە (Demand)، ئەم حاڵەتە مانای حوکمڕانی و پێوەندی نێوان حاکم و مەحکوم پێچەوانەوە دەکاتەوە، بە شێوازێکی دیکە هاووڵاتی دەبێتە حاکم و کۆی دامەزراوەکانی حوکمڕانی بەگشتی و حکومەت بە تایبەتی دەبێتە مەحکوم و دەبێت وەڵامی خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتی بداتەوە.

٣. لەبەرئەوەی لە جیهانی ئینتەرنێت، پرۆسەی بڕیار دروستکردنی حکومەت یان دامەزراوەکانی حوکمڕانی بریتی دەبێت لە وەڵامدانەوەی خواستی هاووڵاتی، ئەوا میکانیزمی بڕیار دروستکردن، چەمکی حوکمڕانی دیموکراتی یان حوکمڕانی باش دەگۆڕێت بۆ چەمکی حوکمڕانی زیرەك (intelligent governance)، ئەوا دەبێت لەنێو ئەم حوکمڕانیەدا هەوڵبدرێت بڕیاری زیرەکانە بدرێت (intelligent decisions)، بێگومان مەبەست لە حوکمڕانی زیرەك ئەوەیە کە دامەزراوەکانی حوکمڕانی گرنگە سوود لەهەموو سەرچاوەکانی مەعریفە وەربگرن، کە لەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا و لەباکورەوە بۆ باشور،

**چیدیکە لە جیهانی ئینتەرنێت و سەدەی بیست و یەک، لاوان توێژێک نین، بەڵکو هاووڵاتی جیهانی ئینتەرنێتن**

**بەرێژەی لە ٦٧٪ی ئەوانەی لەکوردستان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن گەنج و مێرد منداڵن**

**ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی ئینتەرنێتەوە هاتۆتە ئاراوە، هەموو گۆڕانکارییەکان دەباتەوە بۆ ناو جیهانی ئینتەرنێت، بۆیە هەموو پسپۆران و بیرمەندان، حوکمڕانی لەسەدەی بیست و یەک، بە حوکمڕانی جیهانی ئینتەرنێت ئاماژە پێدەکەن**



**لە جیهانی ئینتەرنێتدا چی دیکە پێناسەی هاووڵاتی یان مانای هاووڵاتیبوون بە مانای فەرمان جێبەجێکار واتە (Subject) بوونی نامێنێت، دەگۆڕێت بۆ داواکاریی واتە (Demand)**

**لەسەدەی بیست و یەک، ئەو تاکە خاوەنی دەسەڵاتە کە سەرچاوەی مەعریفەی لەبەر دەست بێت، ئەوجا ئەو تاکە (نێر بێت یان مێ) هیچ جیاوازییەکی نییە و خاوەنی دەسەڵاتە**

بەرێگـــەی ئینتەرنێت مەعریفەی تازە بۆ شـــێوازی حوکمڕانی دەخەنە بەردەســـت، لەنێو ئەم ژینگە پڕ مەعریفە تازەیە لەســـەر ئاســـتی جیهان و لە نێـــو ئەو ژینگە لۆکاڵـــەی وڵات کە پڕە لە داواکاریی بەردەوامـــی هاووڵاتیان، گرنگە بڕیاری زیرەکانە بدرێـــت، لەبەر ئەوەی حکومـــەت زۆر زەحمەتە بتوانێت وەڵامی هەموو داواکارییەکان بداتەوە، لە هەمان کاتدا ناشتوانێت وەڵامیان نەداتـــەوە، بۆیە ئەگەر ١٠٠ هۆکار هەبێت بەوەی ڕێگر بێت کە حکومەت هەنگاو هەڵبگرێت بۆ پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی، ئەوا دەبێت زیرەکانە هۆکارێك بدۆزێتـــەوە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکە ئەنجامبدات.

٤. سیاسەتی کۆمەڵایەتی یان پرۆسەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئینتەرنێتدا، هەمان سیاسەتی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی گۆڕانکاری سەدەی بیستەم نییە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێزی تاك لە جیهانی ئینتەرنێت توانای گۆڕانکاری بە ئاسانی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەم پرۆسەی گۆڕانکارییەدا ناسەقامگیری یان ئاشـــتی کۆمەڵایەتی نەکەوێتە مەترسیەوە، بۆیە لـــە جیهانی ئینتەرنێتدا دیاردەی کۆمەڵگەی نمایشـــکار (The Society of Spectacle) دروســـت دەبێت، ئەمەش بـــەو مانایەی دیاردەی پرۆســـەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی ئینتەرنێتدا، هێندەی پرۆســـەیەکی نمایشکارانەیە بۆ پیشاندانی هێزی تاك و دروســـتکردنی گۆڕانکاری، هێندە پرۆســـەیەکی بەرنامـــە بۆ دارێـــژراو نییە بۆ گۆڕانـــکاری کۆمەڵایەتی و چارەسەری کێشەکان، ئەم حاڵەتە ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی، لە خۆپیشاندانەکانی تورکیا لەناوچەی تەقسیم بەتەواوەتی دەبینرا، بۆیە دەبێت سیمای نمایشـــکارانەی بۆ پرۆسەی گۆڕانکارییە شێوەیەك بێت کە سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵایەتی نەکەوێتە مەترسییەوە.

### لە جیهانی ئینتەرنێتدا دەسەڵات تەنیا مەعریفەیە

ئەلفین تۆفلەر لە هەردوو بەرگی کتێبی (وەرچەرخانی دەسەڵات) ئەوەمان پیشـــاندەدا، چۆن مانای دەسەڵات لە ماوەی کەمتر لە نیو سەدەدا (لە هێزەوە وەرچەرخانی بەسەردا هاتووە بۆ ئابووری، لە ئابووریشـــەوە وەرچەرخانی بەســـەردا هاتووە بۆ مەعریفە)، تۆفلـــەر بۆ ئەوەی بەرێگەیەکی ئاســـان ئـــەم وەرچەرخانەمان پیشـــانبدات، پێمان دەڵێت ســـەیری ئـــەو وەرچەرخانە بکەن کە لەماوەی پەنجا ساڵدا لە شێوازی دەرهێنانی فیلمەکانی هۆلیود هەســـتی پێدەکەین، هەر بۆ نموونە کاتێك ســـەیری فیلمەکانی هۆلیودی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوو دەکەین، ئاشکرایە ئـــەو فیلمانەن کە بە فیلمی کاوبۆی ناســـرابوون، لەم فیلمانەدا دەســـەڵات بریتی بووە لە دەمانچە و تفەنگ و ئەســـپ، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو کەسەی دەسەڵاتی هەیە کە سەرچاوەی هێزی لەبەردەســـتە، بەڵام لە فیلمی هەشـــتاکاندا دەبینین جەنتلمانێك شـــەبقەیەکی لەسەرە و گۆچانێکی بەدەســـتەوەیە دامەزراوەیەك بەڕێوە دەبات کە ٣-٤ هـــەزار کەس کاری تێدا دەکەن، ئەمەش پێمان دەڵێت لە هەشـــتاکانی سەدەی رابردوو، دەسەڵات لای ئەو کەســـە بووە کە سەرچاوە ئابوورییەکانی لەبەر دەست بووە، بەڵام ئەگەر لەســـەرەتای سەدەی بیســـت و یەکەوە سەیری فیلمەکان بکەین، هەست دەکەین فیلمەکان هەموویان ئەوەمان پیشاندەدەن، ئەو کەسە خاوەنی دەسەڵاتە کە خاوەنی زۆرترین مەعریفەیە، بۆ ئەمەش دەتوانرێت بە وردی سەیری فیلمەکانی ئێکسمان بکەین، کەتیایدا دەسکاری جینات دەکرێت، یان ئەو فیلمانەی کە تاکێك بەرێگەی تەکنەلۆژیای ئای تی، جیهان دەخاتە مەترســـییەوە، زۆر جاریـــش پاڵەوانی ئەم فیلمانە، کچۆڵەیەکی تەمەن ١٦-١٨ ساڵە، ئەمە ئەوەمان پیشاندەدا، لەسەدەی بیست و یەك، ئەو تاکە خاوەنی دەســـەڵاتە کە سەرچاوەی مەعریفەی لەبەر دەست بێت، ئـــەو جا ئەو تاکە (نێر بێت یان مێ) هیچ جیاوازییەکی نییە و خاوەنی دەسەڵاتە.

بـــۆ ئەوەی ئەم دیاردەی وەرچەرخانی دەســـەڵاتە لە (هێزەوە بۆ ئابووری و لـــە ئابوورییەوە بۆ مەعریفە) لـــە ژیانی رۆژانەی خۆمانـــدا بەراســـتی تەرجەمە بکەین، ئـــەوا حوکمڕانی زیرەك کـــە بتوانێت خۆی لەگـــەڵ ئەم جیهانە گـــۆڕاوە بگونجێنێت، دەبێت ئەولەویەتی حوکمڕانی لەســـەدەی بیست و یەك، بکرێتە پرۆگرامێك بۆ بەرهەمهێنانـــی مەعریفە، دیارە مەعریفەش لە پرۆگرامی خوێندنی کوالیتی بەرزەوە بەرهەم دێت.

پرســـیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی گرنگـــە ئەولەویەتی بەرنامەی حوکمڕانی لەســـەدەی بیســـت و یەك، پرۆگرامـــی خوێندنی کوالیتـــی بەرز بێت، ئەوا جیهانی ئەمـــڕۆ پێمان دەڵێت، لەبەر ئەوەی خوێندنی کوالیتی بەرز هەلی یەکسان لەبەردەم تاکەکاندا دەکاتـــەوە، بیل کلینتـــۆن کە بۆ ماوەی ٨ ســـاڵ لە(١٩٩٣-٢٠٠١) ســـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، لە موحازەرەیەکدا کـــە لەرۆژی ٣٠ نیســـانی ٢٠١٣ لەزانکۆی جۆرج تاون بە ناونیشـــانی (هاووڵاتی باش لە ســـەدەی بیست و یەك) پێشکەشـــی کردووە، تیایدا دەڵێت: (تەکنەلۆژیای ئای تی بۆ ســـەدەی بیست و یەکەم نیعمەتی خوایە بۆ مرۆڤایەتی، ئێمە هەوڵماندا هاووڵاتیانی ســـیرلانکا و ئەندەنووسیا بگێڕینەوە بۆ پیشـــەی ماســـی گرتن و ژن و پیاومان هاندا بچنەوە سەر بەلەمەکانیان و ئامێری مۆبیلمان بەسەردا دابەشکردن، بەهۆی ئەم ئامێری مۆبایلەوە کە بەلەمەکان دەیانزانی ماسی لە کوێدا هەیە، بەرهەمی ماســـی بە رێژەی لـــە ٣٠٪ی بەرز بۆوە، لە هایتـــی بە هۆی ناردنی یارمەتی بە ڕێگـــەی ئینتەرنێت بۆ بانکەکانی خاچی ســـور، توانیمان وابکەیـــن خەڵك بە رێژەی لـــە ٩٠٪ی کار لەگەڵ بانکەکان بکـــەن و قەرزی بچووك لە بانکـــەکان وەربگرن، بەمـــەش گۆڕانکارییەکی باش بەســـەر ژیانیاندا هات)، ئەم نموونەیەی کلینتۆن پیشـــانماندەدا، ئەگەر بەشـــێوەیەکی ژیرانە مامەڵە لەگـــەڵ تەکنەلۆژیای ئای تی بکەین، چ کاریگەرییەکی ئیجابـــی هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا جۆزیف نای یاریدەدەری پێشـــووی وەزیـــری دەرەوەی ئەمریکا و خاوەنـــی کتێبی (ئایندەی هێز) لەوە هۆشـــدارمان دەکاتەوە، ئەگـــەر ئەم هێزە گەورەیـــەی تەکنەلۆژیای ئای تی بە تاك و گرووپەکانی دەبەخشێت، وەك ڕێکخراوی (ئۆکسفام) بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکارنەهێنراو کەوتە دەست گرووپێکی تاوانکار یان تیرۆریستی ئایا ئایندەی جیهان بەرەو کوێ دەچێت؟

ئـــەم دوو خوێندنەوەیە بۆ تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت کە بەدیوێکدا دەبێتـــە نیعمەتی خوا بۆ مرۆڤایەتـــی و بەدیوێکی دیکە دەبێتە غەزەبی خوا بۆ مرۆڤایەتی، سوود و مەترسییەکانی لە دۆزینەوەی هێزی نیوکلیاری یان ئەتۆمی زۆر زیاترە، ســـەرنج بدەن هێزی ئەتۆم هێرۆشـــیما و ناکازاکی کاولکرد، بـــەڵام هەر ئەم هێزی

ئەتۆمەش ئێستا بۆتە سەرچاوەی وزەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەزۆر وڵاتانی جیهاندا، ئەمە بەو مانایە ئاماژە پێنادەین کە لە تەکنەلۆژیای ئای تی دەتوانین دووربکەوینەوە، چونکە مەحاڵە بتوانین لە تەکنەلۆژیایەك کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە هیچ کەسێك بتوانێت دوربکەوێتەوە، بەڵکو دەبێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنرێت، بۆ ئەوەی وەك بیل کلنتۆن ئاماژەی پێکردووە ببێتە نیعمەت بۆ مرۆڤایەتی نەك وەك جوزیف نای ئاماژەی پێکردووە ببێتە غەزەب بۆ کۆمەڵگە. ئەوجا چۆن سوود وەرگرتن لە هێزی ئەتۆم بە دیوە خێرەکەی، بۆ ئەو کەسانەیە کە دەتوانن ببنە خاوەنی مەعریفەی فیزیای ئەتۆمی، بە هەمان شێوە لە جیهانی ئای تی و سەدەی بیست و یەکدا، بەکارهێنانی ئای تی بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەیە کە خۆیان پرۆگرامی بەرهەمهێنانی مەعریفەیان هەیە و هەلی یەکسان لەبەردەم تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ داهێنان فەراهەم دەکەن.

**هەرێمێکی بچووك**

**کاراکتەرێکی ئەکتیف لەجیهانی ئینتەرنێتدا**

هاوارد شنایدەر کە یەکێکە لە رۆژنامەنووسە دیارەکانی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز، لە ساڵی ٢٠٠٢ و لەمیانەی سەردانی بۆ هەرێمی کوردستان، بەو جۆرە ژینگەی سیاسیی کوردستانی رووماڵ کردبوو و نووسیبووی: (جیاوازی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەوەیە، لەسەر هەموو ماڵێکی هەولێر سینیەکی سەتەلایت دەبینرێت، ئەمە لەکاتێکدا بە دووری ٢٥ کیلۆمەتر لەخوار شاری هەولێرەوە، ئەو سینیە لەسەر هەرماڵێك بێت، خاوەن ماڵەکەی لەسێدارە دەدرێت)، ئەم رووماڵەی شنایدەر بۆ ژینگەی سیاسی کوردستان پێش ئەوەی بە فراوانی تۆڕی ئینتەرنێت لەکوردستان بڵاو بێتەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی سیاسەتی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە، هەنگاو هەڵگرتن بووە بەرەو کۆمەڵگەیەکی کراوەی مۆدێرن و هەرێمی کوردستان لەناو دەوڵەتە موسڵمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یەکەم وڵات بووە پێش هەمووان پێشوازی لە شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژیا کردووە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك راپرسیەکی زۆر سادە دەکەین و هەست دەکەین رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەکوردستان لەسەرووی لە ٧٠٪ وەیە، لە کاتێکدا بەپێی ئاماری رێکخراوە ناحکومییەکان، هەتا ئێستا لە جیهاندا لەکۆی زیاتر لە ٦ملیار تەنیا ٢,٥ ملیار بەکارهێنەری ئینتەرنێت هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەرووی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە، لەریزی وڵاتانی جیهانی یەکەم دێت، نەك وڵاتانی تازە پێگەیشتوو.

بەپێی ئەو راپرسییەی گۆڤاری گوڵان لەرێگای دابەشکردنی سەدان فۆرمەوە ئەنجامی داوە دەرکەوتووە:

لە کۆی ١١٢٢ کەس ٦٢٠ یان ئینتەرنێت بەکار دەهێنن کە لەم ژمارەیە ٢٨٠ی لەرەگەزی نێرەو ٣٤٠ی لەرەگەزی مێ یە .

لەکۆی ئەو ٦٢٠ کەسەی ئینتەرنێت بەکار دەهێنن ٣٨٣ کەسیان تەمەنیان لە نێوان ١٠ — ٣٠ ساڵدایە

١٨٣ کەسیان تەمەنیان لەنێوان ٣١- ٤٠ ساڵدایە و تا تەمەنیش لە ٤٠ ساڵ بەرەو ژوو هەڵبکشێت، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت کەمتر دەبنەوە.

ئەم راپرسیە پێمان دەڵێت بەرێژەی لە ٦٧٪ی ئەوانەی لەکوردستان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن گەنج و مێرد منداڵن.

رێژەی بەکارهێنەرانی رەگەزی مێ لە رەگەزی نێر زیاترە، واتە ئافرەت زیاتر ئینتەرنێت بەکار دەهێنێت.

لە٦٢٪ ی ئەوانەی ئینتەرنێت بەکار دەهێنن، سوودیان لێوەرگرتووە بۆ قسەکردن، ئەم سوود وەرگرتنەش لەوانەیە زیاتر بۆ پێوەندیکردن بێت بە کەسوکار و دۆستەکانیان لە دەرەوە، بۆیە ئینتەرنێت، پردێکی پێگەیاندنی نێوان هاووڵاتیانی دەرەوە و ناوەوەی دروستکردووە.

**دەبێت ئەولەویەتی حوکمرانی لەسەدەی بیست و یەک بکرێتە پرۆگرامێک بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە، دیارە مەعریفەش لە پرۆگرامی خوێندنی کوالیتی بەرزەوە بەرهەم دێت**



**٢٧ کۆمپانیای تایبەتی هێڵی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان هەن ئەمە جگە لە سێ کۆمپانیای مۆبایل کە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت پێشکەش دەکەن، هیچ ویب سایت و هێڵێکی ئینتەرنێتیش سانسۆری لەسەر دانەنراوە، بۆیە ڕێژەی بەشدار بووانی ئینتەرنێت بەردەوام روو لە هەڵکشانە**

## ٢٧ کۆمپانیا لەکوردستان خزمەتگوزاری ئینتەرنێت پێشکەش دەکەن

لەم هەڵکشانەی ڕێژەی بەشداربووانی ئینتەرنێت و فراوانبوونی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت ناکرێت رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکرانەوەی کۆمەڵگاو پێشخستنی تۆڕی ئینتەرنێت باس نەکرێت، کە هەر لەساڵی ٢٠٠٤ـەوە تاکو ئەمڕۆ ٢٧ کۆمپانیای تایبەتی هێڵی ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردستان هەن و ئاسانکارییان بۆ دابین کراوەو بەشێوەی سیستەمی وایەرو وای فای و وای ماکس کار دەکەن، ئەمە جگە لەسێ کۆمپانیای مۆبایل کە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتیش پێشکەش دەکەن، بەهیچ شێوەیەکیش هیچ ویب سایت و هێڵێکی ئینتەرنێت سانسۆری لەسەر دانەنراوە، بۆیە ڕێژەی بەشداربووانی ئینتەرنێت بەردەوام روو لە هەڵکشانە، هەر بۆ نموونە:

کۆمپانیای ڕێبەر کویك لەسەر ئاستی هەموو کوردستان ٣٠٠ هەزار هاوبەشی هەیە .

کۆمپانیای های ماکس ١٠٠ هەزار هاوبەشی هەیە.

ڕێبەر کویك و ABSL هاوبەشەکانی دەگاتە ٥٠ هەزار کەس.

هەروەها تا دێت لە ڕێگای بەکارهێنانی مۆبایلەکانەوە بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت ئاسانترو هەرزانتر دەبێت بەرادەیەك ئێستا هەموو کەسێك دەتوانێت لەناو مۆبایلەکەیدا کە ٢٤ کاتژمێر لەگەڵیدایە ئازادانەو بێ سانسۆر خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت بەکاربهێنێت، هەروەها سیستەمی پێشکەوتووی ئینتەرنێتیش LTE هاتۆتە کوردستان . لێرەدا ئەگەر لەسەر ئەم داتایانە پرسێك بورووژێنین و بپرسین؛ ئایا ئەم داتایانە چیمان پێدەڵێن؟ بێگومان ئەم داتایانە پێمان دەڵێن: ئەو سیاسەتەی حوکمڕانی کە لەکوردستان پیادە دەکرێت بڕوای بەوە هەیە ئینتەرنێت کاراکتەری گرنگە بۆ ژیان و پێشکەوتنی ئابووری .

لەم ژینگە کراوەیە حوکمڕانی کوردستان دروستی کردووە، ئایا حکومەت بەباشترین شێوە خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە خێرا و بەردەوامە گونجاندووە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە رەهەندی هەمە لایەنە لەخۆی دەگرێت، ئەگەر لەو لایەنە سەیری بکەین، کە سیاسەتی حکومەت بەو جۆرەیە بەوەی ئازادی دەست گەیشتن هیچ سانسۆرێکی لەسەر نەبێت، دیارە وەڵامەکە بەڵێ یە و حکومەت توانیویەتی خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە تازە بە باشی بگونجێنێت، بەڵام ئەگەر بەدیوێکی دیکە سەیری ئەم پرسە بکەین و بپرسین ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جیهانە تازەیەی ئینتەرنێت، کە هاووڵاتیانی ئەم جیهانە بەرێژەی لە ٧٥٪ی گەنجن لەهەردوو رەگەزی نێر و مێ؟ دیارە لاوانیش توێژێکی چالاك و زیندوو ئەکتیڤن و داواکارییەکانیان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر روو لەزیادبوونن و بوونە هاووڵاتی بەمانای داواکاری نەك فەرمان جێبەجێکار، لەم لایەنەوە لەوانەیە هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیبێت، لەگەڵ ئەم دیوەی پرسەکە بە تەواوەتی خۆی گونجاندبێت، راستە حکومەت ساڵانە دەیان و سەدان پرۆژەی بۆ توێژی گەنجان هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر لێرەدا دەبێتە شوێنی پرسیار و هەڵوەستەکردن ئەوەیە، چیدیکە لە جیهانی ئینتەرنێت و سەدەی بیست و یەك، لاوان توێژێك نین، بەڵکو هاووڵاتی جیهانی ئینتەرنێتن، ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات کەبڵێین، حوکمڕانی زیرەك لەسەدەی بیست و یەك، مامەڵەکردنە لەگەڵ هاووڵاتیانی جیهانی ئینتەرنێت، هاووڵاتیانی ئەم جیهانەش لاون، بۆیە هەتا ئەگەر رووداوێك یان باسێك لەدەرەوەی ئەم جیهانە بوونی هەبێت، ئەوا ئەو رووداوە یان ئەو پرسە لە جیهانی ئینتەرنێت تەتەڵە دەکرێت و کاریگەریی لەسەر رای گشتی دروست دەکات، هەروەك لە تونس بو عەزیزی کە خۆی سووتاند، خۆی نەیدەزانی ئینتەرنێت بەکار بهێنێت، بەڵام کاریگەری رووداوەکەی بوعەزیزی لە تونسەوە جیهانی هەژاند و گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١١ دەستی پێکرد.

کەواتە ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی ئینتەرنێتەوە هاتۆتە ئاراوە، هەموو گۆڕانکارییەکان دەباتەوە بۆ ناو جیهانی ئینتەرنێت، بۆیە هەموو پسپۆران و بیرمەندان، حوکمڕانی لەسەدەی بیست و یەك، بە حوکمڕانی جیهانی ئینتەرنێت ئاماژە پێدەکەن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە دەبێت حوکمڕانی لە جیهانی ئینتەرنێت حوکمڕانی زیرەك بێت و بڕیاردان لەم حوکمڕانیەدا، بڕیاردانی بوێر و زیرەکانە بێت.





# هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەوروپا لە نێوان دوو بەرداشدا

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە

لە ٢٨ی ئایاردا هەڵبژاردنێك لە یەكێتی ئەوروپادا ئەنجامدرا بۆ ئەوەی دەوڵەتە ئەندامەکان نوێنەرە نەتەوەییەکانی خۆیان بۆ پەرلەمانی ئەوروپا هەڵبژێرن. ئەو یاسادانەرانەی هەڵبژێردران بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن یەكێتییەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا بڕوات. پێنج ساڵ پێش ئێستا ئاڕاستەکە لە لیشبۆنە دیاریکرا و بڕیاری لەسەر درا، ئەویش کاتێك سەرۆکی دەوڵەت و حکومەتەکان ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد کە ئەو بنەمایانەی تێدا دیاریکرا کە بوونە سەرمەشقی یەكێتیەکە. چاوەڕوان دەکرا ئەم بنەمایانە ڕەوتی ئاییندەی ئەوروپا دیاری بکات، ئەویش بە پشت بەستن بە بنەماکانی ململانێکردن، و پێشکەوتن و لیبراڵیەت، کە هەمیشە موحافیزکارەکان پشتیوانییەکی بەرچاویان لێکردووە.

بەڵام ئەمجارەیان چاوەڕوان دەکرا پەیامی تێکەڵ بەدی بکەین لەلایەن دەنگدەرە نەتەوەییەکانەوە لە پەیوەندیدا بە کاریگەر بوونیان لەسەر حکومەتەکانی خۆیان. ڕێگای سەرەکیش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بریتییە لە پشتیوانی کردن لە بزووتنەوە پۆپۆلیستیەکان بە راستڕە و چەپڕەوەکانیانەوە. ڕەنگە ئەم ڕەوتە شڵەژانێك دروست بکات بۆ زۆرێك لە بەها چەسپیوەکان و تەوژمە سیاسییەکان لە ئەوروپادا، چونکە ئەمانە بزووتنەوەگەلێکن مەیلیان بۆ رادیکالیەت و توندوتیژی هەیە. بە کورتی، سەقامگیری ئەوروپای خستە مەحەکەوە. ڕەنگە براوەی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنەکانی ئەم هەفتەیە پۆپۆلیستە چەپڕەوە ئەنتی ئەوروپییەکان و ئەو راسیستانە بێت کە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەوروپا دەکەن- ئەوروپایەك کە لە رووی ئیتنی و ئایینییەوە هەمەڕەنگە. قەیرانە داراییە جیهانیەکەی ساڵی ٢٠٠٨ خاڵی سەرەتا بوو بۆ لەدەستدانی متمانە بە ئەوروپای لیبراڵی. ئەم ڕەوتە پتر بەرچاو بوو لە ماوەی درێژەکێشانی قەیرانی قەرزدا کە دوای قەیرانە داراییەکە دروست بوو. مەرجەکانی رزگارکردن و ڕێوشوێنی تەقەشوف بەسەر زۆرێك لە وڵاتە ئەندامەکاندا سەپێنران، ئەمەش بووە هۆی دوورەپەرێزکردنی زۆرێك لە ئەوروپییەکان





له دوای ساڵانێکی دوورودرێژ و دڵنەواییکەر له گرتنەبەری سیاسەتی گشتی پشتیوانی و خەرجی دیسپلین نەکراو. هەڵکشانی راستی توندڕەوە و چەپی توندڕەو له ئەوروپادا مایەی سەرئێشە دەبێت، چونکه ئەوان پشتیوانی له ئەنتی ئەوروپیی بوون دەکەن. ئەوان بەرهەڵستی کۆچکردن، هەروەها ئەو یاسا ئەوروپییانە دەکەن کە پێیانوایە کاریگەریان هەیە لەسەر لاوازکردنی ئاسایشی کار و کەلتوری ئەوان و سەروەری نەتەوەییان هەیە.

ئەم تێڕوانینە دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت لای ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی کە له چینەکانی خوارەوەی هێزی کارن. ململانێکردن لەسەر کارێك- کە کارامەییەکی کەمی پێویست بێت- لەگەڵ کۆچبەراندا و گەشەکردنی فرەیی ئابووری هاوشان بە قەیرانە داراییەکان زەبری توندی له هەستکردن بە ئاسایشی زۆرێك له ئەوروپیەکان دا. ئەم هەستە زیاتر هەڵکشا لەگەڵ جوڵەی ئازادی کرێکاران له سەرتاسەری یەکێتی ئەوروپادا، ئەمەش زەمینەیەکی بە پیتی دروست کرد بۆ پۆپۆلیستەکان کە بەرهەڵستی گۆڕانکاری و فرەیی دەکەن.

دەتوانین لەسەرتاسەری ئەوروپادا ئەم رەوتە بەدی بکەین: بەرەی نیشتمانی له فەرەنسا بە سەرۆکایەتی مارتین لۆ پێن، پارتی سەربەخۆیی نیگاڵ فەراگ لە بەریتانیا، پارتی PVV گریت ویلدەر لە هۆڵەندا و پارتی ئازادی Heinz-Christian Strache’s لە نەمسا، پێگەیان بەهێزتر دەبێت له ئاست «خەڵکە ئاساییەکە»دا. چیرۆکەکە هەمان چیرۆکە له ئیتاڵیا، و سویسرا، و وڵاتانی ئەسکەندەنافی. راستی توندڕەو سەرکەوتوو بووە له هاندانی رق و قینە دژ بە کۆچبەران و موسڵمانەکان- - ئەوانەی پەنا بۆ شێوازی تیرۆریستی ئەلقاعیدە دەبەن، هەموو ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسی.

ئەوان تەنیا ترس لە کەسە دەرەکییەکان ناوروژێنن، بەڵکو زمانێکی لیبراڵی بەکار دەهێنن کە هەستی سەرجەم چینەکان بجوڵێنێت، چونکه ئەوان بەرگری له ئافرەتان و هاوڕەگەزبازەکان و مافەکانی کار دەکەن و هێرش دەکەنە سەر بانکەکان و دەوڵەمەندەکان.

هەروەها رەوتی چەپ بە هەمان شێوە چالاکە و بە هەمان ئەندازەش ئەنتی ئەوروپایە. ئەوان هەڵوێستێکی توندیان دژی بازاڕ هەیە. بە توندی هێرش دەکەنە سەر رێوشوێنەکانی تەقەشوف. لە ئەڵمانیا،، ‘Die Linke’ بۆتە موعارەزەی سەرەکی بۆ حکومەتی هاوپەیمانێتی کە لەلایەن راوێژکار ئەنجێلا مێرکڵەوە پێکهێنراوە. چەپڕەوە سەرسەختە ئەنتی ئەوروپییەکان ئەنجامێکی باش دەکەن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئیسپانیا، فەرەنسا و کۆماری چیکدا. پارتە چەپەکەی ئەلێکس تسیپراس، سیریزا، له یۆنانیش له نێو ئەم کۆمەڵەیەدایە. ئەو باسی «شەڕی نێوان خەڵك و سەرمایەداری دەکات»، کە ئەمەش لە رووی سیاسییەوە سوودی پێدەگەیەنێت.

کەواتە چ شتێك چاوەڕوان دەکرێت له ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەوروپاوە؟ له راستیدا پێشبینی دوو شت دەکرێت:

١- تا رادەیەکی زۆر دڵنیاییەك هەیە لەبارەی سەرکەوتنی پارتە ئەنتی ئەوروپیەکانەوە، کە بۆی هەیە یەك لەسەر سێی کورسیەکانی پەرلەمانی ئەوروپا ببەنەوە.

٢- نوخبەی سیاسی ئەوروپا هۆشدار دەبێت و بە حەمماسەوە هەوڵی ئەوە دەدات بڵێسەی بەهاکانی ئەوروپا کڵپەدارتر بکات، بۆ ئەوەی پەرە بە چاکسازیەك بدات تاوەکو سیاسەتێکی ئابووری بگرێتەبەر کە پتر له خزمەتی ئینسانەکاندا بێت، کە ببێتەهۆی بەهێزکردنی چینی ناوەند. ئەمەش پێویستی بە هاوپەیمانێتیەکی گەورە دەکات، کە سەرکەوتنیان دەبێتە هۆی ئەوەی گەشەی نارەزایەتییە پۆپۆلیستیەکان لەسەرتاسەری کیشوەرە بە تەمەنەکەدا رابگرێت.

**نوخبەی سیاسی ئەوروپا هۆشدار دەبێت و بە حەمماسەوە هەوڵی ئەوە دەدات بڵێسەی بەهاکانی ئەوروپا کڵپەدارتر بکات، بۆ ئەوەی پەرە بە چاکسازیەک بدات تاوەکو سیاسەتێکی ئابووری بگرێتەبەر کە پتر لە خزمەتی ئینسانەکاندا بێت، کە ببێتەهۆی بەهێزکردنی چینی ناوەند**

**هەڵکشانی راستی توندڕەوە و چەپی توندڕەو لە ئەوروپادا مایەی سەرئێشە دەبێت، چونکە ئەوان پشتیوانی لە ئەنتی ئەوروپیی بوون دەکەن**

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**



# کەیسی دونیا

## کوشتنی منداڵێکە یان ژنێک؟

هەفتەی رابردوو کوشتنی منداڵێکی ١٥ساڵی ویژدانی هەموو لایەکی هەژاند، نیگەرانی ئەم کەیسە لەوەدایە، ئەم تاوانە لە وڵاتێکدا روویداوە کە هەموو یاسایەکی بۆ رێگرتن لە مرۆڤ کوشتن هەیە، هەروەها یاسای کوشتنی ژنانی بە بیانووی شەرەف قەدەغەکردووە، بەڵام دیسان کەیسی دونیای تەمەن ١٥ ساڵ هێشتا کۆمەڵێك نیگەرانی دیکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، نازانرێت ئایا ئەم تاوانە چۆن سەیر بکرێت؟

ئایا ئەمە تاوانە دژ بە ژنێك کراوە کە هاوسەرەکەی ٣٠ ساڵ لەخۆی گەورەترە؟ دیارە لە وەڵامی ئەم پرسیارە ناتوانین لە رێگەی یاساییەوە بڵێین ژنێك کوژراوە، لەبەر ئەوەی بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان ئافرەت لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵ مارە ناکرێت، بۆیە کەیسی کوشتنی دونیا دەبێت وەك کەیسی کوشتنی منداڵێکی خوار ١٨ ساڵ کاری لەسەر بکرێت و بەپێی یاسای بەرگری کردن لەمافی منداڵان داکۆکی لێ بکرێت.

گریمان ئەم تاوانە وەك تاوانی کوشتنی ژنێك سەیر دەکرێت، بەڵام دیسان دروستکردنی ئەم خێزانەی ئەو ژن و پیاوەی پێکەوە لەماڵێکدا کۆکردۆتەوە، نایاساییە، لەبەرئەوەی یاسا بواری ئەوە نادات منداڵێکی ١٤ ساڵی شوو بکات، بۆیە ئەگەر ئەم کارە لەدەرەوەی دادگا کراوەو بە رێگەی هەندێك لەوانەی تەنیا بەناو مەلاو پیاوانی ئاینین کراوە، ئەوا دەبێت پێش ئەوەی دادگا لە رووی یاساوە مەلاکە وەك تاوانبار دادگایی بکات، ئەوا یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان تەنیا بە سەرکۆنەکردنی ئەو مەلایەو دەرکردنی ئەو مەلایە لە پێشنوێژی کردن کۆتایی پێنەیەت، بەڵکو دەبێت یەکێتی زانایانی ئیسلامی وەك کەسایەتیەکی مەعنەوی داواکاری گشتی بێت بۆ داکۆکی کردن لەکوشتنی دونیا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کارەساتی دیکە روونەداتەوە، راشکاوانەتر، گرنگە لەم کەیسەدا وەك چۆن داوای مافی تایبەتی بکوژ و مافی گشتی دەکرێت، گرنگە وەك داکۆکیکردن لە مافی ئایینی کۆمەڵگە، یەکێتی زانایان داوای مافی ئایینی بکات و لەسەر ئەو پرسەش ئەو مەلایە دادگایی بکرێت.

ئاشکرایە ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەردەچن، ئەگەرهەموویان لەسەربنەمای شەریعەتی ئیسلامیش دانەڕێژرێن، نابێت پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی بن، لەم حاڵەتە کە بە یاسا پەرلەمانی کوردستان تەمەنی هاوسەرگیری بە ١٨ ساڵ دیاری کردووە، نابێت ئەم یاسایە پشتگیریەکی ئایینی نەبێت، بۆیە وەك د. زیبا میرحوسەینی لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان پێی راگەیاندین، گرنگە چەمکی باڵغبوونی کچان و کوڕان لەرووی ئایینەوە تەفسیری تازەی بۆ بکرێت، لەبەرئەوەی باڵغبوونی کچان و کوڕان لەرووی جەستەییەوە جیاوازە لەگەڵ باڵغبوون لە رووی ئەقڵی و سۆزداریەوە، زیبا میرحوسەینی دەڵێت: تەمەنی باڵغبوونی کچان لەرووی جەستەییەوە بە ١٢-١٣ ساڵ و کوران بە ١٤-١٥ دانراوە، بەڵام بەپێیی ئایین باڵغبوونی کچان و کوڕان لەرووی ئەقڵی و سۆزدارییەوە ١٨- ٢١ ساڵە، بۆیە وەك دکتۆرە زیبا پێشنیاری کردووە، گرنگە زانایانی ئایینی ئیسلام بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری باڵغبوونی ئەقڵی و سۆزداری بکەنە بنەما نەك تەمەنی باڵغبوونی جەستەیی، ئەمەش لەبەر ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری یان خێزان دروستکردن، هێندەی پێویستی بە باڵغبوونی ئەقڵی و سۆزدارییەوە هەیە، هێندە باڵغبوونی جەستەیی گرنگ نییە، ئەوەی خێزان دەپارێزێت و دروستی دەکات باڵغبوونی ئەقڵیە نەك باڵغبوونی جەستەیی.



## پرۆفیسۆر زیبا میر حوسەینی بۆ گوڵان:

# پێویستە زانایانی ئایینی ڕێگە لە بەشوودانی کچانی تەمەنی خوار ١٨ ساڵ بگرن و تەمەنی باڵغبوونی ئەقڵی بکەنە بنەما نەک باڵغبوونی جەستەیی

زیبا میر حوسەینی ئەنترۆپۆلۆژیکی ئێرانیەو تایبەتمەندە لە یاسای ئیسلامی و یەکسانی ڕەگەزی و پەرەپێدان و ئێستاش تۆژەری باڵایە لە سەنتەری(SOAS) لەزانکۆی لەندەن و خاوەنی چەندین کتێبە لەبواری یەکسانی ڕەگەزی و ئایین، بۆ قسەکردن لەسەر کەیسی کوشتنی ژنێکی ١٥ ساڵ لە کوردستان و دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر زیبا حوسەینی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** ئافرەتێکی پازدە ساڵ کوژراوە بە دەستی پیاوە تەمەن ٤٥ ساڵەکەی، کە ئەم ئافرەتە ژنی دووەمی ئەو پیاوە بووە، ئەم ئافرەتە لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا مارەکراوە لەلایەن مەلایەکەوە، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی یاسای هەرێمی کوردستان دەبێت ئافرەتەکە تەمەنی بگاتە هەژدە ساڵ، دەمانەوێت لەم بارەیەوە پرسیارتان لێبکەین کە هەرچەندە لە کوردستان کوشتنی ئافرەت وەك کوشتنی پیاو وایەو لە تاوانەکەدا هیچ جیاوازیەکی نییە، چونکە یاسای کوشتن لەسەر شەرەف نییە لای ئێمە، ئێستاش حکومەت و پەرلەمان زۆر نارەحەتن بەم مەسەلەیە، چۆن دەتوانین ئەم حاڵەتانە لە ریشەوە چارەسەر بکەین لە کوردستاندا؟**

- ئەمە پرسێکی زۆر زەحمەتە، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بەهای تەقلیدی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئافرەت و نەبوونی بژاردە لەبەردەم ئافرەتدا.

نەهێشتنی ئەم حاڵەتە پێویستی بەوە هەیە لەسەر چەند ئاستێك کار بکرێت، یەکێك لەو ئاستانە بریتییە لە لایەنی کەلتوری، واتە لایەنی کەلتوری و بەرزکردنەوی ئاستی هۆشیاری. بەڵام گرنگترین شت بریتییە لە هەلومەرجی ئابووری و یاسایی کە ئافرەت بتوانێت دەنگی هەبێت و بژاردەی خۆی هەبێت. جارێ هەر خودی مارەکردنی ئافرەتێکی ١٥ ساڵ لە پیاوێکی ٤٥ ساڵ هاوسەرگیریەکی نایاساییە، چونکە یاسا کەمترین تەمەنی بۆ مارەکردنی ئافرەت دیاری کردووە، هەروەها ئەمە دژی بنەماکانی ئایینە، چونکە بە گوێرەی ئایینی ئیسلام هاوسەرگیری ئەگەر رەزامەندی لەگەڵ نەبوو، هاوسەرگیریەکی دروست نییە و پوچەڵە.

*** بەڵام ئەمە هاوسەرگیریەکی بە زۆر نەبوو، بەڵکو لەلایەن مەلایەکەوە مارەکراوە، حکومەتی هەرێم و پەرلەمانیش رایانگەیاند کە چیتر نابێت مەلاکان کاری مارەیی ئەنجام بدەن و بەڵکو دەبێت لەلایەن دادگاکانەوە ئەنجام بدرێن، ئایا ئەمە هەنگاوێك نییە بۆ رێگرتن لە روودانی ئەو حاڵەتانە؟**

- ئەم حاڵەتە تەنیا لە کوردستاندا روونادات، بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی جیهانیشدا روودەدات. بەشێکی هۆکارەکە بۆ نەبوونی سەرچاوەی ئابووری دەگەڕێتەوە، بۆ هەژاری و نەبوونی بونیادێکی یاسایی بەهێز دەگەڕێتەوە. کەواتە چەندین هۆکار هەن بۆ ئەم حاڵەتە، یەکێك لە رێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی بریتییە لە بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك، و موناقەشەکردنی ئەم بابەتە لە رۆژنامەکاندا....

و هەروەها دەبێت بژاردەیەك بخرێتە بەردەست ئەو ئافرەتانەی بەو جۆرە هاوسەرگیریە رازی نابن. کەواتە ئەمە پێویست بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەتان دەکات، پێویست بە زیادکردنی رێژەی ئامادەیی ئافرەت و بەرفراوانکردنی مافەکانیان دەکات لە کۆمەڵگەدا، لەگەڵ بوونی بونیادێکی یاسایی بەهێز، هەروەها بە دڵنیاییەوە پەروەردەش بەشێکی بنەڕەتی ئەم پرۆسەیەیە.

*** زۆربەی ئەم کێشانە لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا بەدی دەکرێت، نەك لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند رێکخراوە جیهانیەکان مەرجیان لەسەر حکومەتەکانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان داناوە بۆ جێبەجێکردنی یەکسانی رەگەزی؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە بوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانیەو لە وڵاتە گەشەکردووەکانیشدا روودەدات، ئێوە مەسەلەکەتان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا سنووردار کرد، بەڵام پێشێلکاری دژی ئافرەتان و لێدانی ئافرەتان لەلایەن پیاوەکانیانەوە لە ئەمریکاو بەریتانیا و فەڕەنسا و لە هەموو شوێنێك روودەدات، ئەوەی ئێوە باسی دەکەن بریتییە لە رادده و ئاستی ئەم حاڵەتە و بوونی سیستمێکی یاسایی بۆ بەرگری لێکردنیان، تەنیا لە ساڵی ١٩٩٠ هەڵمەتی گەورە بۆ مافەکانی ئافرەتان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بووە مەسەلەیەکی گەورە، لە ساڵی ١٩٧٩دا رێککەوتنی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك لە دژی ئافرەتان کرا، کە هەر لەو ساڵەدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندکراو لە ساڵی ١٩٨٢دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم رێککەوتنە چوارچێوەیەکی یاسایی زۆر باشی دەستەبەرکرد بۆ یەکسانی ئافرەتان، ئەوەی گرنگە لەم رێککەوتنەدا ئەوەیە ئەو دەوڵەتەی دەبێتە ئەندام تێیدا ناچار دەبێت هەموو ئەو یاسای و نەریت و پراکتیکانە لاببات کە جیاکاری لە دژی ئافرەتان لە خۆدەگرن. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠دا بووە کە بزووتنەوەکانی ئافرەتان ئەم پرسەیان وروژاند- توندوتیژی دژی ئافرەتان-، جیاکاری کردنیان دژ بە ئافرەتان یەکسان کرد بە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بەو پێیە هەڵمەتەکانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان گەورە بوون و لەو نێوەندەشدا پرسی کوشتن لەسەر شەرەف هاتە بەرباس، ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامە، بەڵام بە رای من بوونی ئەم رێککەوتنە بەس نییە، ئەوەش بەس نییە لەلایەن حکومەتەکانەوە پەسەند بکرێت، بەڵکو پێویستە لەلایەن خەڵکەوە قبوڵ بکرێت، واتە مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی بچنە نێو کەلتور و داب و نەریتی هەموو وڵات

**یاسا رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ پاراستنی ئافرەتان و سزادانی ئەنجامدەرانی کوشتن لەسەر شەرەف، چونکە شتێکی لەم جۆرە بوونی نییە، کوشتن هەر کوشتنە و پێویستە وەک حاڵەتی کوشتنیش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

**گەشەی ئابووری و گەشەی سیاسی، بەبێ بەشداری ئافرەتان مومکین نابێت، کەواتە بوونی یەکسانی و بەشداری ئافرەتان لە ئابووری و لە سیاسەتدا، لە بەرژەوەندی وڵاتەکەدایە**

**ئێمە هاوسەرگیری منداڵان وەک کێشە باس دەکەین، هەندێ مەسەلەی دیکە باس دەکەین کە ناکرێت لە ڕووی ئایینی و نەریتی و مرۆڤایەتیەوە پاساویان بۆ بهێنرێتەوە، و کە دەبێت بە ناوی ئایین و مرۆڤایەتی و دادپەروەریەوە سەرزەنشت بکرێن و ڕەت بکرێنەوە**

**تا ئێستا حکومڕانی لە جیهاندا بەدەست پیاوەوەیە، زۆربەی سیاسییەکان، ئەگەر ئافرەتان دەرفەتی حکومڕانییان پێبدرێت ئەوا جیهان یان وڵاتەکەی بە شێوازێکی مرۆییانەتر بەڕێوە دەبات**

**توندوتیژی دژی ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانیەو لە وڵاتە گەشەکردووەکانیشدا ڕوودەدات، ئێوە مەسەلەکەتان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا سنووردار کرد، بەڵام پێشێلکاری دژی ئافرەتان و لێدانی ئافرەتان لەلایەن پیاوەکانیانەوە لە ئەمریکاو بەریتانیا و فەرەنسا و لە هەموو شوێنێک ڕوودەدات**

و کۆمەڵگەیەکەوە، لێرەدا کاری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و مافی مرۆڤ دێتە پێشەوە. لێرەدا ڕۆڵی گرنگی پەروەردە دەردەکەوێت کە ئەم بیرۆکەیە بکرێتە بەشێك لە کەلتور و بەشێك لە هەست و نەریتی خەڵك، بۆ ئەمە پێویستمان بە سیستمێکی دیموکراتی هەیە کە بوار بە بەشداری ئافرەتان و گرووپە پەراوێزخراوەکانی دیکە بدات، ئەمەش پرۆسەیەکی دووروودرێژە کە پێویستە دەست پێبکرێت.

*** ئایا پرسی کوشتنی ئافرەت لەسەر شەرەف ریشەیەکی مێژوویی هەیە، ئایا ئەو ریشە مێژووییە دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

- ئەمە چەمکێکی کۆنە، کە ئەمە لە ڕۆژئاوادا بە «passion killing» ناسرابوو، کە بریتییە لەوەی ئەگەر پیاوێك ئافرەتەکەی خۆی بینی لەسەر جێگا لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا، ئەگەر کوشتی ئەوا سزایەکی سووکتر دەدرێت، بەڵام هەمووی ئەمە پەیوەستە بەو بیرۆکەیەی کە ئافرەت موڵکی پیاوە، لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا ئافرەتان وەك مرۆڤ سەیر ناکرێن، بەڵکو وەك موڵکێك سەیر دەکرێن، لەبەرئەوە پیاو دەتوانێت بیکوژێت، کەواتە پێویستە نرخ بۆ ئافرەت بگەڕێنینەوە وەك مرۆڤ، ئەمە بیرۆکەیەکی کۆنەو پەیوەستە بە پیاوسالاری و بە کۆنترۆڵکردنی ئافرەتەوە، بەڵام ئێستا ئێمە لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین، ئەگەرچی پیاوسالاری بوونی هەیە، بەڵام چیتر قابیلی قبوڵ نییە، پێویستە کۆمەڵگە هەنگاو بە هەنگاو خۆی لێ دەرباز بکات. یاسا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ پاراستنی ئافرەتان و سزادانی ئەنجامدەرانی کوشتن لەسەر شەرەف، چونکە شتێکی لەم جۆرە بوونی نییە، کوشتن هەر کوشتنەو پێویستە وەك حاڵەتی کوشتنیش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

*** زۆر لە سیاسەتمەدار و یاسادانەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە دەبێت تەمەنی کچ بۆ هاوسەرگیری لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت، بەڵام وێڕای ئەوەی ئەمە دەکرێتە یاسا، بەڵام هەر پێشێل دەکرێت، ئایا میکانیزم و شێوازی دیکە چییە بگیرێتە بەر؟**

- تا رادەیەکی گەورە، دەبێت ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوە ئایینیەکە دەربهێنرێت، چونکە بەپێی تێگەیشتنی باوی شەریعەتی ئیسلامی، ئافرەت ئەو کاتە دەتوانێت هاوسەرگیری بکات ئەگەرهاتوو گەیشتە تەمەنی باڵقبوون(بلوغ)، بە هەمان شێوە ئەمە بۆ پیاویش راستە، بەپێی رای زۆرینە کوران لە تەمەنی ١٥ ساڵی و کچانیش لە تەمەنی ١٣ دەگەنە تەمەنی باڵقبوون، بەپێی مەزهەبی شیعی تەقلیدی کچ لە تەمەنی نۆ ساڵیدا باڵق دەبێت، بەڵام ئەمە باڵقبوون و پێگەیشتنی جەستەییە، چونکە ئێمە لە ئیسلامدا چەمکی «الرشد»مان هەیە، کە بە مانای باڵقبوون و پێگەیشتنی سۆزداری و عەقڵییە، کە ئەمە لە تەمەنی ١٨ و ٢١ ساڵیدا، واتە لە نێوان ئەو دوو تەمەندا دێتەئاراوە. لەبەرئەوە گرنگە دووبارە بیر لە چەمکە ئیسلامیەکان بکەینەوە، بەوەی چیتر هاوسەرگیری ئافرەتێك- تەنیا بەهۆی ئەوەی گەیشتۆتە تەمەنی باڵقبوون- هاوسەرگیریەکی یاسایی و دروست و شەرعی نییە، چونکە ئەوەی لە ئێستادا گرنگە گەیشتنە بە پێگەیشتنی سۆزداری و عەقڵی، بە راستی ئەمە پێویستە، بەڵام ئەمە بە رادەیەکی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ چینی کۆمەڵایەتی و بۆ ئاستی پەروەردە، لە زۆرێك لە خێزانەکاندا حەز دەکەن ئافرەتەکانیان لە تەمەنی ١٢ و ١٣ و ١٤دا بە شوو بدەن، چونکە کێشەی ئابووریان هەیە. یەکێك لە ڕێگاکان بۆ ئەوەی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بیگرێتەبەر، کە پرۆژەیەکیان هەبێت و پاڵنەری دارایی بۆ خێزانەکان دابین بکەن بۆ ئەوەی کچەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە، واتە هاوکاریەکیان بکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کچەکانیان دەنێرن بۆ قوتابخانە، ئەمە ڕێگایەکە بۆ تواناداركردنی ئافرەتان و دواخستنی هاوسەرگیری. کەواتە لێرەدا مەسەلەکە هەر تەنیا یاسا نییە، بەڵکو دەبێت پرۆژەیەکی هەبێت و پاڵنەری دارایی بۆ خێزانەکان دابین بکەن بۆ ئەوەی بە بەردەوامی کچەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بن، کەواتە هەر کاتێك لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بوون و هەر کاتێك دەرفەتی پەروەردەیان بۆ رەخسێنرا، ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت کە هاوسەرگیریان بەسەردا بسەپێنرێت.

*** لە سەدەی بیست و یەکدا ئەو تەحەددیاتانەی ڕووبەڕووی دەبینەوە بۆ پیاوان و ئافرەتانیش وەك یەك وان، ئەگەر ئافرەتانیش شان بە شانی پیاو بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیاتەکاندا نەکەن، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك پرۆسەی ئاشتی دەخاتە مەترسییەوە، دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی؟**

- چەندەها توێژینەوە هەیە لەسەر ئەوەی کە گەشەی ئابووری و گەشەی سیاسی، بە بێ بەشداری ئافرەتان مومکین نابێت، کەواتە بوونی یەکسانی و بەشداری ئافرەتان لە ئابووری و لە سیاسەتدا، لە بەرژەوەندی وڵاتەکەدایە، ئەمەش بەشێکی بنەڕەتیە لەم مەسەلەیە. بە داخەوە، تا ئێستا حکومڕانی لە جیهاندا بەدەست پیاوەوەیە، زۆربەی سیاسیەکان، ئەگەر ئافرەتان دەرفەتی حکومڕانیان پێبدرێت ئەوا جیهان یان وڵاتەکەی بە شێوازێکی مرۆییانەتر بەڕێوە دەبات، کەواتە ئەمە توخمێکی بنەڕەتییە، ئەمە خەباتێکی دووروودرێژە، ئەگەر ئێمە بەراوردی دۆخی ئێستا بکەین بە دۆخی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست ئەوا ڕێگایەکی دووروودرێژمان بڕیوە، هەرچەند هێشتا ڕێگای درێژمان لە پێشە، بەڵام بەرەوپێشچوون ڕوویداوە، خودی ئەو راستیەی کە ئێستا ئێمە قسە لەبارەی ئەم کێشەیەوە دەکەین، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرەوپێشچوونە، ئەو راستیەی کە ئێمە هاوسەرگیری منداڵان وەك کێشە باس دەکەین، هەندێ مەسەلەی دیکە باس دەکەین کە ناکرێت لە ڕووی ئایینی و نەریتی و مرۆڤایەتیەوە پاساویان بۆ بهێنرێتەوە، و کە دەبێت بە ناوی ئایین و مرۆڤایەتی و دادپەروەریەوە سەرزەنشت بکرێن و ڕەت بکرێنەوە، ئەگەر ئەمەمان کرد، ئەوا مانای وایە شتەکان گۆڕاون. بەڵام ئەمە کاتێکی زۆر دەوێت.



## د.سوهەیلە وەحدەتی بۆ گوڵان:

# جگە لە بکوژەکەی دونیا پێویستە دایک و باوکی و مەلاکەش سزا بدرێن

د. سوهەیلە وەحدەتی پەنا ئەکادیمیست و تۆژەر و نووسەرە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی ژنان و منداڵانی ئێرانی و خاوەنی وێبسایتی چەرخی بەردین (Stone age)، بۆ قسەکردن لەسەر کوشتنی ژنێکی ١٥ ساڵ لەهەرێمی کوردستان، چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە نامۆیە، د.سوهەیلە وەحدەتی لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا بەمجۆرە بۆچوونەکانی خستەڕوو.

**پێویستە ئەو بیرۆکەیە بگۆڕێت کە پێیوایە پێویستە تاوانی نێوماڵەکان وەک کێشەو پرسێکی شەخسی بمێنێتەوە، هەر ئەمەش دەقاودەق هۆکاری ئەوە بوو کە فێمینیستەکان دروشمی لەم چەشنەیان بەرز دەکردەوە «ئەوەی تایبەتیە، سیاسیشە» یاخود «ئەوەی شەخسیە، سیاسیشە»**

*** ئایـــا ئێوە وەك فیمینســـتێك بۆچوونتان چییە لە بارەی کوشتنی کچێکی ١٥ ساڵەوە، پێویستە حکومەت و پەرلەمان چی بکەن بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتێکی وەها؟**

- ئەمە ڕووداوێکی تراژیدیە کە پەیوەســـتە بە توندوتیژی خێزانییەوە. پانزە ســـاڵ پێش ئێســـتا، منداڵێك لە دایك بوو و ناویـــان لێنا دونیا، ڕەنگە لەبەر ئەوە ناویان نابێت چونکە دونیـــا بووە بۆ دایك و باوکی، یان لەبەر ئەوە بێت کە دایك و باوکی ویستبێتیان باشـــترین دونیای بۆ فەراهەم بکەن. ئێستا ئەو لە تەمەنی ١٥ ســـاڵیدایەو لەلایەن مێردەکەیەوە کوژراوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو کەسێکی دووگیان بووە.

چەند یاسایەك هەن کە منداڵان لە توندوتیژی دەپارێزن، بە چەشنی ئەوەی یاسا هەیە دژ بە هاوسەرگیری منداڵانە. هەر جۆرە توندوتیژیەك ڕەت دەکرێتەوەو سەرزەنشت دەکرێت و یاساکانیش دژی توندوتیژین. بەڵام دەبێت یاسای توندتر هەبن بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان، چونکە منداڵان پتر دەکەونە بەر زەبری توندوتیژی لەلایەن گەورەکانەوە.

پێویســـتە پەرلەمان یاســـایەك دەربکات بـــۆ ڕێگەگرتن و قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزانی. پێویستە بودجە بۆ بواری پەروەردە تەرخان بکات بۆ ڕێگرتن لەم حاڵەتە، پێویســـتە ئەم یاسایە لە ڕێی ســـزادانی سەرپێچیکارانەوە جێبەجێ بکات. هەروەها دەبێت شـــەڵتەر هەبێت بۆ ئەو ئافرەتانەی ترسیان لە پێشێلکاری و توندوتیژی خێزانی هەیە. پێویستە هاوکاری ئەم ئافرەتانە بکرێت بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابووریەوە سەربەخۆبن. پێویســـتە یاســـا توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و منداڵان وەك تاوان بناسێنێت، پێویستە سەرجەم ئەنجامدەرانی توندوتیژی سزا بدرێن. لەم حاڵەتەدا، جگە لە ئەنجامدەرانی توندوتیژی پێویستە ســـەرجەم ئەو کەســـانەش دادگایی بکرێن و سزا بدرێن کە کارئاســـانییان کردووە بۆ هاوسەگیری نایاسایی منداڵێـــك. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە بـــە دڵنیاییەوە مێردی ئەو کچە بکوژە. لەگەڵ ئەوەشـــدا، پێویستە ئەو مەلایەش دادگایـــی بکرێت کە هەســـتاوە بە کاری مـــارە بڕین و هاوســـەرگیریەکەی پێکهێناوە. لە هەمان کاتدا، ئەو دایك و باوکەی ئێســـتا تەعزێبارن بۆ منداڵەکەیان، ئەوانیش بە هەمان شێوە بەرپرسیارییان دەکەوێتە ئەستۆ.

چونکە تەنانەت ئەگەر ئەمە هاوســـەرگیریەکیش نەبێت کە پێشـــوەخت ئەوان ڕێکیان خســـتبێت و تەنانەت ئەگەر ئەو کچەش خۆی ویســـتبێتی ئەو هاوسەرگیریە بکات، ئەوا پێویســـت بوو- ئـــەو دایك و باوکـــە- منداڵەکەی خۆیان بپارێزن و ڕێگە نەدەن ئەو هاوسەرگیریە ڕووبدات. ئایـــا لەبەرامبەر پێدانی کچەکەیان بـــەو پیاوە هیچ بڕە پارەیەکیـــان وەرگرتووە؟ بەڵام تەنانەت ئەگەر پارەشـــیان وەرنەگرتبێـــت، چۆن دەتوانن بانگەشـــەی ئەوە بکەن کە کچە چواردە ساڵەکەیان خۆی «ڕازی» بووە، بۆ ئەوەی ببێتە هاوســـەری دووەمی پیاوێك کە سی ساڵ لە خۆی گەورەترە؟ چۆن دەتوانن ئەم کارە بکەن و ئەم بەرپرسیارێتیە لەسەر شانی خۆیان لابدەن؟

**پاراستنی مافەکانی منداڵان و ئافرەتان بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی حکومەتە. پێویستە یاسادانەران یاسای پێویست دەربکەن، پێویستە حکومەتیش ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی منداڵان و ئافرەتان لە هەر جۆرە توندوتیژیەک بپارێزێت**

*** هێشـــتا لە زۆربەی وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئافرەتان بە چاوی مرۆڤەوە لێیان ناڕوانرێت، پیاوان دەسەڵاتیان هەیە بەسەر ئافرەتانەوەو ئەمەش وایان لێدەکات کە ببنە ئامێرێك بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان، ئایا چارەنووسی ئەو کۆمەڵگەیە چی دەبێت کە ڕێگری دەکات لە بیرکردنەوەی ئافرەتان؟**

- مـــن هاوڕام لەگەڵتاندا کـــە داب و نەریت وا بووە کە بە بەراورد بە پیاوان ئافرەتان مافی یەکسانیان نەبووە. تەنانەت ئافرەتان وەك موڵکی پیاوەکان، موڵکی باوکیان سەیر کراون. پیاوان هەســـتیان بە ئازادی کردووەو چۆنیان ویستووە ئاوا مامەڵەیـــان لەگەڵ ئافرەتان و منداڵاندا کردووەو کەســـیش نەبووە لەم ڕووەوە پرســـیاریان لێبکات. ئێســـتا دەبێت ئەمە بگۆڕدرێت. حکومەت بەرپرســـیارە لە پاراستنی مافەکانی ســـەرجەم هاووڵاتیاندا، بە تایبەتـــی مافی منداڵان، لەبەر ئەوەی منداڵان توێژێکن پێویستیان بە زۆرترین پارێزگاری و پاراستن هەیە.

پێویســـتە حکومەت دەزگای تایبەتـــی هەبێت بۆ ئەوەی بایەخ بە چارەســـەرکردنی حاڵەتەکانـــی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و منداڵان بدات. پێویســـتە حکومەت هەڵبســـتێت بە هۆشـــیارکردنەوەی ئەو کەسانەی یاسا دەسەپێنن، بەوەی هۆشـــیاریان بکەنەوە بەوەی زۆر هەستیار بن لە ئاست ئەم کێشـــەیەدا و بە پەلە بچن بەدەم کەیســـەکانی توندوتیژی خێزانیەوە. بەڵام چـــۆن ئەم دەزگایانە ئاگادار بن لە بارەی ئەم کەیسی توندوتیژیانەوە؟

ئەمەیە کـــە وا دەکات بایەخدان بە پەروەردە زۆر پێویســـت بێت. پێویستە ئافرەتان و منداڵان هۆشیار بکرێنەوە لەبارەی توندوتیژیـــەوەو هۆشـــیار بکرێنەوە بـــە مافەکانی خۆیان. هۆشـــیار بن بە کەرامەتی خۆیان بـــە مافە جێندەریەکانی خۆیان و... تاد. پێویســـتە ئەم پرۆســـەیەش لە قوتابخانە ســـەرەتاییەکانەوەو دەســـت پێ بکات و لە سۆشیال میدیاو دەزگا گشـــتیەکانیدا دووپات بکرێتەوەو باسی لێوە بکرێت، بۆ ئەوەی کاتێك هەســـتیان کرد هەڕەشەیان لەسەرە، یاخود پێشـــێلکارییان بەرامبەر دەکرێت، ئەوا دەتوانن سکاڵا بەرنە لای دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی یاسا بۆ ئەوەی سەلامەت و پارێزراو بن.

ئەوە تەنیا بەرپرســـیارێتی قوربانیەکە نییە کە سکاڵا دژی توندوتیژیەکە بکات. ئەو مامۆســـتایەی دەبینێت منداڵێك ئاســـەواری لێدانی پێوە دیارە، ئەو پزیشکەی کە ئافرەتێکی برینـــدار دەبینێت، ئەو دراوســـێیەی کـــە گوێی لە دەنگی هاوارێك دەبێت لە ماڵەکەی دراوســـێیەوە، پێویستە هەموو ئەمانە دەســـەڵاتەکان لەم توندوتیژیانە ئـــاگادار بکەنەوە. پێویســـتە پەروەردەیەکـــی گونجـــاو بۆ خەڵکـــی فەراهەم بکرێـــت لەبارەی توندوتیژیەوە، بۆ ئەوەی بە ئاســـوودەییەوە دەســـەڵاتەکان لە کەیسەکانی توندوتیژی ئاگادار بکەنەوە و یارمەتی قوربانیـــەکان بدەن، واتە بتوانن ئەم کارە بکەن بێ ئەوەی هەست بکەن کە ئەوان دەستێوەردان لە ژیانی تایبەتی خێزانی کەسانی دیکە دەکەن.

بــە داخەوە، هێشــتا زۆرینەی خەڵك لایەنــە جیاوازەکانی توندوتیژی نابینن، چونکە ئەوان ئەوەندە توندوتیژیان بینیوە ئیتر راهاتوون لەگەڵیدا. کاتێك دەبیستن پیاوێك لە ژنەکەی خۆی داوە، یەکەم پرسیار کە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا لەم بارەیەوە دەکرێت ئەوەیــە کە «بۆچی ئەم کارە دەکات؟ ئایــا ژنەکەی چی کردووە؟» لە راســتیدا نابێت ئەم جۆرە پرســیارانە بکرێن! چونکە ئافرەتەکە هەرچیەکی کردبێت، ئەوا پیاوەکەی بۆی نییە لێی بدات.

*** هەندێ لە شــارەزایان دەڵێن تاوەکو ئافرەتان بە تەواوەتی یەکســان نەبن لەگەڵ پیاواندا و تاوەکو بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەدا نەکەن، ئەوا توندوتیژی دژی ئافرەتان سنووردار ناکرێت، کەواتە پێویســتە ئافرەتان بەشــداری لە پرۆســە سیاســییەکەو لە پرۆسەی بڕیارداندا بکەن، بەڵام بە زۆری ئەم کێشانە لە وڵاتە تازەگەشــەکردووەکاندا بەدی دەکرێت، نەك لە وڵاتە گەشــەکردووەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند ڕێکخراوە جیهانیەکان مەرجیان لەسەر حکومەتەکانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان داناوە بۆ جێبەجێکردنی یەکسانی جێندەری؟**

- ئەوە راســتە کە جیاکاری و توندوتیژی دوو رووی هەمان دراون. بەڵام ئێمە ناتوانین دەســتەو ئەژنۆ دانیشین و هیچ شــتێك نەکەین بۆ راگرتنی توندوتیــژی دژ بە ئافرەتان و چاوەڕێ بکەین کە ئافرەتان پێگەیەکی یەکســانیان هەبێت لەگەڵ پیاوان، ئینجا ئەم کارە بکرێت.

جاڕنامــەی نەهێشــتنی توندوتیــژی دژ بــە ئافرەتان بەڵگەنامەیەکــی زۆر گرنگــە کــە لەلایــەن نەتــەوە یەکگرتووەکانەوە دەرکراوە کە پێناســەی جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی دەکات، بەرپرســیارێتیەکانی حکومەت دیاری دەکات بۆ نەهێشــتنیان. لەبەر ئەوەی جیاکاری توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، ئەوا هانی حکومەتەکان دەدات کە ڕێککەوتنی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکاریەك دژی ئافرەتان، تەبەنی بکەن.

ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەتوانن رۆڵێکی زۆر گرنگ ببینن، لە پشتیوانی کردن، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك، یارمەتیدانی قوربانیەکان و هاوکاری کردنی حکومەتەکان لە رووی پەروەردەوە. بەڵام هیچ ڕێکخراوێك ناتوانێت حکومەتێك ناچار بکات لــەم رووەوە کردارێك ئەنجام بدات. ئەوان تەنیا دەتوانن پشتیوانی بکەن و هانی حکومەتەکان بدەن.

هەروەها راگەیاندنیش دەتوانێــت رۆڵێکی گرنگ ببینێت. کاتێك کەیسی کوشتنی دونیا بڵاوکرایەوە، خەڵکی هەستیان بە تووڕەیــی کرد دژ بە حکومەت، لەبەر ئەوەی هەنگاوی هەڵنەگرتــووە بۆ پاراســتنی ژیانی ئــەو ئافرەتە. کەواتە سوپاس بۆ ئێوە کە روماڵی ئەم پرسە دەکەن.

*** لە هەندێ کۆمەڵگەدا کوشتنی ئافرەت وەك کوشتنێکی ئاسایی ســەیر ناکرێت، بەڵکو پێی دەوترێت کوشتن لەسەر شــەرەف، پرســیارەکە ئەوەیە چۆن کوشــتنی ئافرەتان بە کوشتنی مرۆڤێك لێك نادرێتەوە؟**

- پێموایە کەیســی توندوتیژی خێزانی وەك کەیســێکی: تایبەت «یان شەخســی» لێك دەدرێتەوە، یان وەك پرسێکی خێزانی ســەیر دەکرێت. واتە بە کێشــەیەکی کۆمەڵایەتی دانانرێت. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، منداڵان و ئافرەتان هەردووکیان وەك موڵکی پیاوان ســەیر دەکرێن. لەبەر ئەوە دەتوانێــت لێیان بــدات و تەنانەت بیانکوژێت و کەســیش دەستێوەردان ناکات لەم مەسەلەیەدا لەبەر ئەوەی بە پرسێکی «تایبەت»ی دەزانن. بۆ نموونە، لە کەیسی دونیادا، رەنگە ئەو کەسەی هەڵساوە بە کوشتنی دونیا رەنگە هەوڵی دابێت لەگەڵ دایك و باوکی دونیادا ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، بەوەی لە بەرامبەر خوێنی دونیادا بڕە پارەیەکیان بداتێ.

بــەڵام دونیاش مرۆڤ بوو، موڵــك وماڵی دایك و باوکی نەبوو. هەروەها موڵکی پیاوەکەشی نەبوو.

پێویســتە ئەو بیرۆکەیە بگۆڕێت کە پێیوایە پێویستە تاوانی نێو ماڵەکان وەك کێشــەو پرسێکی شەخسی بمێنێتەوە، هەر ئەمــەش دەقاودەق هــۆکاری ئەوە بوو کە فێمینیســتەکان دروشمی لەم چەشــنەیان بەرز دەکردەوە «ئەوەی تایبەتیە، سیاسیشــە» یاخود «ئەوەی شەخســیە، سیاسیشــە». خۆشــگوزەرانی ئافرەتان و پیاوان مەسەلەیەکی تایبەت بە خێزان نییە، بەڵکو ئەمە پرســێکی کۆمەڵایەتیە. هەروەها ئەمە مەسەلەیەکی سیاسیشە. پاراستنی مافەکانی منداڵان و ئافرەتان بەرپرســیارێتی راستەوخۆی حکومەتە. پێویستە یاسادانەران یاسای پێویست دەربکەن، پێویستە حکومەتیش ئەو یاســایانە جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی منداڵان و ئافرەتان لە هەر جۆرە توندوتیژیەك بپارێزێت.

*** هاوسەرگیری ناچاری لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵیەوەو لە تەمەنەکانی چواردەو پازدە ســاڵییەوە حاڵەتێکی دیکەیە کــە ئەگەرچی لە رووی یاســاییەوە ڕێگەپێنەدراون، بەڵام لــە دەرەوەی دادگاکان ئەم کارە دەکرێت مەلایەك ئەنجامی دەدات، ئایــا تا چ رادەیەك ئەمــە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی؟**

- هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە لە سایەی ئاشتیدا ژیان بەسەر بەرێت. ئەمە مافێکی بنەڕەتیە لە مافەکانی مرۆڤ. ئەوەی جێی ســەرنجە ئەوەیە کە خەڵکی بە ئاسانی دەتوانن بەرپابوونی شەڕ ببینن کاتێك باڵەخانەکان دەڕووخێن و کاتێك مرۆڤەکان لەسەر دەستی دوژمنەکان و لە شەڕدا دەکوژرێن، بەڵام هیچ کەســێك کوشتنی ئافرەتێك لە ماڵەکەی خۆیدا نابینێت، کە رووخانی هیــچ باڵەخانەیەکی تێدا روونادات. ئافرەتان لەلایەن دوژمنەکانەوە ناکوژرێن، بەڵکو لەلایەن ئەو کەسانەوە دەکوژرێن کە خۆشیان دەوێن و متمانەیان پێدەکەن و بڕیــارە بیانپارێزن، بە داخەوە ئەوان بە زۆری بە بێدەنگی دەکوژرێن.

بۆ ئەوەی ئاشتی بێتەئاراوە، پێویستە کۆتایی بە توندتیژی دژی ئافرەتــان بهێنرێت. کاتی ئەوە هاتــووە دەنگ بەرز بکرێتەوەو داوای ئەوە لــە پەرلەمان و حکومەتەکان بکرێت کە کارێك بکەن لەم رووەوە.

**تەنیا بەرپرسیارێتی قوربانیەکە نییە کە سکاڵا دژی توندوتیژیەکە بکات. ئەو مامۆستایەی دەبینێت منداڵێک ئاسەواری لێدانی پێوە دیارە، ئەو پزیشکەی کە ئافرەتێکی بریندار دەبینێت، ئەو دراوسێیەی کە گوێ لە دەنگی هاوارێک دەبێت لە ماڵەکەی دراوسێیەوە، پێویستە هەموو ئەمانە دەسەڵاتەکان لەم توندوتیژیانە ئاگادار بکەنەوە**

**جاڕنامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەڵگەنامەیەکی زۆر گرنگە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرکراوە کە پێناسەی جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی دەکات، بەرپرسیارێتیەکانی حکومەت دیاری دەکات بۆ نەهێشتنیان**